ئەو مرۆڤانەی دەگمەنن

زنجیرەی (دوو)

نووسینی

ئازاد پێنجوێنی

پێناسەی کتێب

ناوی کتێب	ئەو مرۆڤانەی دەگمەنن
نووسینی	ئازاد پێنجوێنی
بابەت	ئەدەبی
تایپ و دیزاینی ناوەوە	عادل بەهادین ولیانی
دیزاینی بەرگ	کۆمپیوتەری عادل
ژمارەی پەڕە	٢٤٠
تیراژ	٥٠٠ دانە
نۆبەی چاپ	چاپی یەکەم
چاپخانە	چوارچرا

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی () ی

ساڵی (٢٠٢١) ی پێدراوە.

نرخ (٥٠٠٠)

پێشەکی

کتێبی (ئەو مرۆڤانەی دەگمەنن) لە دیدی منەوە

حەمە عەلی خان

٢٠٢١/٧/٢٣

زۆر کەس لە پەناکانی ژیانەوە بە ماندووبوونێکی زۆرەوە دەگەنە وێستگەیەك لە وێستگەکانی ژیان، زۆریش هەن لەو وێستگەیە دەوەستن‌و یان پێیان نامێنێت یان شەکەت دەبن، هەشیانە بەداهێنانێکی گەورەو جوانەوە وەك چۆن (کیتس و ئارسەر ڕامبۆ) لە تەمەنێکی پەپولە ئاسا جوانەمەرگ دەبن، بەڵام تا دواوێستگەکانی ژیان بەردەوام دەبن‌و دەگەنە لوتکە.

لەپەناو کوچەکانی پێنجوێنەوە گەنجێك بە ئەوپەڕی جوانی‌و خۆشەویستییەوە کڕنووش بۆ هونەرو ئەدەب دەباتو هونەرمەندان‌و نووسەران بەسەردەکاتەوەو شەونخونی دەکێشێت، بەردەوام لەتێڕامانداییە تا ئەوەی دەگمەنەکان بنووسێتەوە، لەڕوانگەی هزرو ئەندێشەی فروانی سۆراغی ئەوانەدەکات کە دوای خۆیان شتێك بۆ مرۆڤایەتی بەجێدەهێڵن، ئازاد پێنجوێنیش بەئاوێتەی خەیاڵ‌و هەناسەکانی لەدڵی خۆیی‌و پەرتووکەکەیدا دەیەوێت ئەم دەگمەنانە بەنەمری بۆمێژوو بهێڵێتەوە، بەڵام هەمیشە لەناو کلتوری ئێمەدا یەکتر شکاندان بەردەوامەو دەکەونە توانج‌و تەشەرە لێدانی یەکتری، ئاخر زۆر کەسمان هەن بێئەوەی خۆیان هیچیان پێ بێت، دەکەونە شکاندن‌و

سەرەکۆنەکردنو سوکایەتی پێکردنی یەکتریو کاری یەکترییان پێ هەزم ناکرێت، بەڵام هیچ لە ڕەوڕەوەی مێژوو ناگۆڕێت، تەنیا سەرکەوتن بۆ ماندوونەناسەکانەو فەرامۆشیش بۆ ئەوان، بەڵام کە دەبینین ئەم نووسەرە جیاواز لەو کەلتورو لەو فەوزایە دێت بەڕۆح ئاوێتەی جوانییەکانی ئەدەبو هونەر دەبێتو هەر ئەو جوانیەشە کە بووەتە هۆکار بۆ ئەوەی ئازاد پێنجوێنی هەموو هونەرمەندوو نووسەران بەسەربکاتەوەو لەسەریان هەڵوێستە وەرگرێت، دەکرێت زۆرجار هەڵەش بکات، بەڵام پاداشتی نووسینەکەی دەبێت دەستخۆشیکردن بێت لێیو بۆ مێژوو لەیاد نەکرێت.

ئەگەر ئەم کتێبە هیلاکیو ماندووبوونی تێدا نەبێت بۆ ئەم هەموو کەسە جوانانە بەسەردەکاتەوەو دەیانخاتەوە بەرچاومان، بێئەوەی پرسیار لە یەکێکیان بکات لەسەر ئەرکو ماندووبوونی خۆشی، کەواتە ئەمە سەرەتایە بۆ خۆ دروستکردن، کێ بێ بناغە دروست دەبێت؟ بناغەی گاندی بەگژاچوونەوەی توندووتیژییە هەرچەندە ژیانیشی لەسەر دانا، بەڵام ئەو هەر بەلێبوردنو ئاشتیو جوانییەوە لەژیان تێگەیشت، مەسیحی مەزن لەپێناو ئازارەکانی مرۆڤدا خۆی بەختکرد، هیچ کەس وەك دۆستۆفسکی باسی دەروونی مرۆڤی نەکردووە، لەیادی پۆشکینی گەورە شاعیری ڕووس شارەوانی پارەی ئوتێلەکەی بۆ دابیندەکەن، چاپلن پارچەیەك گۆشتی دەویست بۆ دایکە نەخۆشەکەی، کە لەسەر جێگا کەوتبوو، بەڵام دواجار بووە سمبولی سینەما، ئاخر ئەوە سەرەتای پڕ

ئازارو مەینەتی هەموو ئەو مرۆڤە گەورانەبوون کە ناوم هێناون دواجار بوونە گەورەو بەخشندەترین کەسایەتی، دەبێت بۆ سەرکەوتن‌و مەزنی، هیچ کەس نەڵێت من بۆ هیچ هاتوومەتە دنیاوە، هەموو مرۆڤێك دەتوانێت تواناکانی خۆی بسەلمێنێت، جێگە پەنجەیەك لە ژیانیدا بەجێبهێڵێت.

ئەم کتێبە مایەی دڵسۆزی‌و ماندووبوونی گەنجێکی ئازایە، چەند وەختە ڕێز لە هونەرمەندان دەگرێت، دەیانخاتەوە بەرچاوی بینەران‌و ڕۆژنامەکان، بۆ دەبێت ئەزیەتی بدەن‌و بڵێن ئەمە کاری تۆ نییە، کوڕی سەرتاشێك یان ئاسنگەرێك یان شوانێك یان نانەوایەك یان کوڕی مزگەرێك ڕۆژێك لەڕۆژان دەبنە سەرکردیەك یان هونەرمەندێك یان موزیسیان‌و شێوەکارێك، لەهەرشوێنێك بێت لە کفری، لە کەلار، ڕانییە، یان هەڵەبجە، من ئەگەر گۆرانی (دادێ لانکێ بهەژێنە بهەژێنە لۆی .... کوڕی ساڤا بیخەڤێنە بیخەڤێنە لۆی...) نەبێت ئەیاز زاخۆیی چۆن بناسم! ؟ ئەیاز بە هونەرەکەی خۆی خستە دڵی هەمووانەوە.

من (ئازاد)م بۆیە خۆش دەوێت، هەرچەندە زۆرجار ڕەخنەشی لێدەگرم کۆڵ نادات‌و هەر لە هەوڵداندایە، بێگومان ئەو باوەڕ بەخۆبوونە مرۆڤ دروست دەکات، ئاخر ئەوە باوەڕە خوێندنەوەو هۆشیاری سنووری ئەدیب‌و هونەرمەندان‌و هەموو ئەو کەسانە دیاری دەکەن کە ماندوو دەبن، زمان فێردەبن، کەلتوری گەلان دەخوێننەوە، نووسەرانی وەك (یۆنسکۆو ئادامۆف‌و ئارەباڵ‌و بیکیت‌و کامۆو سارتەر) لەئازارو کوشتنی گەنجەکان

لە جەنگی جیهانی دووەمەوە دەرکەوتن، ئەگەر ئەوان باوەڕیان بەهیچ بوایە، نەیاندەنووسی، ئەوان باوەڕیان وابوو دەبێت مرۆڤ بەخۆیا بچێتەوە، تا بەرەنگاری پووچی ژیان ببێتەوەو مانایەکی پێ ببەخشێت.

(ئەرنست هامنگوای) لە ڕۆمانی (جارێکی تریش ڕۆژ هەڵدێتەوە .. ئەگەر بڕۆین ئەگەر بمێنین)، باس لە نەمریو خۆری هەمیشەیی مرۆڤەکان دەکات، بۆیە هەمیشە ئەوانەی بەڕۆح خزمەتی ئەدەب و هونەر دەکەن هەمیشە ڕۆژیان بەرەو هەڵاتنەو نەمرن، دیارە ئەم کتێبەش وەك خۆشەویستی ئازاد پێنجوێنی بۆ هەموومان دەمێنێتەوە، لێگەڕێن با بەردەوام بێت لە نووسینەوەی دەگمەنەکان، لێگەڕێن با ناخی پڕی هەڵڕێژێتو بیکاتە نووسینێکی دەگمەن بۆ ئەوانەی تینوی دەگمەنەکانن، با بنووسێتو هەڵەش بکات، چونکە مرۆڤایەتی کتێبو وێنەیە، هەر ئەوەش جوانیو بەهاکانی مرۆڤ دەپارێزێت، دەستخۆشی لێدەکەمو پیرۆزە تا دوایین ویستگەی دەگمەن بوون بەردەوامبەو کۆڵمەدە.

(کۆتایی)

بەرایی..

دەزانن بۆچی کەناسەکان هەمیشە دڵیان تەنگە؟ ئاخر ئەوان هەموو ڕۆژێك شەقامەکان پاکدەکەنەوەو ئێوە دەچن پیسی دەکەنەوە. ئەی ئەوە دەزانن بۆچی ئەوان هەمیشە لەناخیاندا ئاسوودەن ؟ لەبەرئەوەی لەدیدی سروشتدا سەریان بڵندەو لە لوتکەدان. ئاخر منیش چەشنی ئەو کەناسە بەڕێزانە دڵم هەمیشە تەنگە، من دەنووسمو ئێوە دەچن دەیسڕنەوە، من هەنگاوی بوێرانە دەنێم، کەچی ئێوە دەتانەوێت ڕامگرن، من هەوڵی خۆم دەدەم ببمە خزمەتکاری ئەدەبو هونەر، کەچی ئێوە هەوڵی ئەوە دەدەن ببنە خزمەتکاری ئیرەیی. دڵنیابن دواجار هەر پاکی دەیباتەوە، من هەمیشە ناخم ئاسوودەیە، چونکە تەواوی مرۆڤایەتیش ڕێز لە پەرتووك نەگرن، ناتوانن ڕێگربن لە نووسینەکانم، ئاخر من بۆ مێژوو دەنووسم، دواجاریش ئەوە مێژووە بڕیاردەدات کێ بهێڵێتەوەو کێ فەرامۆش بکات.

نووسەر

(زەخیرە)
بە نووسین...
کە داگیرسای
ناکوژێتەوە و
ناکوژێیتەوە ..... **(گوڵچن)**

ئەحمەد سالار

نواندن

چــەند بــەجوانی پاڵتۆکــەی (گۆگــۆڵ)ی دابــوو بەسەرشــانیداو بەئاوێتەی بارینی کڵۆ بەفرەکان لەسەر سەکۆی ژیـان پرۆڤـەی دەکرد بـۆ خەونـە ئەرخەوانییـەکانی نـالی ... بولبـول چـۆن دەنـاڵێنێ بـۆ گـوڵ ... ئەمیش بەردەوام گـۆرانی دەڵێـت بـۆ بـوون بەنـەمری ... ئـەو لـە تـەواوی وڵاتدا لەنمایشەکانیدا بیۆێنەیە ..... بەنواندنەکانی ئەوەندەی تر... ژیـان جوانتر دەکات ... هەرکاتێکیش کڵۆ بەفرەکانی سەر سنگی لادەبـەین ... چەند وشەیەکی نەخشێنراوی تەڕ لەسەر سنگی دەبینین کـە نووسـراوە .. خەڵکی ئەو جۆرە نواندنەیان پێخۆشە .. کە خۆیان مەبەستیانە، بەڵام من .. ئەو نواندنە بەرجەستە دەکـەم کـە لەواقیعـدا بـوونی هەیـە ... منـیش پێمخۆش بوو لەزمانی (گۆگۆڵ)ەوە ببیستم بزانم ئەو پیاوە پـاڵتۆ لەبـەرە کێیە، (گۆگۆڵ) زەردەیەك گرتیو ... وتی ئەو پیـاوە دەگمەنـە مامۆسـتا **(ئەحمەد سالار)**ە.

شێرکۆ بێکەس

پەپولە

بەنێو دەربەندێکدا .. ڕەت بووم ... تەواوی پەپولەکانی ئەم وڵاتە .. لەوێدا بوون ... پرسەیان دەگێڕا لێم پرسین بۆ دەگرین؟ ئەی نازانن ئێمەی مرۆڤ ... بەخەندەکانی ئێوە گوڵەکان دەناسینەوە. بەحەسرەتەوە وتیان ... **هێی** براله ... لەو ساتەوەی (**شێرکۆ بێکەس**) بەجێی **هێ**شتووین خەندەمان نەماوە...

عەبدوڵا پەشێو

براکوژی

براکان پشتیان کردبووە یەکتریو... لەبەر هۆکاری هیچ ... یەکتریان لەناودەبرد.. ڕووبەڕووی یەکدی دەوەستانەوە و ,,, بەدوای ئامانجە هیچەکاندا ... خوێنی یەکتریان دەڕشت.

هەموو جارێکیش دەهاتنەوە خاڵی سەرەتاو ... هیچیان سەوز نەدەکرد... تا ئەوەی پیاوێك هاتو ...بەزهنی، وشەی هیچی سڕییەوەو ..... بەپێنووسە دەگمەنەکەی ... کۆتایی بەو برا کوژیە هێنا.... ئەو پیاوە (**عبداللە پەشێو**) بوو.

جیهاد دڵپاک

بەهاری دزراو

زۆربەی ئێواران لەدەرگای هەموو ماڵەکانی ئەدا... بەدوای بەهارە دزراوەکەیدا دەگەڕا... هەر کە دەیدۆزیەوە... چەپکە گوڵێکی ... دەخستە نێو ماڵەکانەوە ... پاشان دەچووە ژوانی بەهارەکەی ... لەنێو ئەو ژوانەدا بۆن و بەرامی عەنبەر و گوڵ و گوڵزارو یاسەمین.... تەواوی نێو شاری پڕکردبوو.

تا ئەوەی ئێوارەیەك .... بەهار هەرگیز نەدۆزرایەوە و... هیچ مرۆڤێکیش هەستی بە بۆنی خۆش نەدەکرد... ئاخر ... هەواڵیان هێنا... کە (**جیهاد دڵپاك**) گیانی سپاردووە.

حەمە عومەر عوسمان

گەڵا

مامۆستای کوردی .. قوتابییەکی هەستاندو لێی پرسی: دەتوانی پێم بڵێی ... دوای مەحوی‌و پیرەمێرد و سێ کوچکەی بابان ... شاعیری ترمان هەیە لەم سەردەمەدا بۆن‌و بەرامی ئەوان بدات؟ لەوکاتەدا چەند گەڵایەکی پایزیی ... لەپەنجەرەی پۆلەکەوە شنەبایەك پاڵی پێوەنان بۆ ژوورەوە ... قوتابییەکە هەر که گەڵاکانی بینی وتی: **(حەمە عومەر عوسمان)**.

بەکر پشدەری

عیشق

بەناو چاوی پشدەردا دەگەڕام، بۆئەوەی عیشق بدۆزمەوە، کە بینیم تەواوی خەڵکەکەی پشدەر، چووبوونە هەناوی سروشتەوە، بەعیشقەوە چەپکە شیعری عاشقانەیان دەڕواند، پرسیم ئێرە کوێیە؟ وتیان بەهەشتی عیشقە ...

پێم وتن ئەم چەپکە شیعرانە هی کام شاعیرن، وا بەعیشقەوە دەیانڕوێنن؟

هەمووان بە یەك ئاواز وتیان... (**بەکر پشدەری**) ....

هەر کە ناوی ئەویان هێنا .. ئیدی عیشق بوو بە بەشێك لەژیانم.

عبدالستار شاربازێڕی

ڕەنگ

شەوێك لەنێو ساباتی ڕەنگەكاندا، پیاسەم دەكرد، پیاوێكی سپیم بینی... وێنــەی گــەڵا زەردبووەكــانی پــایزی دەكێشــا.. ئــەو پیــاوە كەرەســەی وێنەكێشانی پێ نەبوو .... بـەڵام لەسـێبەری دڵیـدا. تـەواوی گـەڵاكان ,,, ڕەنــگ كرابــوون ... اینجــا زانــیم ئــەو پیــاوە سەرســپیە ... (**عبدالســتار شاربازێری**) بوو، كە ئەو وێنەیەی بەڕۆح كێشا بوو.

سەلام مستەفا

نان

منداڵێکی هەژارم بینی... پارچە نانێك بەدەستیەوە بوو... چومە لایەوەو دەستێکم هێنا بەسەریدا و ویستم هاوکاری بکەم ... بزەیەك گرتیو پارچە نانەکەی بۆ هەڵدامو ڕایکرد .. هاوارم کرد ..، بۆ ئەو پارچە نانە دەدەیت بەمن ... ئەی خۆت برسیت نابێت! منداڵەکە بەدەمڕاکردنەوە ئاوڕێکی دایەوەو وتی .. نا .. برسیم نابێت. پیاوێك هەیە لەگەڵ خۆی دەمانبات بۆ (کۆماری نان) .. هەموو جارێك نانمان پێدەدات، منیش خەمم بوو بزانم ... لێم پرسی ئەو پیاوە کێیە؟ بەدەنگێکی بەرز وتی (**سەلام مستەفایە**).

محمد مەردان

ڕێگا

بەدوربین سەیری ڕێگاکانی ڕاستو چەپی شارم دەکرد، بـەدوای ڕێگاکـانی حەقیقەتدا دەگەڕام.. لای چەپی شار کۆمەڵێك ئەدیبو ڕۆشنبیرم بینی... بەدوای پارەدا ڕایاندەکرد..بۆئەوەی ڤێلاو باخی پیٚ بکـڕن.. دوربینەکـەم سوڕاند... بەلای ڕاستی شاردا ... پیاوێکی چوار شـانەم بینــی .. بـەدوای کۆکردنەوەی زەردە خەنەکانـدا ڕایـدەکرد.. بۆئـەوەی خـەمی ئێمـەی پــیٚ بەبادا .. ئیدی لەڕێگای ئەو پیاوەوە گەیشتم بـە حەقیقەتـەکان ... ئـاخر ئەو پیاوە (**محمد مەردان**) بوو.

ئالا عومەر

شانۆ

لەمەیدانی داهێناندا ... گوێم لەشایو لۆغان بوو... ئافرەتێکیان دەڕازاندەوە ... بیبەن بەبوکی.. پرسیم: لەکێتان مارەکردووە؟ هەموان بەیەك دەنگ وتیان ... لەشانۆ! تا ئەوەی بینیم بەڕێگایەکی نەمریدا بوکێیان برد .. بەئارامی هەنگاوی داهێنانی دەنا تا گەیشت بە ناخی شانۆ ... ئیدی لەسەر سەکۆی ژیان ئاوێتەی یەکدی بوون ... لەو ئاهەنگە پڕشکۆیەدا ... خاتوو خۆریش بەتایبەتی ئامادەبوو ... کە بە پرچەکانی ... چواردەوری بوکێو شانۆی ئەوەندەی تر ڕووناککردبووەوە.

بوکێ، یەکەم دایەلۆگی وتو هاواریکرد...... سڵاو ئەی پیرۆزترین پیرۆزییەکان ... شانۆی من. تۆ ژیانمی، تۆ خاوەنی منی تا مردن ... شانۆ هاتو .. تاراکەی لەسەر دەموچاوی بوکێ لابرد و لەئامێزی گرت ... هەر کە دەموچاوی دەرکەوت ناسیمەوە (**ئالا عومەر**) بوو.

عومەری عەلی ئەمین

خۆناسین

پیاوێکی ناوازەو بێگەردم بینی ... لەنێو سێبەری ڕۆحە دەگمەنەکەیدا ... بەنێو ڕاڕەوی دادگایەکدا دەهاتو دەچوو .... ئەودادگایە .. پێیان دەوت دادگاکەی مامەلی ... هەر خۆشی سەرۆکی ئەو دادگا تایبەتەبوو ... بەدەستە لەرزۆکەکانی دادگایی هەموو ئەوانەی دەکرد کە خۆیان نەدەناسی.

دەنگی هەڵبڕیو ... پێی وتن:

ماندوو نەبن لە هونەر.... بگەڕێن تا جوانییەکانی دەدۆزنەوە ... ئەگەر دۆزیتانەوە .. ئەوا خۆتان دۆزیوەتەوە ... ئیدی سەرکەوتو دەبن ... لەمەڕ ژیانداو .... دەتوانن بەڕۆح وێنای ژیان بکەن .... خەڵکەکە بڵاوەیان لێکردوو هەرەیەکەیان سەرقاڵ بوون بەشتە لاوەکییەکانی ژیانەوە ... پیاوی ناو دادگاکەش کە (**عومەری عەلی ئەمین**) بوو لەسەر لوتکەی ژیانو جاویدانی مایەوە بۆ هەتاهەتایی.

عەلی پێنجوێنی

فرمێسك

ئەو لەژێر بنی دەریادا ... دەگەڕا بەدوای فرمێسکەکانیدا ... فرمێسکی چاوە ماندووەکانی ... هەمیشە لەگەڵ ئاوی دەریاکەدا ئارامییان دەخولْقاند ... زۆریش شەیدای ئەوە بوو، وەك (چارلی) هیچ کەس هەست بەفرمێسکەکانی نەکات ... ئێمەش بۆ بەشداریکردن لەفرمێسکەکانی دەچووینە ژێر دەریاکەو تینوێتیمان بە قومێك لەشیعرە یاقوتە ڕژاوەکانی دەشکا، هەر بە فرمێسکەکانی ئەو بوو ... یاقوتە ڕژاوەکانیمان دەدۆزیەوەو ... بەنوری شیعرەکانی دەروونمان سارێژ دەبوو، ئاخر ئەو شیعرە یاقوتیانە ... یاقوتە ڕژاوەکانی (**عەلی پێنجوێنی**) بوو.

محمود زامدار

ئـاسۆ

ئەی یاران .. چەند نایاب بوو سـالآنی ڕابـردوو... هـەموو سـپێدەیەك ... پیاوێکی جیاوازوو نـاوازەم دەبینـی ... بەدیـداری خـۆر ئاشـنا دەبـوو ... سلآوێکیان لە یەکتر دەکردوو ... دواجار جەنابیان ... بەرەو چـاخانەکەی مچکۆ ... بەدیداری چایەك و ... چەند جگەرەیەك شاد دەبـوو .... ئـاخر ئەو ... دوو جاران مرۆڤ بوو، مرۆڤێك... پڕ لەهیوا ... بۆ ژیان ... مرۆڤێك ... پـڕ لـە حیکەمەتـەکانی بـۆ مرۆڤایـەتی ... هـەتوانی زامـی پـڕ لـە ئەندێشەی .. بە نووسینە تایبەتیەکانی ... دەبووە سـاڕێژ بـوونی عـەقڵی ناهۆشیاری تەواوی مرۆڤایەتی..

ئەو دەچووە هەر جێگایەك ... خەڵکی بەدوایەوە بوون ... هەرهیچ نەبێت بتوانن لەڕێگەی هەنگاوە نەمرەکانی (**محمود زامدارەوە**) بگەن بە ئاسۆ.

سەعدون یونس

میوان

هەموو شەوانی پێنج شـەمەیەك ... ڕەجـەبی جـوانو نـەرموو نیـان و ڕۆح پـاك ..میـوانی ماڵـەكان بـوو ... بـەئارامی .. لـەدەرگای دەداو .. بـە دەستێكی چنگێك پاقلەو ... دەسـتەكەی تـری چـنگێك ژیـری و مەعریفـە بـوو ... بەشـی هــەمووانی دەدا ... بەزەردەخەنەیـەكی منداڵانــەوە بەهەمووانی دەوت ... ڕێگای هونەر ون مەكەن ... ئەم بەرگـە تاسـەر بۆ كەس نییە ... بەردەوام بن لەبیركردنەوە ... تاكو دەگەنە پلـەی ڕێـڕەوی جوانی ژیان .. ئیـدی هـەروا بـوو ... بەئیشـقەوە سـەردانێكی ناسـكەكەی دەكـردو ... لـەوێش ڕا ... بـەدەرگای (كەونـە دەرگـەدا) دەچـووە سـەر سـەكۆی ژیـان و بەنواندنـەكانی دەچـووە نـاو ڕێـڕەوی كارەكتـەرە سـەركەوتووەكانیەوە.... دواجـاریش بەدایـەلۆگێكی زەردەخەنـە ئـامێزی شێتانەوە... بە ئێمەی دەوت من (سەعدون یونسم).

ڕەهبەری سەید ابراهیم

خەونە ڕەنگاڵەییەکان

لەمـەیلی شـەمعی لالـەی هـزری فراوانیـدا... لـەڕامانی ڕوخسـاری پـاکو بێگەردیـدا، لەکلّپـەی ئەندێشـەو هـەنگاوی داهێنـانو نووسـینەکانیدا... لەئلهامی هەوێنی باگراوندی ڕۆشـنبیریو هەوڵدانیـدا... بـەردەوام بەخامـە دەگمەنەکەی ژیان جوانتر دەکات ... بەدەم تێڕامانـەوە .. وەك هەمیشـە لەنێو خەونە ڕەنگاڵەیەکانی، هەموو بەیانیەك لەتـەك مـەلای گـەوری کۆیـە ... پیاسـەیەك بـەنێو دڵـی باخچـەکانی بـاکوری و جەوهـەری ناسـکە و دواجـاریش سـڵاوێك لەتایـەرو تۆفیـق و ئیـدی هـەنگاوی خێـرا تـرو بیرکردنەوەیەکی لەسەر خۆیانە ... تا ئەوەی بەد گومانی چاخی بـەردین لای عەقڵە دۆگماکان ناهێڵێتو لەچوار گۆشەی ئـەم ژیانـەدا هـەنگاوەکانی بۆ مرۆڤایـەتی ... دەکاتـە چـەندەها گۆشـەی خۆناسـین ... تـا هـەمووان دەگەیەنێتە ئەو مێژووە سپیەی کە هەر خـۆی هـەنگاوی بـۆ دەنێـت، ئـەو پیاوەی کە هەموو بەیانییەك ... لە تەك حزوری مەلای گەورەدا بـەبینینی شاد دەبین... (**ڕەهبەری سەیید ابراهیم**)ە.

محمەد کەساس

هەناسە

ڕۆچووبوومە ... هەناوی ... پێنوسێکی ناوازەوە ... لە تەك ئەودا ... بەنێو هەناسە تیوارەکاندا .. هەنگاوم دەنا ... هەنگاوی خێراتر .. بۆئەوەی هەرچی زووە.. بگەمە لێوارەکانی ئارامی ... لەو هەنگاوەمدا.. حەشاماتێکی زۆر لە خەڵکی هاوسەفەرم بوون ... هەنگاومان دەنا، بەڵام ... بەرچاوتاریکی .. ڕێگربوو لە چوونمان بۆ ماڵی حەقیقەت .. تا ئەوەی پیاوێکمان بینی ... بە کەساسی دانیشتبوو ... بەپێنووسەکەی ژیانی شیعرە تیوارو بێدەنگەکانی دەنووسیەوە.. ئیدی بە بینینی ئەو پیاوە کەساسە ... هەموو جێگایەك ... لەبەرچاومان ڕووناك بوویەوە ... هەرخۆشی ... ڕێگای تیوارەکانی نەمری پیشاندایـن ... بەئارامی ئێمەی گەیاندە ماڵی حەقیقەت ... ئەو پیاوە کەساسە ... **(محەمەد کەساس)**ی شاعیر بووە.

ماهیر حەسەن

خەون

لەخەونێکی ڕەنگاڵەییمدا، ئێوارەیەك لەشەقامی (شانزە لیزێ) پیاسەم دەکرد ... نەرمە بارانیش ئەواوی شەقامەکەی لەتەك چراخانی نێو شەقامەکەدا تەڕترو ڕووناکتر کردبوو ... ئەو شەقامە ئارامی ئارام .. تەنها زەردەخەنەیەکی هێواش بەرگوێ دەکەوت .. کە بینیم لەسەر شۆستەی شەقامەکە لەژێر ڕووناکییەکی ڕەنگ مۆردا ... (لۆرێنو هاردیو مستەر بین) وەستابوون ... وادیاربوو لەچاوەڕوانیدابوون، منیش دوای سڵاو، لێمپرسین: دیارە لەچاوەڕوانی کەسێکدان؟ هەمووان بەیەك ئاوازی پێکەنیناوی وتیان: نا بەڕێز، لەچاوەڕوانی دووکەس .. یەکەمیان .. چارلی چاپلینو دووەمیان بڕوانە خۆی گەیشت ... کە ئاوڕم دایەوە بینیم .. (**ماهیر حەسەن**) بوو .. لەوکاتەدا (چاپلینیش) گەیشت ... هەموویان دەستیان خستە ناو دەستی یەکتریو دەستیانکرد بە گریان .. تەواوی ئەو خەڵکەی کە بەشەقامەکەدا ڕەت دەبوون سەیرێکی ئەوانیان دەکرد و قاقا پێدەکەنین ... گریانی ئەوانیش سمبولی ژیانێکی ڕاستەقینەو واتادار بوو، بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە تەواوی مرۆڤایەتی بهێننە پێکەنین، بۆ بەدەستهێنانی دۆزینەوەی ئازارەکانی ژیان.

حەمەعەلی خان

پەیکەر

لەکەشێکی باراناوی نێو زناری چیاکاندا ... پەیکەرێکم بەدیکرد... کە بەتەنیا ... لەنێو هەناوی نزارەکاندا ... بەئارامی ڕاکشابوو .. چاوی بڕیبووە ئاسمان و .. گۆرانی نەمری بەباڵای بارانەکەدا دەوت... تکەی بارانەکەش ... ئاوازێکیان خولقاندبوو ... بۆ سەمفۆنیای نەمری پەیکەرەکە.... چوومە نزیکیەوە ... ویستم لەئامێزی بگرم ... (ڕۆبەرتۆ دینیرۆ) هاتو پەلاماری پەیکەرەکەی داو بەتووندی لەئامێزی گرت... وتم ئەو پەیکەرە ... موڵکی ئێمەیە ... مێژووی ئێمەیە .... ڕێگەت پێنادەم ... بۆخۆتی ببەیت... هەناسەیەکی هەڵکێشاو وتی: هێی بەڕێز ... ئەگەر موڵکی ئێوەبوایە .... هەروا بەسانایی نەتاندەهێشت تەنیایی‌و بێ هودەیی.. ئاوێتەی هەناسەکانی بن ... ئێمە دەزانین ئەم پەیکەرە ... چەند بەنرخە ... ئێوە تا ئەم ساتەش ... لەپیرۆزی‌و گەورەیی ... هیواکانی بێ ئاگان ... دەبوایە هەر ماڵەو لەدەلاقەی ژوورەکەیدا لەبەر ڕۆشنایی تیشکی خۆردا ئەم پەیکەرە بوونی هەبوایە.. منیش سەرنجمدایە پەیکەرەکە ... ناسیمەوە زانیم ... خانی خانانی نواندنەکان (**حەمەعەلی خان**)ە.

ئاراس ئیبراهیم

کەمانجە

سەیری دڵی کەمانێکم کرد ... پیاوێکی باریکەلەی بالاّ بەرزم بینی ... استاتیکای ئاوازەکانی ژیانی دادەڕشت ... ئەو بە پەنجە درێژەکانی ,,, ختوکەی ژێکانی دەداو ...دڵی کەمانجەکەش ... ترپەی زیاتر دەبوو .... بۆ سەمفۆنیای ئازارەکانی پیاوی کەمانەکە ... دەنگێکی ناوازەی چریکەی کەمانەکەو ... دەستو پەنجەو لێهاتوویی ... ئەو پیاوە ... وای لەگوڵ و گوڵزاری باخچەی دڵە حەسرەتەکان کردبوو .... کە سەمای ژیان ... بۆ بەدیهێنانی بەختەوەریەکان بکەنە ... دوا وەسیەت بۆ مێژوو. هەر بە حیکمەتی خۆشی بوو ... بەو ئاوازە دەگمەنەو تایبەتەی ... وای کردبوو ... کە هەرچی گەڵای زیلانی دار عەرعەرەکان هەیە ... بەئارامی دابیارێتە هەناوی ئەندێشەی هەردووکیانەوە .... پیاوە باریکەلەکە بەو ئاوازەی دەیویست .. گوڵە بێ ناز و تەریوەکان .. جارێکی تر ... ئاشنا بکاتەوە بە مرۆڤایەتی ... دواجار گوێ بیستی ئاوازێکی دەگمەن و نامۆ بووم ... ئیدی زانیم پیاوی ناودڵی کەمانچەکە (**ئاراس ابراهیم**)ە.

سامان عوسمان

زەمەنی نەمری

ئەو لە تەواوی زەمەنی نەمریدا.... بە نـەمری دێتـە گۆو و دەڵـێ: ئەگـەر لەسەفەری کۆتایی ژیاندا لەنگەر بگرم. لەبری ئـەوەی لـە خۆتـان بـدەن و شینوواوەیلا بکەن. بە شادییەوە پێبکەنن و. بـە ئـارامی بـە دوای ڕەنگـی ناوازەی تابلۆکانمـدا بگـەڕێن... ئـاخر مـن لـەنێو هـەر تابلۆیـەکی ناخمـدا ژیانێکی نەمریم بۆ کێشاون .. هەرکاتیش جوانی ژیانتان پەی پێ برد و لە ئامێزتان گرت.. ئەوا بە سانایی‌و بەجوانی خـودی خۆتـان دۆزیوەتـەوە .. ئەو پیاوە دەگمەنەی کە بەردەوام هەوڵ دەدات تەواوی مرۆڤەکان خۆیـان لە یاد نەکەن و زەمەنی نەمری ببێتە دوا وێزگـەیان، (**سـامان عوسمـان**)ی نوانـدنکارو شـێوەکارە .. کـە لـە هــەموو زەمەنـە نەمریـەکانی دنیـای بێدەنگیدا بەبێ دەنگی خزمەتی هونەر دەکات.

ڕۆژ هەڵەبجەیی

سپێدە

هەموو سپێدەیەك چاوەكانی بە ئاراستەی خۆر دەدرەوشێتەوە زۆر بە ئارامی دێتە نێو پەنجەرەی ژیانەوە و تێر تێر بۆنی گوڵ و گوڵزاری وشەكان دەكات. بە دەستی ڕاستی چەپكێك لە گوڵی ژیان و دەستەكەی تری دەستەوارەیەك لە شیعری ناوازە و تازە لە دایك بوو.

بە هاوڕێیەتی شنە بای ئارام زۆر بە ئارامی ... خاتوونی شاعیر پڕ بە زایەڵەی دەنگی ناوازەی... بە تەواوی مرۆڤەكانی سەردەم دەڵێت... هەرگیز لە من مەپرسن... حاڵت چۆنە.. تكایە.. ئاخر من هەر ئەو كاتانە.. باشی باشم كە چەند وشەیەكی نەوتراوم زیاد كرد بۆ بۆ شیعرەكانم و لە ڕێگەی ئەو وشانەمەوە ئەوەندەی تر ژیان جوانتر بكەم...... ئەبێ هەمووان باش بزانن خاتوونی نێو ئەو پەنجەرەیە كە هەموو سپێدەیەك ئولفەتی بە ئارامییەوە گرتووە و بەردەوامە لە داهێنان و پەیڤە جوانەكان، ئەو خاتوونە دەگمەنە (**ڕۆژ هەڵەبجە**)ی شاعیرە.

زاهير عبدالله

سەرسامبوون

ئەو .. نواندنە ئەفسوناویەکانی... لە نێو ڕەهەندی جوڵە نایابە کانیەوە بە شێوەیەکی ئاسان و خێرا دردەبڕێ جەنابیان چاو چنۆك بوون لەوەی کە پێش هەمووان خزمەت بە هونەرەکەی بگەیەنێت و مێژوو دروست بکات ئەو لە نواندنەکانیدا نوێنەری تەواوی مرۆڤە ڕاستەقینەکانی دنیای هونەرە ... ئاخر جەنابیان هەمیشە چاوچنۆکن بۆ خزمەتی زیاتری مرۆڤایەتی... ئەم ژیانە بۆ ئەو جیاوازە کە هەڵگری بڕوانامەی نواندنی جیاوازە..... لە گەڕانم بە دوای درامای (هەبوو نەبوودا) لە ناسکەخانی ئەکتەرم پرسی ئەو پیاوە دەگمەنە کێیە؟ بە زەردەخەنەیەکەوە وتی... ئێ....ئێ.... باسی عومەرە چاوچنۆکت کرد. ئەو (**زاهیر عبدالله**)ی سەرچڵی نواندنەکانە کە هەمومانی سەرسام کردووە بە نواندنەکەی.

سەردار قادر

هایکۆ

(ئاکی شیمازاکی) لە سەفەرەکەیدا بڕستی لێ بڕابوو بۆ دۆزینەوەی پیاوێکی جیاواز و دەگمەن لە تەواوی ئەو شارەدا پڕ بە گەرووی هاواری دەکرد منم تینووی شیعری هایکۆ... تکایە ڕێگەم نیشانبدەن باش دەزانم تەنها هەر ئەو مرۆڤە دەگمەنە دەتوانێ هەتوانی دڵی من بێت..... ئاخر هەر جەنابیان هەڵگری... ئەو هەموو ووشە ناوازەیەیە کە چەشنی هایکۆ تۆماریان بکات بۆ مێژوو ... تەنها ووشەکانی ئەون دەبنە خۆراك بۆ ڕۆحی هەموان تکایە لە کوێیە... تەواوی ئەو خەڵکە کە گوێ بیستیناڵەو هاواری ئەم کەڵە نووسەرە بوون... ئیدی زانیان مەبەست لەو پیاوە شاعیرە (**سەردار قادر**)ە بە چەند هەنگاوێکی پڕ لە ئەزموونی شیعرە هایکۆکانی شاعیریان بردە لای (ئاکی شیمازاکی) سەرداری شاعیریش لە هەگبەکەی چەندین شعری هایکۆی دەگمەنی نەوتراوی بۆ خوێندەوە تا بە تەواوی شیمازاکی ئارامبوویەوە.

عبدلقادر شكاك

مێژوو

ئەگەر بمانەوێت شانازیمان پـێ ببڕێت لـە هـەناوی مێـژووی نەمریـدا ئـەوا دەبێـت هــەنگاوی پیــاوێکی لــە مێــژوو نەخشــێنراو و ووردبینــەوە و هـەنگاوەکانی ئـەو هـەڵگرین... ئـەو مێـژووە ڕاسـتەقینەکەمان بـۆ بـەیان دەکات ئەو لە هەر سۆنگەیەکی لاپەڕەیەکی مێژووەوە جێ دەستی دیـارە و خامەکـەی جـەنابیان بـۆ هەمیشـە سـەمای تیـادا دەکـەن ئێمـە عـەودالْ بــووین بــە دوای ئــەوپیاوە دەگمەنــەدا لــە ڕۆحــی پــاکی (سمکۆخــانی شــکاکمان) پرســی.... هەناســەیەکی ئــارامی داوو پەنجــەی ڕاکێشــا بــۆ پەنجەرەکانی حەقیقەت ئێمەش لە نێو ئەو پەنجـەرە پـاك و بـێ گـەردەدا (**عبدالقادر شکاك**)مان بینی کە سەرقاڵی نووسینەوەی مێـژووی گەلەکـەی بوو.

بەیان محمد

ئەڵقەی مرواری

ئەندێشەی ناوازەی ئەو هێندەی ئاوی دەریاکان پڕ پڕن لە داهێنـان ئـاخر خۆر لە چاوی ووشەکانی ئەوەوە هەڵدێ بـای نەسـیمی سـازگار لـە هـزری فراوانیەوە سەرچاوە دەگرێ پەیڤە نەمریەکان تـەنها لـە نـوکی خامەکـەی ئەم خاتونەوەیە لە دایك دەبن ئەو لە هەناوی دیدارەکانی دیرۆکـی نـەمری تۆمار دەکات هەر بۆیە هەرگیز ناتوانێ بۆ چرکەیەکیش لە دنیای نوسین و هەستیاری بێ ئاگابێ ... ئـەوە خـاتوو (**بـەیان محەمـەد**)ە کـە چـەندەها ئەڵقەی لە مرواری نەخشێنراوی دیدار و وشەی ناوازەی پڕ لە ئـەوینی لـە ناخیدا بۆ بەجێهێشتووین بۆیە لە یادکردنی ئەو ڕۆژنامەوانە بە توانایـە لـە یادکردنی تەواوی هزری خۆمانە لەمەڕ هەنگاوە دەگمەنەکانی.

عومەر دڵپاك

تەرازوو

ئەگەر تەرازووی دادپەروەری هونەر لەم وڵاتەدا بونی هەبوایە ئەوا بێ شک (**عومەر دڵپاك**)ی هونەرمەند لە ترۆپکی هونەردا بە بینینی ئاشنا دەبووین

ئاخر هەر لە لێهاتوویی و سەلیقەیی جوڵەکانی جەنابیاندایە کە نواندنە بێ هاوتاکانی بەردیدەمان دەکەوێت بێ شک جەنابیان لە تەرازووی هزری ئێمەدا لە ترۆپکی هونەردایە و هەر کارێکی نوێی کە ئەوی تیادا بەدی بکرێت ئەوا بە تەواوی دڵمان لە ترۆپکی ئارامیدا خۆی نمایش دەکات بە نمایشە سەرسوڕهێنەرەکانی.

ئەنوەر قەرەداغی

داهێنان

ئـەواوی ئـاوازە دەگمـەنو نەمرییـەکانی ئـەون. کـە لـەنێو ئـەم کەشـی دڵەماندووەو بێ حەوسەڵەییەماندا ڕیتمی ئاوازەکـانی لـەنێو ڕۆحمانـدا بـە ئارامی وچان دەدەن.. هەر پارچە مۆسیڤایەکی . تەڕ ... تەڕ لەگەڵ هـەر تنۆکە بارانێك ... سەمفۆنیایەکی نەمری مامۆستا (**ئەنور قەرەداغی**)ە کـە لەتەواوی ئەندێشەی فروانی دێتە خواریێو ئاوێتـەی هزرمـان دەبێـت .. وە هەر ئەو سەمفۆنیایانەی جەنابیان ... هەمیشە ئومێـدێك دەبەخشـنە نێـو مـاڵی دڵ، جـوانترین کەمانچـە، نـاوازەترین مـرۆڤ، هـەموو سـاتێك چـەند بەویقارەوە ئاوێتەی یەکتر بوونو ئێمەش بە بینینیـان تـەواوی دڵـەکانمان خەنی دەبنو لەناخی هەمووماندا کە گوێبیسـتی ئاوازەکـانی دەبـین ئـازار بوونی نامێنێت لەتەواوی ڕۆحەکاندا.

دڵشاد ئەحمەد

بوژانەوەی ڕۆح

تەواوی دارو بەردو کێوو نزارو پێدەشتی ئاوایی .. لەچاوەڕوانی پیاوێکی ناوەزەدان، لەهەناوی ڕۆحیاندا بوونەتە پەیامی تەواوی خەڵکی کە هەمیشە لەپێشوازی (**دڵشاد ئەحمەد**)ی شاعیردا بن، لەدەرکەوتنی تیشکی خۆرو بوژانەوەی نیشتمانی ڕۆح، ئیدی جەنابیان سات ناساتێك بە سڵاوێکی شاعیرانە دەردەکەوێت و چەشنی خۆر بەزمانێکی پاراو بەناوازەترین تابلۆی شیعری لە قەصیدەیەکیدا هەموو جوانییەکانمان بۆ وێنا دەکات، کە دواجار گەڕان نەکەینە هەوێن بە دوای جوانییەکاندا. شاعیر زۆر بەئارامی لەکۆتایی هەموو بەرنامەیەکی (بوژانەوەی کوردستان)دا بەنەرم و نیانیو بە کۆپلە شیعرێکی ناخی سڵاوێکی ماڵئاوایی لەهەمووان دەکاتو هەنگاوی خێرا دەنێت بەرەو ئاواییەکی تر تا دڵی هەمووان ئاوا بکات.

هێمن بەرزنجی

غەم

خۆش بەحاڵی ئەو کەسەی کەوا دەروازەی چیرۆکەکانی (**هێمن بەرزنجی**) بەڕوویدا دەکرێتەوە. ئاخر چیرۆکێك کە مەیلی ڕۆح و ڕوخساری سەفا دەبێتە نازناوی هەنگاوی ژیانی یارانی .. ئاخر ئەو بۆ غەمی هەمووان نیگەرانە، ئەو دەنووسێت بۆ ڕوانین لە ئەفکارەکانی ژیان تا لەم زەمانەدا هەمووان ببینە عیرفانی بوونی هەناوی چیرۆکەکانی ژیان ... هەر خۆشی بووەتە نوێنەری گێڕانەوەی چیرۆکەکانی مێژوو.. دواجاریش لەگەڵ هەر لەدایکبوونی چیرۆکێکیدا چەندەها غەم لەناخی خەڵکیدا دەسڕێتەوەو خۆشی پڕ دەبێت لە غەم.

کامەران جەمال

سینەما

چەشــنی دەرهێنــەرێکی بــەتوانا بــەباڵی هونەرەکــەی وەك نەورەســەکان بەئەندێشــەیەکی تــەواو ســپی (گــەڕان) دەکاتــە دوا وێســتگەی ... تــا مرۆڤایەتی کۆبکاتــەوەو لــەو دیــو پەنجــەرە واقیعییەکانــەوە زۆر بــەجوانی ڕوی تــەواوی ســینەما بەهــەمووان ئاشــنا بکات..ئــاخر ئــەوە (**کامــەران جــەمال**)ە.... بووەتــە دالەیــەکی بــەهێز بــۆ خســتنەڕووی تــەواوی جوانییەکانی ژیانو خولْقاندنی تابلۆیەکی نەمری هونەری بۆ ئەوەی لەڕێی ئەو هونەرەوە بتوانین ئاشنا ببین بە خۆمان ... ئاخر ئــەو دەیــەوێت وەك خــودی خــۆی عیشــقمان بــۆ ســینەما ببێتــە دەروازەیــەکی فــراوان بــۆ ئاشنابوونی باگراوندە جوانییەکانی ژیان.

ئەحمەد جۆلا

سروشتی کۆمیدیای پیاوێکی تایبەتمەند

بەجوڵە جیاوازەکانی، نامۆیانە دەمانخاتە نێو ڕەهەندی بیرکردنەوەی جوڵەکانمان بۆ ژیان، لەگەڵ خولقاندنی سروشت و جوانیەکان و کایە هونەریەکانی ژیان، ئەم پیاوە دەگمەنەش، خولقاوە بۆ سەرزەوی، تا ئازارەکانی کۆمەڵگە لە ڕوانگەی زەردەخەنەکانی کۆمیدیای مرۆڤایەتیدا ببەخشێتە یارانی، ئەو ناخێکە پڕە لە ئازار، پڕە لەبێداریی، لێوان لێوە لە ئەشکین، لە وجودیدا سەرتاپا خەم و پەژارە و لەعەرزی واقعیشدا شوناسی کۆمیدیای ناوازە، شاکاری هونەری لەدوای شاکار، نواندنی سەراسیمە لەدوای مەست بوون، بە سەرسامی بەون، کێ هەیە هونەرمەندی تایبەتمەندی ژیان، (**ئەحمەد جۆڵا**)، نەناسێت، دەبێ کێ بێت جورئەت بکات و بڵێ من هەنگاوێك پێش ئەووم، ئەوە جەنابیانە هەمووکایە هونەری و نواندنەکانیان سەرکەوتوانە بەرجەستە کردووە، هەرخۆیانن بوونەتە تاك، بوونەتە سمبول بۆ هونەری بالآی ژیان، ئەم هونەرمەندە وەك سوڵتانێکی ڕوناکی لەگەڵ یەکەم دەرکەوتنی جوڵەکانیدا تەواوی دیمەنە تاریکەکانی سوڵتان مەحمودی دەکردە چراخان، سەردەمی زێڕین سەردەمی (**ئەحمەد جۆڵا**)ی زێڕینە کە کلیلی قوتابخانەی کۆمیدیای زێڕین لە ناخی هونەرمەند (**ئەحمەد جۆڵا**)دایە.

بەکر مستەفا

داری هیوا

دەبێت باوەڕ بەوە بهێنین ....ئاوێتەبوونمان بۆ بە دەستهێنانی داری هیوا ...ئاوێتەبوونمانە لەتەك هەناسەی نواندنـە نایابـەكانی (**بـەكر مسـتەفا**)دا ...ئاخر هەر ساتێك لە جوڵە و ئەفراندنەكانی غافـڵ ببین ...كـە هەمیشـە نمایشی ژیـان دەكـات .. ئـەوا بـە تـەواوی غافـل بـووین لەگـەڕان بـەدوای لۆژیكو هونەری ژیاندا .. بەبێ بونی جەنابیان .. ئیدی ئێمەش بۆ هونەری ژیـان نـاگونجێین ... بۆیـە هـەركارێكی نـوێی ئـەم پیـاوە دەگمەنـە ... نوێبونـەوەی داری هیواكانـە كـە هـەمو ڕۆژ دێتـە بـەر بـۆ تـەواوی دیـدی مرۆڤەكان.

شەماڵی عەبەڕەش

سایەی ژیان

لە نێو داهێنانی (ژیاندا) بە کارە درامییـەکانی ...هـەمووان لـە قوزاخـەی متبوون قوتاردەکات ..هەر ئەوە ئەو هەموو سەروەریەی تومارکردووە بـۆ مێژوو .. تێڕامانی ئێمە بۆ جەنابیان تێڕامانە بە رۆح بۆ نواندنەکانی .. بێ شك ...ئەو پیاوە (**شەماڵی عەبە ڕەشە**) کە لە نێو سەرابستان و خـەزانی تەمـەن و بـەدحاڵی بوونمانـدا ...سـێبەرەکانی بـێ ئۆقرەییمـان بـۆ دەکاتەسـایەی ژیـان ... ئـەو کوڵنـادات و دواجـاریش بەختـەوەری بـۆ هـەمووان لـە ڕێگـای نواندنـە جیاوازەکـانی وادەکـات هـەمووان لەسـایەی حاڵی بوونماندا بەجوانی لە ژیان حاڵی ببین.

ئیبراهیم ڕەئوف

ڕوانین

لەتێڕوانینمان بۆ ئەو هەموو پەخشانە نمونەیانەی (**ئیبراهیم رەئوف**) ..هێشتا هەناسەیەك ماوە بۆ ژیان کە لە تروسکایی پێنوسەکەی جەنابیانەوە بتوانین ڕێگای ژیان بدۆزینەوە .. ئاخر هەر ئەو ڕێگایەی خەیاڵە دەگمەنەکانی ئەوە بۆ ساتێکیش نەتوانین ئەم نیشتمانە بە جێبهێڵێنو هەمیشە لەسەر فەرشی پەخشانەکانی تاوێك بەئارامی بڕوانینە خۆر.

ستار شەشۆیی

میوان

بێهودەییە بۆ مرۆڤەکان ..گەر بە **هاوڕێیەتی** سروشت سەردانێکی شیعرەکانی نەکەن و تاوێك نەبنە میوانی رۆحی ناوازەی (**ستار شەشۆیی**) شاعر، لەوە بێهودەتر.... ڕووت وەرگێڕابێ .... لە شیعر و پەیڤە بێوێنەکانی .... ئاخر کارەساتە **هۆنراوەکانی** ئەو لەیاد بکەیتو بتوانیت بێ ئەو لە سروشت بگەیت و دواجاریش لە حەقیقەتی وەسف و سەنا و جوانیەکانی سروشت حالی ببیت ..لەوە کارەسات بارتر ئەوەیە ...ئەو میوانیە پڕ شکۆیەی ڕۆحی شاعیر ڕەت بکەیتەوە.

شەهێن جەمال

هونەرمەندی ژیان

ئـەو هونەرمەنـدە .. هونەرمەنـد .....هونەرمەنـدی ژیانـە .. هـەر چـی لـە واتای عیشقی هونەر تیَ بکۆشین دەبێت سەرچاوەکەی لە دیدگای عەشقی هونـەری ئـەم ئەکتـەرەوە بێـت ... ئـاخر هـەر بـەحزوری ئـەو لـە هـەر درامایـەکی ژیانـدا ڕواڵـەتی جوانیـەکان دێتـە بـوون ... ئـەو بوونـەش ...بێگومان .. لە ڕێگای گفتۆگۆ ئارامیەکانی (**شەهێن جەمال**)ەوەیە...کە لـە هـەر دیمـەنێکی نواندنـەکانی تـەواوی مرۆڤـەکان دڵنیـا دەکاتـەوە ....ڕۆژێك دێت ...لەم جیهانـەدا هـەموو شـتێك کۆتـایی دێت ....تـەنها و تەنها هونەر دەمێنێتەوە ... هـەر بۆیـە ئێمـەش هەمیشـە لـە گۆشـەیەکی سـینەی نواندنەکانیـەوە بـە ئـارامی ژیـان تـەی دەکـەین‌و بـە عیشـقەوە دەڕوانینە حەقیقەتی نواندن.

جەبار قادر

پێنووس

مـن پێنووسـێك دەناسـم... لەگـەڵ هـەر هـەنگاوێكی بـۆ ڕێگاكـانی ژیـان، چـەندین كامـەرانی لـە هەناویـدا بـەئارامی دەڕژێتـە ناخمـان، ئـاخر ئـەو پێنووسە دەگمەنە زۆر بەدەگمەن خۆی نمایش دەكات، هەر لەو نمایشـەدا ... شـاكارێك لـەدایك دەبێـت كـە تـەواوی ئەندێشـەكان فـراوان دەكـات، پێنووسێك كە خەمی خۆی زیاتر دەكاتو خەمەكانی خەڵكی دەسـڕێتەوە .. بێگومـان ئـەو پێنووسـە دەگمەنـە پێنووسـەكەی (**جـەبار قـادر**)ە كـە بووەتە هەتوانی ... گەڕان .... بـەدوای پـەیڤـە نەمرییـەكان ... تـا ببێتـە چێژبەخشی .. ئۆخەی بۆ دڵە تینوەكان.

بەرهەم عەلی

مۆزەخانە

لە موزەخانەی ئەندیشەی مرۆڤایەتیدا چوار پێنوسی دەگمەن بۆ هەمیشە خۆیان نمایش دەکەن ..... کە توانیویانە ....بە زەردەخەنەکانیان تەواوی مرۆڤایەتی بهێننە گریان.

ئەوانیش پێنوسەکەی ...مۆلەر + گۆگۆل + عەزیز نەسین.

دواپێنوسیش کە جێگەی شانازی هەمووانە ...پێنوسەکەی . (**بەرهەم عەلی**) یە ...کە چیرۆکەکانی گەڕەکی ئێمەی پێنەخشێنراوە.

کەمال ئەحمەد غەریب

قولاپ

لە نێو هەناوی ....وەستایەکی کارامەی دەرونی پڕ ئـەزموون و وێنـەگرتن ...هەمیشە چەشنی (خێو) هەڵی دەکوتایە سەر کاڵفامەکان ...بۆ ئـەوەی فێـری جـوانی ژیانیـان بکات)...هـەموو جـارێکیش بـە (قـولاپ) ڕاوی جوانیەکانی ژیانی دەکرد ....لە کاتی (خۆر ئاوابوونە خوێنایەکانیشـدا). بـەهزری فراوانـیو بـە دیقەتـەوە چـاوەکانی دەنووسـاند بەچـاوی کامێراکەیەوە ... بەچەند وێنەیـەکی دەگمـەن مرۆڤایـەتی بـەرەو عیشـقی هەمیشەیی دەبرد، ئەو پیاوەی کە هەردەم عاشقی کامێرای ژیانە **(کـەمال ئەحمەد غەریب)**ە.

کەمال عەلی جەوهەر

فڕین

ئەو لە(ئاوایی بێکەسە)دا وەك سەرقافڵەی نمایشە ناوازەکەی بەخێرایی دەگەیشتە لای (غوربەت) ... ئەو لە عەشقیدا بۆ دراماو شانۆ وەك (مەلی دەریا).. دەفڕی بەرەو ئاسمان، بەهەنگاوی خۆ ئامادەکردنی بێوچانی ... سەردانێکی (ماریانا پنیندا)ی دەکردو، بەجوڵە سەرنجڕاکێشەکانی دەبووە عەشقی نمایشێکی نوێ ... هەر کاتێکیش کە دەگەڕێتەوە لە (جەنگی سەرکێشییەکانی نواندن) ... سڵاوێك لە (خەڵوەتگەی پیری دەکات)و وەك خەمی چۆلەکەکان، دەبێتە کارەکتەرێکی جیاواز بۆ نواندن ... کاتێکیش ڕۆدەچێتە هەناوی (ڕەشەی پۆلیس)ەوە تەواوی ئەکتەرەکان دەڵێن بڕوانن ئەوە پیاوە ناوازەکە گەیشت ... منیش یەکسەر دەزانم کە مەبەستیان (**کەمال عەلی جەوهەرە**).



بەکر ڕەشید

ژەنەراڵی هونەری باران

لەڕوخساری تەڕبوی .سیمای جوانی وسیحری جوڵە بێ هاوتاکانیدا ئەوە ئێمەین لەدڵی مێرخوزارەکانی بەرائەتی و پاکی هونەرەکەیدا خۆمان دەشۆین و پاك دەبینەوە چەشنی گوڵە هونەریەکانی سەر سینەی بێگەردی نواندنەکانی، جەنابیان لەسەرەتای دەسپێکی هونەری نواندندا .ژەنەراڵێکی هونەرن ... لەکۆتا زنجیرەی هەموو پەیامێکی هونەریشدا .شکۆی ئیستاتیکای هونەرن ..بێشك .ناوەندی باگراوەندی هەموکارە ناوازەکانیان، بەشێکە لەهیوا، بۆمرۆڤایەتی چ پیاوێکی بەگزادەو ڕەندی لەئاوایی ژاڵەدا، چ کارەکتەرێکی ناخ هەژێن لەدیدگای چاوی کامێرادا ..،ئەوپیاوە شێرکۆی دلۆڤانە .لە گەردە لولی ژیاندا ...ئەم هونە رمەندە (**بەکر ڕەشید**)ە تەوای ژیانی ئاوێتەی هونەرێکی ڕەسەن و نەمرە، هونەریش هەمو سەروەریەکانی خۆی بەم زاتە بەخشیوە .هەربۆیە تریڤەی مانگی سپی و گلۆپە سورەکانی سەرشە قامی هونەرو .خۆری ئاوانە بونی ژیان هەمیشە لەپێشوازی .ئەم هونەرمەندە دان تابۆ ئەبەد لەناوخۆیاندا سمبولێ ئاسا لێی بڕوانن ..بەکرڕەشید.بەنواندن و دەرهێنانەکانی و دەقە دوبارە نەبوونەوەکانی .هەموانی سەراسیمە کردوەو ڕاپێچمانی کردووە بۆ بەردەم هەنگاوی باران .ئاخر ئەووێستگەیەی ئەم کەڵە هونەرمەندەی تیادا بەردەوام تێ ڕاماوە .پڕیەتی لە وردە بارانو خۆشیان وەك ژەنەراڵێکی وردە باران دڵۆپ دڵۆپ هونەری باڵایان لێ دەبارێت.

ئیبراهیم حەکیم

منارەی چۆلی

بەدەوری قەڵاّدا هەنگاوی ئارامیم دەنا بینیم گروپێك سـەرقاڵی وێنـەگرتنی دیکۆمێنتارییەك بوون لەسـەر ژیـانی پیاوێـك ... لەدەرهێنەرەکـەم پرسـی ئـەو پیـاوە کێیـە؟ بەسـەری ئیشـارەتی کـرد کـە سـەیری منـارەی چـۆلی بکـەم... پیاوێـك لەسـەر منارەکـە وەسـتابوو .. دەنگـی ئـاوازی ئاوێتـەی توێژەکانی کۆمەڵگە کردبوو، جێگای حەسانەوەی دڵـی واڵاکردبـوو ... بـۆ ئەوەی هەمووان لەناویـدا بـەئارامی پـێ بکـەنن، ئـاخر ئـەو پیـاوەی سـەر منارەکە (**ئیبراهیم حەکیم**) بوو.

نەرمین کاوانی

سڵاو

تا ئەو پەڕی ماندووبوون (ئارەزووی) هەمووان دەگەیەنێتە عیشقی بەرهەم گەلێکی جوانی سینەماو دراما ... ئەو دەڵێت ... هونەر خۆراکی گیانیو دەروونمە ... هەر بۆیە ڕۆحم بۆ ئەم ژینە بەردەوامی عیشقمە لەبەرچاوی کامێراکان ... تا کۆتایی ژین من بۆ هونەر سڵاو دەنێرم... تاریکی شەوان و ڕوناهی ڕۆژەکانم مەیلی ئارەزووەکانمە، تا وەك ئەکتەرێکی سەرکەوتوو ببمە لالەو ... بەشەوقی پڕ لەمیهر و تواناکانم لەنێو (ژیلەمۆ)دا هەمووان بگەیەنمە ڕادەی مرۆڤ دۆستی.... ئاخر ئەوە (سەباوی) خۆشەویستی هەموو بینەرێکە کە هەرکات دەیبینن دەڵێن سڵاو خاتوو (**نەرمین کاوانی**).

بەڕێز مەجید

مژدە

بەکارە ناوازەکانی زادەی هەستو سۆزو ژیانی ئاوێتەکردووە لەهەناوی هونەری ئەندێشەکانیدا ... بەخەیاڵی ژیری بەرهەم گەلێکی ... جیاوازو ناوازە .. جەنابیان .. بووەنەتە هەڵگری بیرێکی فراوانی ... هەر بۆیە (**بەڕێز مەجید**) هەرگیز داری هیواکانی بێ ئاو نابن، سات لەدوای سات دانە دانە بەری سەرکەوتن دەگرنو دەبنە گوڵی ژیان لەمەڕ هونەرەکەیدا.

ئیسماعیل تاڵەبانی

لەمەیدانی داهێنانەکاندا

لەمەیدانی داهێنانەکانیدا ... لەناسینی عیشقدا، شیعرەکانی (**ئیسماعیل تاڵەبانی**)**یە** عیشقمان بۆ دەکاتە مەیلو سەفاو جاویدانی ... ئاخر هەر ئەوە دەتوانێت مژدەی ژیانێکی ئارامان بۆ بێنێت ... **هیواکانی** ئایندەمان پێ بناسێنێت ... سەبری ئەو .. تاقەتوو بەردەوامیو ئازارەکانی دەردی ئەو .. هەنگاوە نەمرەکانیەتی بۆ ناسینی ژیان تا هەموو یەك دەنگ **هاواردەکەین** کە **هاوڕابین** بۆ ژیانێکی سەربەرز، لەسایەی شیعرەکانی تۆدا.

ئارام غەمبار

ئازار

بەئاوازی سەداو تێرامانی جیاوازی بۆ ژیانو بەدەنگەئارامییەکەی... پێمان دەڵێت یاران تێفکرن و سەرنج بدەن لەئاوازەکانی ژیان ... ئاخر هەر ئەو ئاوازانەن دە بنە نۆتەی بیرکردنەوەو بەسەمفۆنیای هەنگاوی بوێرانەمان نیگەرانییەکانمان سارێژدەبن .... وەرن من لە دامێنی ئازارە قوڵەکانمدا قوتارکەن ... ئاخر من لەگەڵ مەرگا هاوسەفەر نیم، چونکە ژیان دەناسم لە هەر سۆنگەیەکەوە دەرگای دڵ واڵا بکرێت من لەوێم ... تا خۆشبەختتان بکەم بە ئاوازی فرمێسەکەکانم ...دڵ دامەخەن با لەم دۆزەخەوە هەنگاو هەڵنەگرین بۆ دۆزەخێکی تر. ئاخر ئەوە زایەڵەی ئەشکێنو ئازارەکانی (**ئارام غەمبار**)ە. کە دەیەوێت بەفرمێسکو ئازارە ڕۆحیەکانی بەهەشتێك بۆ مرۆڤایەتی بخولقێنێت.

سەلام کۆیی

نەمر

ژیان جوانە .. استاتیکای هونەر .. والآیە. نواندن بەرجەستە کردن و ئاوێنەی باگراوندی جوانی و ناشیرینیەکانی گێتیە .. میهرو سۆز .. ڕەنگی سروشتی ڕۆحە .... هەموو ئەمانە .. کۆتاییەکەی نەمریە .... بەو مەرجەی .. هەناسەکانی (**سەلام کۆیی**) مان لێ دوور نەبێت .

نوری کاکەخان

ژیری

لەسایەی عەشقیەوەبوو ... گەیشتە مەقامی کۆشکی هیواکانی ... زۆر بەئارامی... تاوێك لەهەناوی خانزادی میری سۆراندا دەمایەوە و ... دواجاریش ... بەتێڕامانەوە ... هەنگاوی نەمری دەناو ... دەچووە ژێر دەوارێکی ڕەش‌و بەهیوایەکی سپیەوە ... تەواوی دەوارەکەی ... سپی تر دەکرد. سات ناساتێك... لەبەرگی ژیری هەیاسی خاسدا ... بڕێك حیکمەتی دەبەخشییەوەو لەڕێگەی درامای ئەنگوستیلە تایبەتەکەی ... دەیڕوانییە ئاینده ... هەموو جارێکیش بەهیواوە ... ژەهری لەشوشەی گوڵاوەکان جیادەکردەوە ... چەند نایاب بوو ... ئێمەی بینەر کاتێك کە سەیری دیمەنی نمایشەکانی ئەم پیاوەمان دەکرد... تامەزرۆ بووین ... تا بزانین کێ یە ... هەر کە گوڵۆپی دڵی شانۆکان ڕۆشن دەبوو ...... ڕوخساری ڕوناکتر دەبووەوە ... ئینجا دەمانزانی ... ئەو پیاوە (**نوری کاکە خان**)ە.

عەتێ خان

(دایکی ئاریان)

سایە

لەدیدگای بێ پەروای ... نواندنە جیاوازەکانی ... هەمیشە ئەو بوو ... مرۆڤایەتی ئاسودە دەکرد .... حەسرەتو ئاهو ناڵەی ... بەردەوامی بوو .... بۆ خۆماندوکردن .. سێبەر ئاسا بۆ ئارامی کۆمەڵگا .... کەچی بەدرێژایی ژیانی ... لەسایەی ئارامی کۆمەڵگاکەیدا نەحەساوەتەوە ... ئاخر ئەو تەنها لە (لەخەوخۆش)دا ... سەرخەوێکی دەشکاند. کە ئامانجی لە خەوراپەڕاندنی .. نا هۆشیارەکان بوو ... بۆ بەدەستهێنانی هیواکان ... ئەو بە تەنها **(دایکی ئاریان)** نییە، بەڵکو .. **(عەتێ خان)** دایکی نواندنەکانو چرای ژیانی ڕەوتی هونەرە ... بۆ یە بێ ویژدانییە . گەر وەك سمبول تێی نەڕوانین.


قادر جەلال

قودرەت

قـودرەتی ئـەو لەژیـنـدا بـۆ ژیـان ... هـەنگاوە نەمرەکانیـەتی ... توانـای ئامێزی بۆ ئاوێتە بونی ... هونەر .... سەرچاوەی لێهـاتوویی .. نواندنـە دەگمەنەکەیەتی .. هەر کاتێکیش ڕۆڵی ژیان بەرجەستە دەکـات .. چـاوی کامێراکان شەرمی لێ دەکەن ... وە لەگەڵ یەکەم دایـە لـۆگی نێـو ڕۆحـە پاکەکەی ... وەك زایەڵە بەگوێماندا دەچرپێنێت و ... فێرمـان دەکـات .. کە هونەر لەپێناو هونەر ... وە بەمیهرەوە دەڕوانێتـە باگراونـدی ژیـان و هـەنگاوی بوێرانـە بـەرەو اسـتاتیکای هونـەر دەنێـت ... بێشـك هـەر لـەو قودرەتەی **(قادر جەلال)**ەوەیە ... کە دەبێتە سەرچاوەی قودرەتەکان بۆ هەوێنی قودرەتی مرۆڤایەتی.

فواد سەراج

ئاوازی چیرۆکەکان

ئەو ژینی خۆی بەخشیوەتە نووسین .. هەر وشەیەکی ڕۆچووەتە هەتوانی دڵـی تامـەزرۆبوونمان لـەئامێزی چـیرۆکە تایبەتییەکانیـدا ... ئـاخر ئـەو چـیرۆکانەی ئـەون کـە وەك نۆتــەی ئـاوازی ژیـان.. گـۆرانی سـەرفرازی و نەمری بەباڵای (فواد سەراج)دا دەڵێن .... تا ئەوەی لەهەناوو یادەوەری مرۆڤایەتیدا بۆ هەمووانیش ببێتە ئاوازێکی دەگمەن ... کە هەرلەڕێگـەی ئـەو ئاوازەوەیـە دەتـوانین بـۆ هەمیشـە یـادی پرشـکۆی نووسـینەکانی بکەینەوە.

کاوه قادر

ڕێگای ژیان

لەسـەرڕێگای سـەرەکی ژیانـدا ... پیاوێـك هەیـە .. لەهـەناوی جوڵـەی کۆمیدیاکانیەوە .... ئازارەکانی خەڵکی سارێژ دەکـات .... خـەمی قـوڵی ئـەو بەبەرجەسـتەکردنی تراژیدیاکانیشـی ... فرمێسـکەکان لەچـاوانی کۆمەڵگاوە .. دەسڕێتەوە .. بەڵام خـۆی هـەڵگری دنیایـەك ئـازارو چـاوبە ئەسرین بۆهەمیشە .. کەچی لەسەر ڕێگەی ئەم ژیانەدا .. کەسێك نابینی هاوخەمی ئازارو ئەسرینەکانی **(کاوە قادر)** بن.

زاهیر عەلی

خود

حەزو خولیایی ئەو لەئەزەلەوە .. ترپەی لێدانی دڵی دەگمەنی ئەو بوو ... بۆ دەنگی نەمری درامای (سوڵتان محمود) .. بۆسەلماندنی بوونی نواندنە ناوازەکانی ... لەڕێگەی خۆسەلماندیەوە بووەتە پیاوێکی جوان و سەرکێش و گران بەها .. لەڕاییکردنی ڕۆڵەکانیدا ... ئەو گەیشت بە خۆی ... وە هەر ئەو خۆناسینی خودە بوو نەمریان بەخشیە **(زاهیر عەلی)** تاکو ببێتە سوڵتانی دراماکان.

حمە احمد جاف

دڵ

ئەو لەشەوە بێ نازو دەیجورەکاندا .... ئاریشەکانی ژیانی بۆ خۆی گل دەدایەوە و .... کامەرانیەکانیشی دەبەخشیە خەڵکی ... هەموو سبحەینانێ .. لە نێو باخچەکانی ژیاندا چاوم پێی دەکەوت .. لەهەر باخەو گوڵێکی لێدەکردەوە و ... دەیخستە ناوهەگبەی دڵیەوە .. تا ئەوەی خونچە بکەن ... دواجاریش هەر کەسە و گوڵێکی پێدەدا ..... هەر کە گوڵەکان خونچەیان دەکرد .. چەندەها . شیعری جوانی **(حمە احمد جاف)** یان لەگەڵ خۆیاندا دەهێنایە نێو ماڵی دڵ .. دڵی ئێمەش زۆر لەمێژبوو .. لەئامێزی شیعرەکانیدا دەبووە لالەو تیشکی دەبەخشییە کڵاوڕۆژنەی شەوە تەنیایەکانی شاعیر.

گەزیزە عومەر

نامە

خاتو (جۆدیس ویستون) لەهەناوی تیشکی چاوی کامێراکانەوە ... بە پۆستە چیەکدا، چەند نامەیەکی لە گوڵاو چۆڕاوی نارد بۆ مرۆڤایەتی ..کە هەر وشەیەکی لەنێو دڵی دەنکە مرواریەکدا بوو، بۆ بەدەستهێنانی ئەو نامەیە، بۆ ئەوەی بزانین چی تێدا نووسراوە، دەبوایە هەنگاو بەهەنگاو بەسەر خۆڵەمێشی بڕینی ڕێگا پیرۆزیەکاندا بڕۆیشتینایە ... تا ئەو نامەیە بخوێنینەوە، نامەکان ئەم وشانەی تێدا نەخشێنرابوون. ئەو لەتەنیایدا، بەهێز ترینە، ئەو دەربڕینە قوڵەکانی، لەڕێگەی جوڵەو نواندنەکانی، بەشێوەیەکی سادەو نایاب دەردەبڕێت، ساتەکان بەفیڕۆنادات ... تکایە بۆ چرکەیەك غافڵ مەبن لەهەناوی پێنووسەکەی و نواندنەکانی، بەئەندێشەی ڕەهاتان ببنە مۆمیاکراوی نواند نە دەگمەنەکەی، تکایە وەك سارەبەرناردو سۆفیا لۆرین ... تێی بڕوانن ... ئاخر توانای ئەو .. تەنها جۆگەلەیەك نییە کە بڕێك ئاوی ژیان لەسەرەوە بۆ خوارەوە بێت .... بەڵکو هەناسەکانی ... بۆ خزمەتکردنی مرۆڤایەتی ... کانییەکی سروشتییە کە سەرچاوەی نەدەزانرێتو نە دەبینرێت ..خاتو (جۆدیس) بە خوێنی خۆی پشتی نامەکەی واژوو کردبوو ... وە بەخەتێکی گەورە نووسیبووی" دەبێت هەمووان بزانینو ببینین داهێنانی هەڵقوڵاوی ئەو ڕۆحە ناوازەو .. پڕ لەئومێدە (**خاتوو گەزیزە عومەر**)ە".

وریا ئەحمەد

خامۆش

چریکەی دەنگی ئاوازی ئامان لەرزانە و شەوانی بێداری بەدەم خولقاندنی ئاوازەکانیەوە. تەنیایی ئەو و نیوە شەوە دنیا خامۆش و کش و مات..بەدەم هەناوی سەدای ئاشقانەی دوورم لەیاران و. لە دوگمەی سینەی نوێژی شێوان.. هەموو ئێوارانێک چەند خۆشحال دەبووین بەبینینی **(وریا ئەحمەد)**و عودە دەگمەنەکەی.

عەبدولی حەمەجوان



هەنگاو

ئەو لەڕێگەی هەنگاوی جوامێرانەی بۆ سەر شانۆی ژیان.دەبووە نوێنـەری ڕەوتـی شـانۆی چـیرۆکەکانی ژیان.هـەر کـە یەکـەم دایـەلۆگی لەگـەرووی دەهاتەدەر ئیدی هیواکان دەگەشتنە ترۆپك. ئاخر جـەنابیان موفـەتیش و جارێـك حەسـەنە فـەنی و جـارێکیش لەخـەمی چۆلەکەکاندابوو.هەر ئـەو شـاکارانەبوون، کـە وایـان کـرد هـەمووان(**عەبـدولی حەمـە جـوان**)لـە ئامێزبگرین و وەك نەمر تێی بڕوانین.

عەبدولی حەمەباقی

پەخشان

هـەموو ئێوارانێـك بـەدەم بیرکردنـەوەی ژیانـەوە بیروهـزرم لای پیـاوێکی ماندوو و ناوازە بوو,کە بەردەوام بە خامەکەی دەستی و وەرەقەسپیەچرچ و لۆچەکانی بنباخەڵی بەنێوباخچەیەکدا دەهات و دەچوو,سات نا

ساتێك بەدەم تێڕامانەوە شتێکی دەنووسی..دواجار تـەواوی وەرەقـەکان دەبوونـە پـەخشـانێکی ناوازە,کـە هـەمووانی تووشـی شـۆك دەکرد.لـەوە جـوانتر و نـاوازەتر ئـەوەبوو کـە هــەموو پەخشـانەکان لـەخوارەوەی نوسرابوو بە پێنووسی (**عەبدولی حەمەباقی**).

مەریوان ئیبراهیم

پاداشت

ئـــەو زۆر لەمێـــژ بـــوو بـــەخولیاو هـــەنگاوەکانی (پاداشـــت)ی هـــەمووانی کردبوو,هەر کاتێکیش خۆی ئامادە دەکرد بۆ کـارێکی نویٚ.ئیـدی تێکـڕای مرۆڤـەکان لە(سـایە)ی ئـەودا وچـانێکیان دەدا، هـەر کـە بـەبیٚ دەنگیش دەمایـەوە و بـیرو هۆشـی لای کـارێکی نـویٚ دەبـوو (ئـەو گـوڵا نـەی کەماڵئاواییان کردبوو)بەخێرایی دەهاتنـەوە نێـو ڕۆحـی ماندووی..بێشـك ڕۆحی ئەو پیاوە ماندووە (**مەریوان ئیبراهیم**)ە.کـە هەمیشـە بـە هـەتوانی کـارە نایابـەکانی ئـازارە ڕۆحیـەکانمان لە(سەراب)سـتانەوە دەگۆڕێـت بـۆ ژیان.

عەبەی تەمێ

شــــاكــار

لەوڵاتی(لانەوازان)دا پیاوێك هەبوو هەركاتێك دەردەكەوت تەواوی كۆمەڵگە ئـارام دەبوونەوە..ئـەم پیـاوە شــەوە بـێ نـازو تەنیاكانیشــی دەبوونــە پارچەیەك لەخۆش نودی بۆ دڵـە پـڕ لـەئازارەكانی خـەڵكی هـەر كـات كـە لەشاشەی تیڤیەكانەوە دەردەكەوت.. لەبەیانیشڕا جارچـی شـار بەبڵنـدگۆ هاواری دەكرد,هۆ خەڵكینە ئەو پیاوە دەگمەنەی وڵاتی (لانەوازان)دەزانن كـێ یـە؟ هــەمووان بەســەدایەكی پــڕ جـۆش و خرۆشــەوە دەیـان وت: ئاشكرایە,كە ئەو پیاوە (**عـەبـەی تــەمێ**)یە.

ئیسماعیل محمد

سەردان

ئەگەر ئەو نەیەتەوە هەرگیز ئێمەش نایەینەوە بۆ سەر ڕێگای پەیڤە نەمرییەکان,ئەگەر ئەو سەرێك لەشار نەداتەوە,ئەوا بێشك شار خەرابات وتاریکستانە بێ ئەو.ئاخر ئێمە کەبیری سلێمانی دەکەین,هەڵگری وشەکانی ئەوین,حەزمان لەپیاسەو گەڕانێکی ئێوارانی شارە..بەو مەرجەی کۆپلەیەك لەشیعرەکانی(**ئیسماعیل محمد**) لەسەر دڵمان داکوترا بێت و هاودەمی پیاسەی ئێوارانمان بێت.ئیدی ئەو کات بەحزوری شیعرەکانی هەموومان سەرێك لە ماڵی دڵ دەدەینەوە.دواجاریش ژینمان لەهەناوی ژینی شاعیرەوەیە،کە هەموو کایەکانی ژیانمان دەبێتە سیمبول.

دارای کەشناسی

بـــاران

لەباخچــە پــڕ گــوڵ و گوڵزارەکەیــدا پیــاوێکی رۆح پــاك و جاویــدانم دەبینی.هــەموو جارێـك بـەتنۆکی بـاران ئـاوی گوڵـەکانی دەدا کـاتێکیش ڕێگەی شەقامەکانی دەبڕی چاوی هەر لەسەر ئاسمـان بوو.هـەر کەسـێکی دەبینی چەند زەنگوڵێك لەئاوی بارانی نێو رۆحی دەبەخشـیە رۆحــی ئـەو خەڵکە و بەچەند وشەیەکی زەردەخەنە ئـامێز بەهـەموانی دەووت:بـەیانی بارانە..ئەو پیاوە باراناویەی کە هەموو ساتێك خەڵکی دڵخۆش دەکـرد بـە بارینی باران جەنابیان (**دارای کەشنـاسی**)یە.

ئازاد جەلال



گوڵەمێـخەك

هەمیشـە بەئێمـە دەڵێـت: تكایـە بـەڕێگا چـەوتەكاندا هـەنگاو هەڵمـەگرن چونكە ڕێگـا باشـەكان نادۆزنەوە.بـەڵكو ڕێگـای بـاش ڕێگـای باشمـان بـۆ دێنێت.هونـەری ڕەسـەنیش بـەرۆح و ئـەوین و قوربـانی چـێژمان پـێ دەبەخشێت.ئەو پیاوە ناوازەیە لەهـەموو دراماكانیـدا دایـەلۆكی دڵـی بـەم دێڕە دەست پێدەكات.بۆیە بۆتە سەرچڵی نواندنەكان ... بۆ بینـینی ئـەم پیاوە هەركاتێك گوڵەمێخەكتان بەیەخەی پیاوێكەوە بینی، ئیدی بزانن كە ئەوە (**ئازاد جەلال**)ی نەمرە.

زانای مەحمود هەژار

لـوتـكـــــه

ئــەو شــێری مەیــدانی نێــو ئاوازەكــانی هــەتوانی دلّو ئەندێشــەیە,بە ئاوێتەبوونی ژەنینی كەمانچەكەی..ئاخر هەر لێهاتوویی ئەوە بەخشندەیی و ئارامیمان پێ ڕەوا دەبینێت، كە كاتێك گوێ بیسـتی ئاوازەكـانی دەبـین ... هەركاتیش هەست بەبێ دەنگی دەكەین گوێ بیستی ئاوازێكی سـازگار دەبین لەهەناوی رۆحی خۆی و كەمانەكەی ..بێگومان ئەوە هەر لـەتوانای **(زانـای مەحـمود هـەژار)**دایە.كە میوزیك بكاتە خۆراكی رۆحەماندووەكان.

پەری قەرەداغی

چەتری ژیان

لەنێو ئەو بێدەنگیو ئارامییەیدایە، کە هەمیشە بووەتە جێگەی سەرنجی عەقڵە هۆشیارەکان، تەواوی ئەم گەردوونە، دەبێت هەڵگری پڕ لە گەنجینەی شیعرە یاقوتییەکانی بن.

ئەو .. چەتری ژیانە... مەنزڵی دڵی هەتوانی مرۆڤە یاخیبووەکانە ... کە هەمیشە بەدوای جوانییەکانی ژیاندا لەگەڕاندان .. ئەوە شیعرەکانی خاتو (**پەری قەرەداغی**)یە، لەئامێزی یەکتردانو هەموو سەردەمانێك سەمادەکەن بۆ نوێبوونەوەی ڕۆحە ماندووەکان.

نەسرین تەنیا

بێدەنگی

بەهاوڕێیەتی شیعرەکانی، هەموو ئێوارەیەك .. بەڕەنگی سیمای پرتەقاڵی . بەئاوێتـەی ڕەنگـی خـۆر .. بەزەمـەنی بێـدەنگی‌و بـە هێـوری نـاخی.. سەردانی هەموو دڵەکان دەکات. ئارام .. ئارام، کۆپلە شیعرەکانی .. وەك چەشنی گوڵ .. نـاوازەو پـڕ لـە بۆنو بـەرامی نـاخی پـاکی .. پێشـکەش بەناخــە تینووەکــان دەکــات. دواجــاریش زۆر بــەهێمنی .. دەڕواتــە گۆشەگیری شەوە دەیجورەکـانی‌و ئاوێتـەی خامـەو پـەڕاوە ڕەنگینـەکانی دەبێت. ئیـدی بـەردەوام دەبێـت لـە ئەفرانـدنی شـیعری دەگمـەن .. تـا ئێوارەیــەکی تــر دێــت .. ئــەو کــاتیش بــە حوزنــەوە .. دەڕوانێتــە قەسـیدەکانی‌و چـاوەکانی چەشـنی شـیعرەکانی دەبێتـە لالـەی شـەم تـا ئەوەی تێکرا .. ڕووناکی دەبەخشـنەوە بـۆ نـەمانی تـاریکی.. مـن هـەموو ئێوارانێك .. بێبەش نەدەبووم لەو ڕووناکییەو عەودالبووم بـۆ بینینـی ئـەو خاتوونـە ! ئیـدی کـە لـە هـەموو جێگایـەك ڕوونـاکی دەینوانـد .. منـیش دەمزانی ... ئەوە خاتوو (**نەسرین تەنیا**)ی شاعیرە.

دڵشاد مستەفا

پاشا

بـه نـەبوونی نمایشـه سەرنجڕاکێشـەکانی .. تـەواوی سـێبەرەکانی ژیـان بێحەوسـەڵە دەبـن‌و خـۆریش ڕوونـاکی لەدەسـتدەدات ... جـەنابیان .... پاشـای کورسـییەکانی (یـۆجین . ئۆنیـل)ن ... پاشـای سـەر تەختـە پیرۆزەکـانی شـانۆیەو پاشـای دایەلۆگـە گەوهـەرەکانی ئەکتـەرە دەگمەنەکانی سەرتەختەی شانۆیە .. هەرکات .. سڵاوێکی نەمری دەکاتە دیاری بۆ کوالیسە شانۆییەکان و بەنێو ڕێگاکانیدا گوزەر دەکـات .. ئـیتر دەبێتـە سمبـول بـۆ هیـوای دواڕۆژی لاوان‌و وەبیرهێنانـەوەی ڕابـردوو تـا هەنگاوی داهاتوو .. حەتمەن هەر لە توانای هونەرمەند (**دڵشاد مستەفا**)دا یە، هەربۆیە لەناخی منەوە ئەو پاشـای جوڵـەو کارەکتـەرە دەگمەنـەکانی وڵاتە.

ڕزگاری شێخ عەلی

ڕۆژگار

ڕۆژگـارە نەمریـەکانی ئـەو ... ئـەو ڕۆژانەیـە کـە بـۆ هـەمووان دەبێتـە بەیانییەکی ئارامو لەدایکبوونێکی نوێ .. ئەو بە هزرو تێڕامـانو نووسـینە جیاوازەکانی ... ڕۆژانی پرسەروەری بۆ خۆی و بۆ ئێمەش تۆمار دەکات.

ئەو پیاوە .. بەقەد بالای دار عەرعەرەکان خەیاڵی فراوانە .. لەسەر پەڕی گـەلا بـەزیلان نەخێشـنراوەکان مێژوویـەکی پـاك بەنووسـینەکانی دەنووسێتەوە .. ڕۆژگارێك دێت هەمووان وەك سمبول تێیبڕوانین ... ئاخر .. ئـەوە خـۆی لـەناخی پـاکی خۆیـدا ڕۆژگـارەو ئێمـەش بـەئارامی بـانگی دەکەین ... سلاو (**ڕزگاری شێخ عەلی**) پێمان ببەخشە نووسینێکی جوانی ئەم ڕۆژگارە لەهەگبەی پڕ سەروەرییەکانت تا ئارامبین لە ڕۆژگـارە سەختەکاندا.

مامۆستا عومەر

شەهید کارزان

پاڵەوان

جەنابیان هەموو بەیانییەك بەدەنگی ئاوازی کەمانچەوە ... ڕادەچڵەکێ .. ئەو چەشنی خۆڕاگری پیاوەهەڵکەوتووەکانی مێژوو هەنگاو دەنێت، تاکو تاوێك بەئارامی بگەڕێتەوە نێو ڕابردووەکانی هیوایەك لەناخیدا پەنگی خواردووەتەوە بەهیچ کلۆجێك زەمەن ناتوانێت بێهیوای بکات. پیاوێکی جیاواز ... دەگمەن ... خۆڕاگر ... کە دووپاڵەوانی دنیای مۆسیقا .. هەمیشە لەپشتییەوە مۆسیقایان دەژەندو بەئاوازەکانیان تەواوی گوڵە بێنازەکانیان دەهێنایە زەردەخەنە. ئاخر ئەو پیاوە (**مامۆستا عومەر**) باوکی شەهد کارزانو فەرمانە، ئەو پەپولەکانی بەرەو ئاسمان گوزەریانکردو ئیتر ناگەڕێنەوەو ئاسمانیان پڕکردووە لە ئاوازی خۆشنوودی، ئاخر ئەم پیاوە.. زۆر لەمێژە لە دۆزەخی تەنیاییدایە و پاڵەوانەکانی لەدەستداوە ... ئەو زەردەخەنەی نەماوە .. بێحەوسەڵەیە، بەڵام ڕابردوویەکی بێوێنەو ئێستایەکی جاویدانیو داهاتوویەکی پڕ لەسەروەری بووەتە جێنزرگەی دڵە ماندووەکەی .. کە دەبێت هەموان بێشك .. لەمێژوودا پڕشکۆ و مەزنو هەڵکەوتوو.. لەم پیاوە بڕوانین، چونکە چەشنی هەردوو جوانەمەرگەکەی پاڵەوانی ژیانە و پیاوی ئاوازەکانی دڵەماندووەکانە.

سەلوە عەلی

بۆن

لە مرۆڤایەتییان پرسی: بەکام بۆن سەرسامن؟ وتیان: بە بۆنو بەرامی تەواوی گوڵەکانی گەردوون..

پرسیان چیتر؟ وتیان: بۆنی ئامێزی دایکان.

پرسیان بەچیتر سەرسامن؟ لەوەڵامی کۆتایدا هەمووان بەزەردەخەنەو هیواوە .. پڕ بەزایەڵە .. هاواریان دەکرد ... بۆنو بەرامی لە گوڵاو چۆڕاوی شیعرەکانی (**سەلوە عەلی**).

حەمەڕەشید هەرەس

ئاوێنەی هونەر

من پیاوێك دەناسم ... لەچەشنی خۆڕاگری ... هەناسە بەردەوامەکانی لەچەشنی بەگژاچوونەوەی هەرەسی جوانییەکان ... بەردەوامە. ئاخر ئەوبوو هەرەسی هێنا بە نەزانەکان ، تا ئەوەی بزانن‌و تێفکرن لەواتای جوانییەکانی شانۆ و ژیان.

ئەو بوێرانە لەڕێگەی نواندنەکانییەوە .. هەرەسی بە زاڵمەکانی سەردەم هێنا ... ئەوە جەنابیان بوون لە (لانەوازاندا) رەفیقێکی جوانی جوڵەکان بوو لەسەر تەختەی شانۆ .... ئەو لە (تەنەکەدا) پڕ هیوابوو بۆ هەمووان‌و هەر هیواشە بۆ هونەری ژیان، تکایە هەمووان بڕواننە ئاوێتەی بێگەردی هونەر ، تا بزانن ئەو پیاوە دەگمەنە (**حەمەڕەشید هەرەس**)ە.

هیوا ڕەئوف

دروود

وەرن بـا هــەمووان بــە ستایشــەوە، ســڵاوو دروود بنێــرین بــۆ ئــەرکو ماندوویەتی (**هیوا ڕەئـوف**). ئـەو لەتـەوای ژیانیـدا بووەتـە سمبـولی کـارە هونەرییەکانی، کـات هــەرگیز ئـەو نابڕێـت، بـەڵکو بەئەزموونـە نایابـەکانی هەمیشە کاتی بڕیوە، هەمووان لـە (دواوێـڵ)دا، وێـڵو سـەرگەردان بـووین بـۆی، تـا جووڵـە ناوازەکـانی بەدیبکـەین ... کـە بینیمـان هـەموانی لـەو سـەرگەردانییە ڕزگـارکرد ... بۆیـە لـە نـاخی ناخمانـدا ... دەبێـت ڕۆحـی پاکو بێگەردی لەیادنەکەینو هەڵگری ئەزموونە جوانەکانی ئـەو بـین .. تـا دەگەینە رێگاکانی ئەم هونەرمەندە.

ئازاد سەوزە



ئاوی ڕۆح

ئەو .. بە ئاوی ڕۆحی تک تک .. باران دەبارێنێتە تەواوی ڕۆحە ماندووەکانەوە ... بە خەندەوە تەواوی قسە نەستەقەکانی دەبێتە هەڵگری ژیانێکی جاویدانی بۆ هەمووان ... وەك چەشنی گوڵەگەنم سەوز .... وەك سەرەتای بەهاری جوانییەکانی ناخ .. هەر سەوز .. لەکارە هونەرییە دەگمەنەکانی هەمیشە سەوز .. لە خامە ڕەنگینەکەی وەك نووسین وەك تەواوی گەڵای دار درەختەکان، هەمیشە سەوز ... وەك مرۆڤێکی دەگمەن هەمیشە سەوز .. کە بووەتە سەوزایی ئارامی ژیان ... تا هەمووان بەئارامی بانگی بکەین سڵاو مامۆستا (**ئازاد سەوزە**).

دلێر ئیبراهیم

ساباتی ڕۆح

لەنێو ساباتی ڕۆحی هەموواندایە .. کە زۆر شەیداین‌و دێوانەو خولیا بوونمان بۆ گوێبیستی تەواوی ئاوازەکانیەتی .. لە کەشێکی ئارامدا. ئەو چەشنی بولبول .. لەنێو چڵی داری هیوای لوتکەی حەزەکاندا .. دەستی بە ژەنینی ئۆرگە ناوازەکەی دەکات ... کە هەر وەك خۆی ناوازەیە. ئەو دلێرەو لێهاتووە .. لەجیهانی مۆسیقادا .. دلێرە .. لەئاوازو بەرهەمی دەگمەندا .. دلێرە.. لەمێژووی پێگەیاندنی عاشقان بە دنیای مۆسیقادا ... چەشنی لێهاتوویی پیاوە هەڵکەوتووەکانی هەموو سەردەمەکان لەمەودای داهێنانەکانیدا ئەو هەر دلێرە... ئاخر ئەو پیاوە دەگمەنە (**دلێر ئیبراهیم**)ە، کە بووەتە سومبولی خۆراکی ڕۆحی هەمووان لەمەڕ ئاوازەکان.

ئەحمەد رەئوف

نامەکەی عادل ئیمام

عادل ئیمام، لە سندوقی دڵی هەمواندا ... نامەیەکی نهێنی بەجێهێشتبوو .. ئێمەش تامەزرۆبووین بزانین ئەو نامەیە چی تێدایە ...هەر کە شەو دادەهات نامەکەمان دەکردەوە و چەند وێنەیەکی بەجوڵە کراوی (**ئەحمەد ڕەئوف**)ی تێدابوو کە بەجوڵە نایابو کۆمیدیا دەگمەنەکەی هەمووانی تووشی شۆك دەکرد .. ئاخر بێوێنەیی‌و جیاوازی ئەو لەوەدایە هەرکات نواندنێك بەرجەستە دەکات هەمووان بەئارامی ڕاپێچ دەکات بۆ نێو دنیای ئارامی زەردەخەنەکان... ئێمە بەوە زیاتر خۆشحاڵبووین‌و ئەو پیاوەمان لادەگمەنتر بوو کە ئیمام، لەخوار نامەکەوە بۆ ئەم هونەرمەندەی نووسیبوو، سڵاو پیاوە ناوازەکە .. ئێوە بە جوڵەکانتان ئەوەندەی تر هونەری کۆمیدیا جوانتر دەکەن .. کەوایە دڵنیابن بەئارامی دەگەنە لوتکەی کۆمیدیا.

د. تەها احمد رەسولّ

باشترین حەکیم

جەنابیان دکتۆرن لە ساڕێژبوونی نەبوونی پەرتووکەکان .. دکتۆرن لە بوونی گەنجینەیەکی بەنرخی مێژووی کۆکراوەی نووسینەکان .. حەکیمن لەسەخاوەتی دەستی هاوکاری بۆ دونیای ئەدەبو ڕۆشنبیران، چەندە نایابە کە چاوت بەو پیاوە دەکەوێت چەندەها تیشکی ڕووناکی لەچاوانییەوە دەڕێژێتە ناو دڵە ماندووەکان ... ئاخر ئەوە ئەو ڕووناکییەی لەمەڕ ئەوە شەکەتی هەمووان ساڕێژ دەکاتو لەمەودای باگراوەندییەوە، چەندەها پەرتووکی ناوازە وەك خۆی بەئارامی دانیشتوونو بەسەرهاتی ئەم پیاوە گەورەیە دەگێڕینەوە بۆ نەوەکانی داهاتوو... ئاخر دکتۆری دانا، دانایی دەبەخشێتە هزری هەمووان .. دانایی دەبەخشێتە فریادڕەسی تەواوی ڕۆشنبیران کە ناتوانن بەرهەمەکانیان لەسەر دڵیان دابنێن .. کەوایە هەمووان بزانن ئەو حەکیمە دەگمەنەو ئەو دکتۆرە ناوازەیە (**د. تەها احمد ڕەسوڵ**)ە کە دەگمەنترین دکتۆری دەستگیرۆیی مێژووی کەسایەتییەکانی ئەدەب و هونەرە .. کە بووەتە سمبولێکی جوامێری لەرێگاکانی حەقیقەتدا بۆ تەواوی چینو توێژەکان.

بابەکر دڕەیی

پیاوە خاکییەکە

تا ئەو پەڕی خاکی بوون .. دڵی ناوازەی ئاوێتەیە لە تەك تەواوی ئەو دڵانەی کە بۆ ژیانێکی جوانو کەموێنە سکاڵایان هەیە لەدەست عەقڵە ناوشیارییەکان .. ئەو چەشنی باران بەهێمنی وشە ئارامییەکانی ئاڕاستەی هەمووان دەکات و ناخ تەڕو پاراو دەکات لەهەناوی دڵە ماندووەکاندا .. جەنابیان پارێزەری جوانییەکانی لەمەڕ ژیانو پارێزەرن لە پارێزگاری مرۆڤە خۆپارێزەکان لەدنیای ئەدەب و هونەری ڕەسەن .. ئەو سەرەتاو کۆتایی هیواکانە بۆ هەمووان.. ئەو وەك ئاگرێکی بێ خۆڵەمێش دڵی سوتاوە بۆ جوانتر کردنی هونەری ژیان .. هەر کاتیش گوێبیستی ئەو گۆرانییە ناوازە دەبین لە پێشەکی هەموو ڕێگە سەرەکییە ناوازەکانی ژیانی نێو پەرتووکەکاندا.. ئیدی دەزانین ئەو پیاوە خاکییە **(بابەکر دڕەیی)**ە.

سەلام سەعید مەولود

تامی ژیان

لەتەك شیعرەكانی (**سەلام سەعید مەولود**) دایە، تامی ژیان دەكەین، ئەو بەبۆنو بەرامی تامی كچێك لەپرتەقالّ.. هەمووان خومار دەكات، تا ئەوپەڕی ئالودەبوونی جوانییەكانی ناخ.دەستو پەنجەی هێمنی ئەو.. ویسالّە بە خامە نایابو خەیالّی فراوانی ئەو.

لەهەر سۆنگەیەكی ئەم ژیانەوە .. بڕوانینە دلّ .. شیعرێكی دەگمەنی (سەلام) خۆی حەشاردراوەو باسی عاشقە بێدارەكان دەكات. لەهەر لایەكەوە هەنگاو هەلّگرین، لەسەر ڕێگای حەقیقەتی مێژوو، چەند كۆپلە شیعرێكی سەلام هەنگاوە سەختەكانی ژیان بنبڕ دەكاتو ئارامی ڕێگاكان تا ئەوپەڕی ئارامتر دەكات، ئەو لەڕابردوودا پێنووسێكی ناوازەی بەدیاری جێهێشتووە، لەئێستاشدا چەند ناملكەیەكی جیاوازی كردووەتە دیاری بۆ تینوەكانی سەردەم، لەداهاتووشدا مێژوویەكی پرشنگدار دەكاتە دیاری بۆ خۆییو بۆ ئەوانەی بەجوانی لەژیان دەڕوانن.

محمد جەزا (گوڵچن)

گەشبین

لە ڕۆحی پیرەمێردی نەمرم پرسی .. فەیلەسوفە ناوازەکە ڕۆحی پیرۆزی جەنابتان لەم سەردەمە جەنجاڵەی ئێمەدا بەچی گەشبینە، زۆر بەئارامی وتی: دەزانی من بە (گوڵچن) خۆشحاڵم. وتم بۆ؟ فەرمووی ئاخر (**محمد جەزا**) مەبەستم ئەو پیاوە دەگمەنە (گوڵچن)ە، ئەو وشەکانی چەشنی گوڵەگەنمە کە هەمیشە (ڕەوسە)یە .. ئەو گوڵچنە .. وەك گوڵ لەچنینەوەی پەندی ناوازەو دەگمەن لە حیکمەتەکانی پەندی زەمانە. جەنابیان شاعیرن لە هەستەوەرە جوانەکانی ژیان، لەپێناو مێژوودا دەنووسێت بۆ ئەوەی هەمووان عیبرەت وەرگرن لەناهەموارییەکانی ژیان، ئەو بەردەوامە لە ئەفراندنی خەیاڵە تایبەتییەکەیو وێنەی کەمە .. پیرەمێرد زەردەیەك گرتیو وتی تکایە لەمنەوە دەستخۆشی لێبکەو دەستەکانی بگوشە، بۆ ئەو پەندە جوانەی کە بۆ ئەم سەردەمەی نووسیوەو بۆ سەردەمانی دوای خۆی دەبێت بەئاوی ئاڵتوون بنووسرێتەوە .. هەر خۆشی بەدەنگە ناوازەکەی پەندەکەی وت کە ئەمەبوو:

میللەتێکین .. هیوا بوونە .

زرمان زۆرە وەك داری زڕ، بوونێکین جێی نەبوونە

کوردۆ کاروان

کاروانی شیعر

لە کاروانی خەباتی ئەندێشەی ناوازەو خامە ڕەنگینەکەیەتی .. کە کاروانی شیعرە نەمرییەکانی بوونەتە کاروان سەرای دونیای شیعرە دەگمەنەکان.

ئەو کاروانە لەکاروانی قەصیدەی ئستاتیکای ژیان.. کاروانە لە پەیڤە هەڵکەوتووەکانی نێو پەرتووکە دەگمەنەکان، هزری کاروانی خەیاڵە فراوانو لایەنەجوانەکانی ژیانە، کە هەموان لەسایەیدا بەباشی ڕادەمێنین، ئاخر کاروانی شیعری ڕۆحی ئەو، بەرجەستەی خۆراکی ڕۆحی هەموانە .. کە تەنیا (**کوردۆ کاروان**)ی شاعیر لێی بێبەشمان ناکات، چەند جوان.. بەبێ دەنگیو بەئارامی .. بیردەکاتەوە و دەنووسێت، هەموو جارێکیش قەصیدەیەکی جوانی دەگمەنی ئەو .. بەر دیدەمان دەکەوێت.. ئیدی بۆ تاوێك لەگەڵ تەواوی نەورەسەکاندا دەفڕینو لەنێو ناخی ئارامی ژیاندا .. مەلەی خۆشنوودی دەبێتە وێستگەی ئارامیمان.

چریکەی عەبەڕەش

پەری زادەی هونەر

خاتو چریکەی عەبە ڕەش لەزادەی ئەندێشەکانماندا تە نهاژنێك لەڕابوردودا هەڵگری خانەوادەیەکی هونەری باڵاوڕەسەن لەئێستاشداپەری زادەیەکی ناوازەی دنیای هونەر لەئایندەشداوەك شەمعی لالەچەشنی سۆفیا لۆرینو سارەبەرنارد و نیکۆڵ کیدمان بۆ هەرەبەرزی باڵای هونەردەبینە پەروانەی دەوری چراخانی دڵی هونەرەکەی هونەرێك کەزایەڵەی دەنگی ڕەسەن خۆی هەڵگری ناوی چریکەو بەئارامی و بەچرپەش ئیعلانی کاریگەری باڵای ژن بون لەگۆڕینی مێژوی زەمەنی بێ هیواییەکانی ئەومێژووە بەرپادەکات.

خاتون لەڕێگەی هەوڵو نواندنە بێهاوتاکەی بووەتە شۆڕە سواری ململانێی جوانترین جوڵە لە خانەکەی حاجی ئاغادا، خاتونی هونەرمەند چەشنی، ئاکامە نهێنیەکان، بووەتە پیرۆزترین ئەکتەری ئاکام گرتوو ئاخر ئەو غەریبە لەغەریبیەکانی غوربەت، تا لەڕۆحی پاکی هونەرە ناوازەکەیدا، یەکەمین چیرۆك، بکاتە ڕۆمانی مێژووی نواندن و بۆ هەمیشەش وەك عاشقێکی سەرسەختی هونەر بەپێوە بمرێ، تائەوەی نەمری خۆی بۆ ئەبەد ڕابگەیەنێت.

ئەو مرۆڤانەی هەنگاو بەرەو باران دەنێن

شانۆ عومەر

گەمەی باڵندە

بەدیار ڕۆژمێری شارێکەوە ڕامابووم ...خەیاڵم.. ئاوێتەی خەیاڵێکی دەگمەنی شانۆکارێك بوو ... لەسەروو ڕۆژمێرەکەوە وێنەگەلێکی ناوازە ... خۆیان نمایشدەکرد، لەنێو دڵی چاوی کامێراکاندا تیشك سەرتاپای وێنەکانی ڕووناککردەوە .. کەبینیم (**شانۆی مامۆستا عومەر**) بوو بەجوڵەکانی سەرقاڵی کارێکی نوێبوو .. نواندنەکانی (گەردەلول) ئاسا بەنێو هەر سۆنگەیەکی ژیانیدا دڵە حەسرەتەکانی وەك باهۆز دەهاتنو دەچوون بۆ ئەوەی کارێکی نوی بۆ مێژوو دوای خۆی بەنەمری بەجێبهێڵێت .. ئێمەش هەر کە گرتەکانیمان بەر دیدە دەکەوت .. ئەوەندە جوان بەرجەستەی دەکرد ... هەمووان لەتەك باڵندەکاندا گەمەی خۆشنودیمان دەکردە یادەوەرییەکانی.

سەردار ئەستێلی

بەیداخی من

ئەو لە هەناوی (پەیامی مندا) پەیامی کۆمیدیا ناوازەکەی دەبەخشێتە تەواوی مرۆڤایەتی، لە بەخشندەیی تواناکانیدا، هزرو ئەندێشەی ئاوێتەی جوانییەکانی هونەر دەکات. ئەو لە پێناو هونەردا دەژی، لەناخی هونەردا، هەناسەی ئارامی دەدا .. لە تەواوی بەردەوامبوون و تواناکانیدا.. بەیداخی بەهرەمەندی لەدوارۆژدا هەڵدەکات. ئەم هونەرمەندە لەپێناو سەرەکیترین‌و ئامانجی ڕێگا ڕاستییەکاندا هەوڵدەدات‌و ناوەستێت‌و کۆشش دەکات .. هەرکاتێکیش نواندنێکی تازەی بەریدەدەمان دەکەوێت .. ئەوەندەی تر کۆمیدیامان لاجوانتر دەبێت، ئەم هونەرمەندە کۆمیدییە (**سەردار ئەستێڵی**)یە کە تەواوی ژیانی کردووەتە قوربانی لەپێناو هونەرەکەیدا.

ئاکۆ شاروشی

سەختی ژیان

هەنگاوە سەختەکانی ئەو .. هەنگاوی بەردەوامیو ئارامی ڕێگاکانە بۆ هەمووان ... هەستو پەیڤە جوانەکانی ئەو سەرگوزشتەی بیرەوەریە، تاڵەکانی هەمووانە لە سارێژ بوونی تەواوی شیعرەکانیدا بۆ تاڵی ئازاری هەمووان .. ئەو ناوازەترین مرۆڤە کە لە (نیشتمانی ئافرەتەکاندا) تەواوی مرۆڤەکان دڵخۆش دەکات .. ئەو لەپەیامی مندا .. بووەتە سەرچڵی بەخۆداچوونەوەی پیاوە گەمژەکانی سەردەم. ئاخر ئەوە شاعیرو نواندکاری خەمخۆری هونەر (**ئاکۆ شاروشی**)یە، کە بە هەموو توانا جەستەییو ڕۆحییەکانییەوە لەپێناوی هونەردا دەجەنگێت.

محمد کەیفەر

تریفەی مانگ

جەنابیان لە ژێرتریفەی مانگەشەودا بۆ ئارامیەکان خولّقاون بوونی ئارام، هزری فراوانی ئارام، خامە ڕەنگینەکەی ئارامبەخش، لەزەمەنێکی ئالّۆز و نائارام شیعرەکانی ئەون فریادڕەسی دلّە پڕ لەحەسرەتەکان، شاعیر سات ناساتێکی ئەم زەمەنە، دلّەی زامداری لێوان لێوە لەنەزیفی وشەی ناوازە هەر ئەویشە بووەتە هەلّگری چامەیەك لەوشەی نەوتراو کە لەمەیدانی خۆشەویستیدا دەڕژێتە نێودلّەکان.

ئەم شاعیرە خۆنەویستە لەزایەلّەی بانگهێشتنامەی هەناویدا خۆشەویستی و داهێنانی کردە خەلاّت بۆ هەتوانی شیعر، ئەم زاتە جگە لە (**محمد کەیفەر**)ی شاعیر، دەبێت کێ بێت بێشك؟! خۆیەتی و لەخودی پیرۆزیەکانی خۆیدا هەرخۆی کەیفەریی خاوەن عالو مەقام و پایەی ئارامیەکانی هزری ئێمەیە کە هەرکۆپلە شیعرێکی هەنگاوی ئێمەیە بەرەو تنۆکی باران، چەندە نایابە کە شیعرێکی تازە دەچرپێنێ بەگوێیەکانماندا، ئیدی لەتەك خۆیی و شیعرە کانیدا لەژێر تریفەی مانگەشەودا شەرابی جەننەتی ژیان دەنۆشین، ئاخر ژیانێك کە تەنها و تنهاخامەکەی (**محمد کەیفەر**) دەتوانێت بیکاتە نسیبمان تا بۆ ئەبەد دلّمان ئارامی ئارام بێت.

چۆمان دێوانە

گوڵشەنی دڵ لە ڕۆشنایی مانگدا

پشکۆی جوڵە ناوازەکانی ئەو وا لـە هـەناوی ئێمـەدا، هـەر جوڵەیـەکی بۆ نواندن بێ ئاگایی دڵ بێدار دەکاتـەوە، مانـدوبوونی ئـەو، باخچـەیەکە لـە گوڵشەن لە ڕۆح و دیدگای ئێمەدا، ئەوە کارەکتەری ئەوە کـە لەگـەڵ هـەر شەپۆلی جوڵەیەکدا لەنگەر دەگەرێت و تـەواوی چـێژەکان ئـەدا بـە دڵ تـا دەمان گەیەنێتە کەناری ئارامی، جەنابیان لـە سـینەی ئـازادی ڕۆڵەکانیـدا ڕەهـا بوونـە بـۆ هونـەری جـوانی ئیسـتاتیکای ئەبەدیـەت، هونەرمەنـد بـە هەسـت و نەسـت و تێڕامـانی خـەیاڵی کارەکتـەرە دەگمەنـەکانی، بووەتـە سمبولی نـەمانی خـەزانی دابـڕان و هـەر جوڵەیـەکی ڕوخسـارە پـاك و بێ گەردەکـەی ئـەژنۆی بـە چـۆکا کـەوتووی ناشـادیەکان لـە نێـو هـزردا ڕادەماڵێـت، مـاڵی دڵـی حـەزەکانی ئـەو، ماڵێکـە بـۆ هونـەر، ماڵێـك بـۆ دروستکراوی مێژوو و چـەندین مـاڵ، بـۆ چـێژی هونـەرێکی ئامانجـدار، تـا هەمووان ڕاپێچ کاتە دەروازەی مـەنزڵگای ترۆپکـی هونـەر، ئـەوە ئێمـەین هەمیشە و بێ پەروا دڵمان خەنی بۆ کارێکی هونـەری ئـەو، تـا ئـەو پـەڕی حەسرەت بونمان بۆ ئامادەیی دیداری هونەر، ئەو هونەرمەنـدە کـە لێـوان لێوە لە ناوازەیی هونەر، هەر زوو لە ماڵەکەیم داو دەروازیەکی والا لە سەر سینەی نەخشێنرا بوو، (منم **چۆمان دێوانە** کە بۆ هونەر خولقاوم و هەر بۆ هونەریش دەژیم).

عادل ولیانی

هاواری پێنووسێك لەڕەفتاری ڕاستگۆیدا

ئەریَ یاران ئەدرەسی مـاڵی ئەندێشـەی پیـاوێکی ڕەنـدی تـان پـیَ ئاشـنا بکەم، ئەی ئەوانەی کە لەبری پاروەنانێکی خوانی دڵتان، وێڵن و سۆراخی پەروەردە ی پەپولەکانتان بووەتە دوامـەنزڵگای خـەم و ئاواتتـان هـەنگاو بنـێن، ئێـرە مـاڵی ڕەفتـارە بـیَ گـەردەکانی خامـە ڕەنگینکـەی (**عـادل ولیـانی**)ە، حەقیقـەتی درۆنـەکردن، لـەنێو حەقیقـەتی ڕەهـای پـەڕاوی سەردڵی ئەم پیاوەیە، لێرە لەمەنزڵگای مروەت دارێکی شکۆ و خامەیـەکی ڕەنگـین، لـە تـەك دڵۆپـە بارانـدا قـەترە قـەترە، ڕاسـتی و دروسـتی دەبەخشرێتەوە، لێرە لەتەواوی وێستگەی ئامۆژگەریەکانی، ولیانی، چرای ڕاستگۆیی بۆ هەمیشە هەڵدەکەین.

وانەی یەکەم: تا لەژیاندای ڕاستگۆیی ببەخشـە منداڵـەکان، کـەواتکرد تـۆ خۆشەویسـتیت پـیَ دەدرێـت و لەتـەواوی سـودەکانی گێتیـدا زۆرتـرین سودمەند دەبێت.

وانـەی دووەم: ڕەفتـاری خۆشەویسـتی و ڕاسـت گـۆیی لـەبری درۆکـردن بکەرە جوانترین بای نەسیمی گوفتارەکانت، ئەوکات لە گەڵ هەرهەوایەکی سـازگاردا گوفتـارێکی ڕاسـتیش لـەدەرگاکانتان دەدات و خۆشەویسـتی وڕەفتار دەبنە تریفەی مانگ.

وانەی سێیەم: لەڕوانگەی ڕەفتاری جوانمانەوە، بەهاوڕێیەتی ڕاست گۆیی، ئیدی بۆهەمیشە دەستمان بەدەستی منداڵانەوەیەو دەبینە پەروانەیەك وەك ئەوان ئەوكاتیش زۆر بە سانایی بە ئەدرەسی ژیانێکی سەرکەوتوو لەناو باخچەکانی ڕاستگۆییدا تەواوی درۆ دەنێژین بۆ ئەبەد.

وانەی کۆتامان بۆ ژیانێکی ئەبەدی کە هەمیشە بۆ دیدەنی ئەندێشەی فراوانی (**عادل ولیانی**) نوسەر، کۆدی ئەم ئەدرەسە سێ جاران دەنووسین(**ڕاستگۆیی، ڕاستگۆیی،ڕاستگۆیی**)، ئیدی هەمووان بۆ هەموو زەمەنەکان دڵشاد دەبین.

خوێندنەوەم بۆ چەند کتێبێکی ناوازە
کە وامانلێدەکات هەمیشە ببینە هاوڕێیان


رەهبەر سەید برایم

تێڕامانێك

لەزایەڵەی ئاوازو شێـبای سازگاری

(دیلان)و(مۆزیك)ەكەی (ڕەهبەری سەید برایم)

هەر كات بەڕۆح وێنای تابلۆی گوڵەبەڕۆژەكانی (ڤان كوخ) لـە دووری چەند مەترێكەوە هەست پـێ دەكـەین.تـەواوی گوڵەبـەڕۆژەكانی نێـو ئـەو تـابلۆ دەگمەنـە دەلەرێتـەوە.وەك ئـەوەی سـەما بكـەن .ئیـدی لەهـەناوی رۆحمانەوە وا هەست دەكرێت شنە بایەكی ئارام لێیـان دەدات..كـاتێكیش هۆكاری ئەم دیمەنە ناوازەیە لـە(ڤـان كـوخ)دەپرسـن. دەڵێـت: ئـاخر مـن بـەرۆح ئـەم وێنەیـەم كێشـاوە. ڕێـك لای مـن هـەمان دیمـەن دووبـارە بۆتەوە.كە لە دیلانەو مۆزیكی(ڕەهبەر سەید برایم)دا هەستی پـێ دەكـەم. كە هەمیشە هەر ئەو شنەبا ئارامەی كە چۆن خۆی دەدا لە تابلۆكە،ئاواش لەكتێبەكـەی (ڕەهبـەر)دا وجـودی هەیـە.كـە بینـینی لاپـەڕەكانی لـە لەرینەوەی وشەكان و جوڵەو هەناسەی كەسـانی نـاو وێنەكـە هەسـت پـێ دەكرێت. ئـاخر لەكوێسـتان و هـەواران..بـەدەم ئـاوازی ژیـان و لەدەشـت ولێـڕەواران..لەسـیمای زیـلان و دار عەرعـەرو هـەناوی بـەیانی باشـی دار شۆڕەبی یەكان..لەنێو دڵی (دڵگۆیە) ژینگەی خۆش و فـێـنك و پـاك ..لـە ئاوازی نەمریی (دیلانە)و نێو زناری كێوەكانیدا ڕەندو بەفری نساران..بۆن خۆشەو شنەو شـێبا.. لە لالەی اشراقی دەروونەوەیە.مرۆڤ دەكەنە زاهید

و.. گوڵاوی مێرگ و زارانی کانی و ئاوی سازگار و بەفراوی .تەمەنای دڵی ئەویندارن و هاژەوپرژەی ڕوباری... هەموو ئەمانە سەرچاوەی ئیلهامی هزری ڕەهبەرە و خاوێنی خامەکەیەتی.بە زایەڵەو ئاوازەوە. دەنگی مەل و گیانداران دەبێتە (دیلانە)ی خۆش نودی و بەسەر باڵای نوسەردا دەخوێنن و دەبێتە ئیلهامێك تا ئەوەی لەتەك ئەو شنەبا ئارامیەدا کتێبی (دیلانە)و (مۆزیك) لەدایك ببێت.

ئاخر هەر لەڕێگەی هەناوی دڵکۆیە هەڵگری ناوی مۆزیك و ئاوازی ژیانە..سەراسیمای ژیان و هەناسەی خۆش بەختی لق و پۆپ و باڵای عەرعەرو دارە شۆربیەکانی زایەڵەی مۆزیك و لەرینەوەی دارئەرخەوانەکان و لق و مازوو داری ژیانی ئەو دەڤەرە بۆتە ترپەی لێدانی دڵی مرۆڤەمێژوو‌ییەکان کە هەموو ئەمانە زایەڵەی ئاوازێکی سازگاریان لەهەناوی گوێیە ماندووەکاندا چەسپاندوە..دواجاریش لەڕیتمی ئەو زایەڵە پڕ جۆش و خرۆشە، گۆرانیەکان بەنەمری لەدایك دەبن و ئیدی لەسەرچاوەی عەقڵە فراوانە مێژوویی و فەرهەنگەکانەوە، هەموو ئەمانە دەبێتە هەڵگری ناوی (دیلانە)و(مۆزیك)...نوسەری دیلانەو مۆزیك.کە دەستپێکی نوسینەکەم وام پێ دەڵێ لەدوایدا ناوی بهێنم.نوسەر بە هزرو خامە جوان و دەگمەنەکەی.لەسەرەتاکانی ئەم کتێبەدا.ئاوا لاپەڕە پڕشنگدارەکانیمان پێ دەناسێنێت.کە چەندە جوان دەبێژێت:

لوتکـەی مۆزیـك و کێشـکێ و فاتمـەلان
جوڵـەی دار و ئـاو ئاهـەنگی مـەلان
زایـەڵـەی زوڵاڵ سـۆزو سۆلـۆیـە
سـەر چـاوەی هونـەر وراتـی کۆیـە

نووسـەر سەراسیمـەمان دەکـات بـە کـەش و هـەوای ئـەو ناوچـەیەوە و بەگۆرانیـە نـەمرەکان وەکـو هـەڵگری نـاوی دیلانـە پێمـان دەڵێت:کاتێك خوڕەی چەم و ئاوی سازگاری بـن کانیـەکان ئاسمـانی شـین و بـێ گـەردو سەمای دارو درەختەکان ئاهەنگێڕانی تـەواوی باڵنـدەکان دەبنـە هەوێـنی دەنگێکی زوڵاڵ کە بەسۆز و سۆلۆ دەبنە ڕێڕەوی سروشـتێکی دەگمـەن و ژینێکـی ئـارام کەهـەموو ئەمانـە ئەندێشـەکان ڕاپـێچ دەکـات بـەرەو سەرچاوەی هونەر.سەرچاوەی ئەو هونەرەش کۆیەیە.کە نوسەری تێدا بـە کەما ڵی جوانی و میهر و ئەوینی ژیان و خۆناسین و مێژوو سـپیکردنەوەی تێـدا لـەدایك بـووە...ئـاخر جـوان لـەنێو سـەنگەری ویژدانیـدا چـەند سەنگەرێکی دیکە بەدی دەکرێت.کە هەمیشە چاوکراوەو خود ئاگایی ئـەو بووەتە هەوێـنی نەمریی ئەو و سەنگەری ژیان..وە نیشتمان و زێـدوخاك و خۆڵ و خامـەوهزر و تێڕامـانی بـۆ مێـژوو..کـە هـەموو ئەمانـە وای کـردوە

لەناخیدا شیعرو نوسین و مێژوو ئاوازو بیرەوەریەکانی ئاوێتە بکات..هەر بۆیە هەر کات بمانەوێت بەدیداری شاد بین دەبێت بەداری حەیاتدا هەلڕنین و بەرەو دۆندی هیوا هەنگاو بنێین،تا ئەوەی بزانین ناوی و ژیان و خامە دەگمەنەکەی هەڵقوڵاوی هزرێکی فراوان و قەشەنگە...چەند بە جوانی شاعیر ئاوا خۆیمان پێ دەناسێنێت و دەمان کاتە کۆیلەیەکی ئازاد.بۆبیری ئازاد و فراوانی... شاعیر دەڵێت:

من کوردێکم پێشمەرگە بووم تاکو توانیم
لەشاخ ڕۆیی خۆشاوییەکەی گەنجی و جوانیم
ڕۆژی ڕەش و شەڕی سەخت و ئازارم دی
گەلێ مەرگی هاوسەنگەری نازدارم دی
گڕ بەرنادەم لەخەرمانەی چەند ساڵەم
ڕۆژێ دەبێ ویژدان هەبێ لەو خەیاڵەم
چش لەژان و ڕەنج و خەبات داواوسکاڵا
بەو ئاواتەی کورد ئازاد بێ هەڵکا ئاڵا

ئەو ناوی ڕەهبەرە ..کوڕی سەید برایمە لەنەوەی سەیدەکانی هەولێرە..بنەماڵەیەك پڕ لەویقاری ژیان دۆستی و خەونی مێژوویی نەمریانە.بەرەو هەنگاوی داهێنان و ماندووبوونەکانیان.ئەوان مێژوو دروست دەکەن.مێژوو دەیان نوسێتەوە.ئەوان نەمرن. ئەگەر چاوەکان

لێك نران ئەوان تەنها و تەنها بە وێنە لێمان ون دەبن.ڕەهبەر سەیدبرایم..كەسایەتیەكی جیاواز لەهەموو كایەكانی ژیاندا سوار چاكێكی سەردەمەكەی كە بۆتە هەڵگری پەیامی نیشتمان و ڕۆشنبیری و پێنوسێكی جاویدانی..ژیانی بە ڕەنگەكانی ژیان ڕەنگ كراوە.هەمیشە شورایان بۆتە سەرقافڵەی موحیبەت و تێڕامان..پێنوسەكەی هەتوانی زامی دڵی حەسرەت و چێژوانی ئەویندارانە،ئاخر جارێك لەجاران هەر كە بابەتێكی یاخود شیعرێكی كاكە ڕەهبەر دەخوێنینەوە.ئیدی كێڵگەی دڵمان تینویەتی دەشكێ وهەست بەتەڕ بوونێكی تەواو دەكەین لەناخماندا...ئەو بەخەیاڵی فراوانی هەموو وەرزەكانمان بۆ دەكاتە بەهاری شادی و تەواوی سروشت لە هزنماندا ڕازاوەتر دەكات.كاتێكیش ئێمە ڕاپێچی پەیڤەجوانەكانی دەكات.بەئارامی بەهەمووان دەڵێت:بخوێنن و هونەر بنوێنن..ئاخر ئاوات و هیوای ڕزگاری گەلە بۆ ڕزگاری ناهۆشیاری كە نوسەر لەڕەنگدانەوەی دیلان و مۆزیكدا..لەوەسفی وێنە مێژوویەكان تێ دەفكرێ و بەدیقەتەوە وەزعی حا لی باكگراوندی ئەو وێنانە دەكات.كە هەم بۆ خودی نوسەر و هەم لەدیدی ئێمەشەوە بەرۆح وێنا دەكرێت..ئاخر جوانی ئەم كتێبە لەوەدایە ڕۆدەچیتە هەر لاپەڕەیەكی ئەوا بۆنی ژیان و مێژوو شیعر و پەیڤی ناوازە وێنا دەكەیت.كە ڕۆ دەچێتە ڕەهەندەكانی باكگراوندی لاپەڕەكانیەوە...نوسەر پێمان

دەڵێت:ژیان ئارامە و گیا هەر سەوزو.. گول هەر ڕەنگاڵەیی و خەیاڵی جودایی دەوریان داوە.پیاوانی ناودارو بەئەمەك و نیشتمانپەروەر..ئای چەندە شیرینەکە لەگۆشەیەکی ژوورەکەتدا بەبێ دەنگی وشەوێکی ئەنگوستەچاوی ئارام .خۆت سەرقاڵ بکەیت.بەخوێندنەوەی دیلان و مۆزیك و لەوێڕا پیاسەیەکی ئەفسوناوی بەنێو کۆڵانە مێژووییەکانی وڵاتی کۆیەدا بکەیت،بۆئەوەی ئاگات لەترپەی لێدانی مەلای گەورەی کۆیەوخەیاڵی ناوازەی ڕەهبەری سەید برایم بێت.ئاخر لە لالەی شەوقی ڕوخساری مەلای گەورەدایە.ئارامی و بەردەوامیان بەخشیوتە (ڕەهبەر).

نوسەر لەهەناوی ئەو زاتەوە تێ دەفکرێ و ئاڕاستەی هەنگاوی هونەریانە هەڵدەبژێرێت.جگە لەوەی گەنجینەیەکە بۆ چوونەژوورەوەی دەروازە مێژووییەکان.. هەرواش شاعیرێکی خامە بە پێزە.ئاخر هەنگاوی هەورازو سەخت و زناری چیاو شەونخونی شەوانی وەك خزمەتکارێکی نیشتمانەکەی هۆکار بوون بۆ جوڵاندنی هزری دەگمەنی و لەیاد نەکردنی دەردی هەژاری و فەرامۆش کردنی نێو جەوانی هەنگاوەکانی ژیانی..هەر بۆیە ئەم خامە جوانەی تیادا لەدایك بوو..ئاخر زۆر جوان دەڵێت:

لێوی وشکم تینووی ئاوی کانی لێوە
چاوی ئەشکم مەستی چاوی جوانی شێوە

ئـەو لـە ئـەوینی ڕاسـتەقینەی دەروونـی هـەڵقوڵاوی ئـەم کۆپلـە شـیعرە ناوازەیەیـە، دەنـا لـە کۆڕێـتی هـەژاری و خـەم ئـامێزی نیشـتمان خـەم و خەفەت تیایدا وەك خوناوی باران دێتە خوار..

ڤالۆنیس دەڵێت:(ئەوین خامۆشە،تەنها شیعر دەتوانێت بیهێنێتە دواندن).ئاشکرایە هەر شتێك لـەم بونـەوەرەدا تـا مرۆڤـ هـزر و ئەندێشـەی بـۆی نـەجوڵێ و کاریگەریـەکی ئـەوتۆی لا بـەجێ نەهێڵێت،هـەرگیز ناتوانێـت هەڵوەسـتەی، لەسـەربکات. ئـەوین،ژین، ئەدەب،شـیعر، مێـژوو، کـەلتوور،...هتـد. هـەڵقوڵاوی نـاخی ئـەو ئەوینەیـە کـە کارتێکـەری بیروبۆچوون و بیرلێ کردنەوەبێت.ئەوینێك کە مەولانا وتەنی،گەر دڵ تەنگ بوو بیداتە دەست ئەوانەی کە تەنها لایان تیمار دەکرێت.ئاخر هەر شتێکی نـاوازە لـەم گەردوونـەدا ببێتـە ئەفرانـدن و بـەڕۆح وێنـا کرابێـت.دەبێتـە ئەوینێکی ڕەها کە هەموانیش بەچاو و ئەو بابەتـە نـەبینن.بـەڵکو بـەرۆح وێنای بکەن.من بۆخۆم لەدیلان و مۆزیکەکەی کاکە رەهبـەر ئـەو ئەوینـەم پێ ڕەوا بینراوو توانیم خۆم بهێنمە دواندن وتەواوی ئەو کتێبەم لەهەناوی رۆحمدا وێنا بکەم وە بە نێو لاپەڕە پڕ شکۆ پرشنگدارەکانیدا بتوانم شەن و کەوێکی وشەو شیعرو وێنە مێژوویەکانی بکەمە بابـەتێکی لەیادنـەکراوی دوا وێستگەی مێژوویەکی سپی... ئاخر جوانی ئەم شەن و کـەوەی لەمـەڕ من لەوەدا بوو کـە سـات نـا سـاتێ،بەدەم خوێندنـەوەی وشـە بـە وشـەی

سەردانێکی دەڤەری کۆیە و هەناوی (دڵکۆ)م پێ ڕەوا دەبینرا...ئاخر ئەو لەو کۆیەیە چاوی هەڵهێناوە.کە قەڵای زانست و بیرو ڕوانینە.ئەو زامداری کێوەکانە.زامداری ئەو مرۆڤانەیە کە کاڵفامن و هیچ بنەمایەکیان نیە،بۆ خزمەتکردنی مرۆڤایەتی.زامدارە بۆئەوەی تەمەن ڕێگەی بدات و زیاتر سەما بە پێنوسەکەی بکات لەسەر عەرشی خامە سپییەکان و بەم شێوەیە بدوێت:

تا سەر ئێسقان ئەشقی شیعرم
شیعر نەبێ بەخوای دەمرم
شیعر منی گەیاندە شاخ
بە کاریگەر ڕۆچوە ناخ

ئاخر ئەوە تەنها هەست و خولیاکە لەدڵ و دەروونی شاعیردا با خۆشی ببێژێت: بۆئەوەم نیە پێم بڵێن شاعیر.ئاخر ئێوە لەتێڕامان و دیدی ئێمەدا چۆن شاعیر نین! ئەو هەموو دەربڕینە.ناخ هەژێن و پەنگ خواردووی هزر و هۆشی بەو شیوەیە ئیستاتیکیە دەردەبڕێت.بۆ ئارامی ڕۆحەکان بۆ ئاسودەیی ویژدانی مرۆڤەکان. ئەوە نوسەرە بەم هەموو خەیاڵە ناوازەیەوەهەرگیز منەت ناکات.ئەو بە عیشقەوە دەنوسێت.بە عیشقەوە حەزی لە سروشتە...هەر بۆیە نەرم نەرم،وەك تنۆکی باران وشەی لێ

دەچۆڕێ و .. ئارام ئارام،ڕۆچۆتە ناخی رۆحە دەگمەنەکەیەوە،دواجاریش هەر ئەو وشە دەگمەنانەن،دەیدا لەنێو کرۆکی لاپەڕەکانی (دیلان و (مۆزیك) وە هەر وشەیەکیشیان وەك شەونم بەنێو قەدی گەڵای پەرچەمی شیعرەکانیدا تك تك دەڕژێنە نێو ماڵی دڵ لەوێشەوە بەئاوازی خۆش نودی مێژوویەکی سپی و وێنە هەڵواسراوەکانی نێو هەناوی دیواری (دیلان) و (مۆزیك).بە تیلەی چاو بۆ یەکتر دەڕوانن و بەشەوقی پڕ موحیبەتیان بۆ ڕەهبەر سڵاوێك لە گوڵاوچۆڕاو دەکەنە دیاری بۆ خامەکەی (ڕەهبەر).وە جگە لەوەی خوناوی بارانیش زەگوڵ زەنگوڵ بۆ هەمیشە دەیدا لەروخساری پێنوسەکەی شاعیر.

خودایە بۆ من چەندە ناوازە بوو کە ئەو وشەو ئەو دیمەنە بێ وێنانە ئەوینێکیان خوڵقاند بوو.بۆ هزر و بیرکردنەوەی من سەبارەت بەدیدارم لەگەڵ ئەم کتێبەدا.

علی شەریعەتی زۆر جوان دەڵێت: سەختە لە قسەکانت تێ نەگەن،لەوە سەختریش ئەوەیە بە هەڵە لە وتەکانت تێ بگەن. ئاخر ئەم کتێبە جیاواز، ناوازە هەڵوەستە لەسەر کردن،ڕامان،شەونخونی،هەموو ئەمانەی پێویستە بۆئەوەی بێ بەش نەبین لەو کەشوهەوا و شنەبای ئارامیەی کە بەر روخسارمان دەکەوێت و شەوانی تەنیاییمان تەنیا تر ناکات ...بەڕاستی ئەو شەوە بۆ من زۆر جیاواز بوو.شەوێکی باراناوی. لەژوورەکەمدا، جگە

لە من و(دیلان)و (مۆزیك). ڕەهبەری سەید برایم و چەندەها پیـاوی نـاودار و ئەدیب و ڕۆشنبیر و نیشتمان پەروەر دانیشتبوون، سەرو سیمایان پاك و بێگەرد بە تەوێڵی نێو چاوانیانەوە نوسرابوو:(مێژووی نەمرەكان).

یاقوتی
شیعر
عەلی پێنجوێنی

گەڕان بەدوای یاقوتە ڕژاوەکانی (عەلی پێنجوێنی) دا.

ئەوئێوارەیە.زایەڵەی دەنگی دلێری ئەوبوو..سەدایەکی ناوازەیان خولقاندبوو کە تەواوی مرۆڤەکان بە باڵندەکانی ئاسمانیشەوە گەڕان بکەنە دواوێستگەیان بۆ دۆزینەوەی یاقوتە ڕژاوەکان...

ئەو لەژێر بنی دەریادا ... دەگەڕا بەدوای فرمێسکەکانیدا ... فرمێسکی چاوە ماندووەکانی ... هەمیشە لەگەڵ ئاوی دەریاکەدا ئارامییان دەخولقاند ... زۆریش شەیدای ئەوە بوو، وەك (چارلی) هیچ کەس هەست بەفرمێسکەکانی نەکات ... ئێمەش بۆ بەشداریکردن لەفرمێسکەکانی دەچووینە ژێر دەریاکەو تینوێتیمان بە قومێك لەشیعرە یاقوتە ڕژاوەکانی دەشکا، هەر بە فرمێسکەکانی ئەو بوو وای کرد تا گەڕان بکەینە دوا ویستگەمان بۆ دۆزینەوەی ئەو یاقوتانە.

ئاخرخودی شاعیرە.. دەیەوێت ئەوگەڕانە ببێتە دەستپێکی خودناسین لە ڕێگەی شیعرەکانیەوە... ئەوخۆی ماندو پڕلە ئازار پڕلە .. چاوبەئەسرین...شپرزەو...بێ دار... لە ڕوانگەی ماڵی دڵی یەوە پێمان دەڵێت.

ئەم یاقوتانە ئەگەرتوانیتان بیان چننەوە بەدەرزی خەیاڵتان بی هۆننەوە...ئەگەر دۆزیتانەوەو لەئازارەکانی توانیتان کەڵك وەربگرن

بۆژیان...ڕەنگە خراپ نەبێت. بیکەنە ملوانکەیەك وبیکەنە گەردنی هزرو تێڕامانتان...

دواجاریش..پێمان ڕادەگەیەنێ.....ئەگەرخۆتان ماندو نەکردوبە ڕێگەی حەقیقەتەکانی ژیاندا..ڕێگەتان ون کردوو....نەشتان توانی ئەویاقوتە ڕژاوانە بدۆزنەوە لەسەر ڕێگاکانی ئاسۆ..ئەوا لێ گەڕێن .. .. بالەبنی دەریادابەتەنیاجێ بمێنن هەروەك وخۆم.

ئاخرهەر لەڕێگەی دۆزینەوەی ئەو یاقوتانەوەیە.. ئەوەندە شیعرو وشەی ئەفرێنراو ناوازە.. ڕۆچووەتە نێودەرونمان.. ئەو بەهەر قەسیدەیەکی هەرجێگایەکی ئەم سەرزەمینە دەکاتە لالەو.. .دەبێتە چراخانێك بۆ پەیدابونی ڕوناکی هەمیشەیی روحە پاکەکان.

علی پێنجوێنی..مەبەستیەتی..گەڕان و..سۆراغ و.. تێگەیشتن ببێتە سەرچاوەی دۆزینەوەی خود..وە هەر لە ڕێگەی شیعرەکانیەوە دەمان گەیەنێتە ئەو خۆناسینەو . . ئاشنامان دەکات بە رەزوباخ ونزاری بیرکردنەوەی . ئەندێشەمان....کەهەر لەناو هەناوی ئەو باخەدایە دەتوانین هەڵوێستە بکەین و. گەڕان و سۆراغ بکەینە دواین وێستگەی گەڕان .

ئەو پێمان دەڵێت.

ئەوەندە بەرد گیراوەتە دڵم

بگیرایەتە گڵۆپەکانی دنیا

ئێستاچاوو چاوی نەدەبینی

ئاخر ئەوە شاعیرە..بەودڵە پڕ لەحەسرەت و...بێ دەرەتانی و.ئاهوناڵەوە.دەیەوێت. کاتێك. یاقوتە ڕژاوەکانی مان دۆزیەوە.. ..ئیدی بەرد نەگیرێتەدڵی ئێمەش.. ..ئەودەیەوێت....لەنێورۆشنایی. شیعرەکانیدا....بتوانین زاڵ بین بەسەر تاریکیەکانی.کاڵفامیداو.. ..وەك مرۆڤێکی ڕاستەقیینە ببینە ئەو شنەبایەی. کەچەند جوان ئەیدات لە باخچەیەك و.دواجاربۆنی یاسەمینیان هەموجێگایەك بڵاودەکاتەوە...وەهەرکاتێکیش هەرئەو شنەبایە کە ئەیدا. لەڕوخساریی.مرۆڤ بونمان..باگرژنەبین وترش وتاڵیمان لێ نەرژێ.

شاعیرهیوایەك بۆبیرکردنەوە..تێ ڕامانێك ..بۆژیان.. الهامێك بۆقەسیدەیەك.

لەجوانی هزری وژیانی خۆیەتی.کەهەموسپێدەیەك.تەواوی گوڵی نێوباخچەکان بەخەبەردێنێ. و.. بەخوناوی باران . . . ئارامیەکان ڕوخساری دەشۆنەوە.هەناسەیەك.هەڵدەکێشێ و.. پێش ئەوەی بچێتە دنیای خەونە ڕەنگاڵەیەکانی ... سڵاوێکی. شاعیرانە.لەدایکی دەکات

و..بەهۆنینەوەی چەندوشەیەك .. بە دایکی دەڵێت.. .. بەیانیت باش .. جوانی هەستەکان.

بەزەردەخەنەیەکەوە.سەیری ئاسمان دەکات و..

جارجاریش. دەچێتەنێوکۆڕی باڵندەکان و

چۆلەکەکان ڕادەهێنێ....کەباڵیان شکا .. چۆن فێری فڕین ببنەوە.

لەوێش ڕا.. خۆی دەکات. بەنێو باخچە هەڵواسراوەکانی. دڵداو.... بۆ تینوویێتیان .. پەرداخێك پڕ لەفرمێسك دەکاتە بنیان... تا بۆ هەمیشه .لەگەڵ شیعرەکانیدا..سەما بکەن و ئاوێزانی یەکتربن.

تنۆکی ئەو بارانە. نەرم و نیانەش لەولاوە بوەستێ. کە بەڕوخساریدا و بەتەنیشت ئەندێشەیەوە ..... وەکو یاقوت .. دێنەخوارێ .

ئەوعادەتی واگرتووە.. ..بیرکردنەوەو.. بێ دەنگی....تێڕامان..هەنگاو. بەرەو داهاتوو.. بەرهەمی هەنگاوەکانیەتی. بۆڕابردوو. ئەو وەك شەپۆلی دەریاکانە هەر بیردەکاتەوەو. . دواجاریش بیرکردنەوەکانی ئارام ئارام شەپۆل دەدەن .

خۆی وتەنی: مەگەر مەرگ بیری بخاتەوەو.. بڵێت ئیدی بەسە، ئاخر ئەوە شیعرەکانی ئەون.... وەك پەپولە.. یاوەك گوڵ. هەوێنی بیرکردنەوەکانمانە...کەبەبۆنی پەروانەیەدڵمان شیعرەکانی شاعیر.پڕ لە خەندەی بنیات نەرانە وئاوات وهیواکان گیانی متمانە بە خۆبونمان پێ

دەدات و.. ماندونابین.. لەگەڕان وەهەر کاتێکیش.شیعرێکی شاعیر دەخوێنینەوەو لەسەردڵمان دەینەخشێنین ئیدی دەزانین .. لەژین چ تاڵەو .. چ شیرین. ئاخر ئەوە هەناوی.نوسین و خامەکەیەتی..گەشە بەڕۆحمان ئەدات و..وامان لێ دەکات.

تاڕێگا تیوارەکان بدۆزینەوە . . . هەر بە دۆزینەوەی ئەو ڕێگا تیوارانەو ئاشنابوون بە ژیان . ئیدی ئاشنا دەبین بە ئاوازی شاعیرو...هەر لەو ڕێگەیەوە شیعرەکانی خاوەنەکەیمان پێ ئاشنا دەکات..کە ئەو وەك گوڵ بێ دەنگەو .. هەروەك گوڵیش جوان وقەشەنگ.بۆمان دەدوێ.

ڕۆیشتنی ئێمە بۆماڵەحەقیقەتەکەی. شیعرەکانی .. نەپرسیان دەوێت ونەوچان .. دەڕۆین وهەردەڕۆین .. دەگەڕێین وماندونابین..تائێمەش ڕاپێچی.ئەوحەقیقەتەڕەهایەدەبین.

ئەوەخودی شاعیرە .. چەندجوان دەڵێت (**بێ دەنگترین بونەوەر لەدنیادا گوڵە .. کەچی کەسمان نەمان توانی وە بەم هەموو زۆر بڵێیمانەوە...هێندەی گوڵ جوان بدوێین).**

ئاخر ئەوە شاعیرە کە وەك سوارچاکێکی سەردەمەکەی بەسەرپشتی پێ نوسەکەیەوە...بەدەم هەنسك وپڕ بە ئازارودڵی تەمیانەوە.چرای پەیوەندیە پڕلەشەوق و بێ گەردە شیعرەکانیەوە...بۆ شەو دەدوێ و .. بۆ ڕۆژ دەنوسێ.. ..هەر لەو شەو ڕۆژەشدا.وەك. دلۆپەفرمێسکەکانی ...

دەڕژێتە نێولاپەڕە. سپیەکانیەوەو ئەوەندەی تر ژیان سپی تر دەکات.

شاعیر هەموو.ساتێکیش.....دەڵێت

کەسێك نام کاتە هاودەمی پاساریەکان .. ئاخرمن دەبێت بەتەنیا بفڕم .. وەك ڕیشوڵەیەکی سەرکزۆڵەی بەباران تەڕکراو بەڵام ئەولەڕێگەی شیعرە ناوازەکانی یەوەیەتی کەتەواوی پاساریەکان پیێ ی دەزانن و .. فڕین بەرەولای شاعیرو هاودەمی دەکەنەدواین وێستگەی نەمری...بۆ ڕۆحی شاعیر

ئەو جارجارە..بۆ هەتوانی..ئازارە ویژدانیەکانمان...شیعرێکی غەمبارانەو نویێ. بەدەم ئاوابونی خۆرەوە...دەکاتە نێو ئینجانەی ڕۆحەکانەوە. وە لەنێو ئەو ڕۆحەماندایە.. کە ئێمەی تینوو بۆ شیعرەکانی .. سۆراغی یاقوتە ڕژاوەکانی دەکەین و مەبەستمانە بمانگەیەنێتە نێو بنی ئەو دەریا ئارامە.

ئێمە دەبێت لەوە دڵنیابین..کەڕەنگەکان بۆ هەمیشە ئاوێتەی شیعرەکانی شاعیردەبن..وەك چۆن پەلکەزێڕینە چەماوەتەوە بۆ خۆرو وردە باران. دەبنە شەبەنگی. پرژنگی ئاوو..ئاواش..شەوقی یاقوت و... ڕوناکی ڕوخساری شاعیر..بونەتە.هەموو ڕەنگەکانی ژیان.بۆ وێناکردنی .. ڕوانین بۆ نێو پەنجەرە واقیعەکان.

وە هەر لە تێڕوانینی ئەو پەنجەرە.واقعەوەیە....کەخونچەی گوڵی باخچەکان دەپشکوێن وڕۆژێکی نوێ لە دایك دەبێت ... وەلەو ڕۆژە نوێیەدا. دەروازەی دڵمان والآدەبێت ... تادەرونمان والآبێت بۆ دیداری حەرف بە حەرفی ناخی شاعیرو لەنێو گوڵ وگوڵزاری شیعرەکانیدا بەهاوڕیەتی پەپولەو هەنگەکان سەمای ئاسودە بوون ببێتە هێڵی هەنگاوە تیوارەکان.

شاعیر سەرەکی ترین بابەتی نوسینی...دەکاتە سەرەکی ترین هەڵوێستەی ژیان. کەنایەوێ بێ لێکدانەوە ئەوبابەتەی بێتە نێو ئەندێشەکانەوە.

کاتێکیش وێنای شیعرەکانی بەکۆتادێنێ...ڕوداوەکان بۆژیان گەورەتردەنوێنن.

ئیدی ئەوە شاعیرە کە هاوغەمی ڕەنگ و پەپولەو پاساری و ژیانی ئارام گرتوە بۆ ئارامیەکان.

(ئەوە خودی شاعیرە .. کە لەوەتەی بیری دێت جگە لە پایز خەونی بە هیچی ترەوە نەبینیوە .. .. .. ئەوە پێمان دەڵێت **ئەگەر هەموان خاوەنی مۆڕال بین ... جوانیەکان بەشی هەمومان دەکات).**

شاعیر پێمان ڕادەگەیەنێت با هەریەکەو لە ئاوازێك نەخوێنین, بەڵکو هەموان بێین وگۆرانی خۆش نودی بۆ یەکدی بلێینەوە. تا ئەوەی بتوانین بەیەك ئاوازبەدوای یاقوتە ڕژاوەکاندا بگەڕێین..تادەیدوزینەوە.

علی پێنجوێنی...هەزاران جاربەکلی ئێوارەگریانەکانی تیمارکردوە.

ئەوهەزاران جاربارانی توند توند گوشیوە وەك دلە پڕ لە حەسرەتەکەی.

شاعیر..بەرماڵی.. نێو ڕاوەستاوی...ئاڕاستەکانی ژیان لەپانتای بیرکردنەوەدا..ڕادەخات و.. ..هێواش..هێواش پێمان دەڵێت.. وەرن ببینن .. ڕوخسارم بەڕەنگی ئەم ئێوارەیە. چۆن سوربوە.

ئەو ئێوارەیە بۆ ئێمەش زۆرجیاوازو نایاب بوو. ئێوارەیەك .. کەزایەڵەی دەنگی ئەو و سەدایەکیان خولقاندبوو. کە تەواوی مەلەکان لە نێو هێلانەکانیان .. ماخۆلانیان بوو بۆ دیداری شاعیر .

هۆکارەکەشی ئەوەبوو.. ئەو ئێوارە جیاوازە ... بۆ هەمومان ئێوارەیەکی شکۆداربوو .. ئاخر شاعیر لەو ئێوارەیەدا.....یاقوتە ڕژاوەکانی دەناساند.

دەنگێکی...پڕشکۆو...غەمگینانە. دەهاتە بەر گوێ ی هەموان. کە دەنگی شاعیربوو. بە ئاوێتە بوونی دەنگی هێمنی شمشاڵەکەی قالە مەڕە دەهاتە بەر گوێیەکانمان . کە دەنگی شمشاڵ و خوێندنەوەی شیعری

شاعیر ... ئەو ئێوارەیەیان تەواو ئارامترکردبوەوە.و بە جارێك بۆن و بەرامەی ڕێحانە .. دەهاتە نێو پەنجەرەی دڵەماندوەکان.

شاعیر بەردەوام بوو.. لە ناسینی ئەو نامیلکە دەگمەنەی.. .. هەموو جارێکیش بەپارچە شیعرێك دڵی هەموانی ئاودەدا.. .. بەڵام لێوانی خۆی وشك بوو. . ڕۆحیشی . . . ماندووی ماندوو . لەتینویەتیدا . وەهەر کە دەگەیشتە دوا کۆپلەی شیعرەکانی...هەموان لە چاوەڕوانی ئەوەدابون......کاتی دەست بە گەڕانەکە هاتوە........ شنەبایەکی ئارام. هەمیشە لە باگراوندی سەدای شاعیر....ئاوازی گەڕانی خولقاندبوو.

تا ئەوەی ئەو مەلانە بڕستیان لێ بڕابوو.. هەریەکەو ئەوی دی ئاگاداردەکردەوە.....کاتی ئاگایی یە.. بۆیە وا پێویستە...لەنێو هێلانەکانمان..بچینە دەرێ و...دەگەڕێین. تاکو ژیان بەو جوانیەی کە وجودی هەیە دەیدۆزینەوە.

کۆترێکی شینی ئاسمانی..کە بە ئاوازێکی غەمیگنانەوە دەیخوێند.. ..قسەی بۆ تەواوی مەلەکان دەکرد...پێی وتن...بەم زوانە ناگەڕێینەوە. هەرهیچ نەبێ. ماوەیەك بەئارامی.لەماڵی حەقیقەتی. یاقوتە ڕژاوەکاندا دەمێنینەوە...بەڵام دەبێت هیلاکی هیلاك بین تائەوەی دەیدۆزینەوە...هەمویان دایان لەشەقەی باڵ وقافڵەیان بەست.بۆ هەڵفڕین........منیش بە نێو دار عەرعەرەکاندا هەنگاوم دەنا..چاوم بڕیە

مەلەکانی ئاسمان..وتم خودایە..چ شتێك ڕویداوە,وابەم ئێوارەیە ئەو هەموو مەلە جوانە..بە قافڵە دەڕۆن و.گۆرانی دەڵێن. چەندە جوان بوو لە دیدی منیشەوە لەگەڵ وتنی ئەوگۆرانیەدا. زیلانی. دارعەرعەرەکان.سەمایان دەکردوو. خۆیان دەکێشا. بەیەکتریدا.وەك ئەوەی یەکتر لەئامێز بگرن.

منیش هەردەگەڕام و.هەنگاوم دەنا .. .. تائەوەی . ئەو کۆترە شینەی.کە سەرپەشتی قافڵەکەی دەکرد..لەسەرشانم نیشتەوەو....بەمنی وت....دەزانم.تۆش لەگەڕانێکی بیّ وچان دایت... بەو ئاسمانەوە. چاوم لێت بوو.ئەگەر هەڵەنەبم ..بەدوای یاقوتەڕژاوەکاندا.دەگەڕێیت. زۆرخۆشحاڵبوم.. دەستێکم هێنابەسەری کۆترەکەداو...وتم. ڕێك وایە...تۆچۆن ئەمەدەزانی.

کۆترەکە...گرماندی وتی .. ئاخرگوێمان لیّ بوو.. ..ئەوشیعرەت دەوت.. ..کە لە نێو یاقوتە ڕژاوەکاندا. هەیە.وباسی چیرۆکی دڵ شکاوەکان.دەکات....

ئاخر کۆترە کە ڕاستی دەبێژا....لەگەڵ هەر هەنگاوێکدا...کۆپلەیەکی شاعیرم بۆ ئاسمان وتەواوی سروشتدا دەوت کە ئەوەتەی دنیاهەیە .. ماچێك بەڕێوەیەو هەر ناگات.

منیش.بەخۆش حاڵیەوە..بەخۆم وت....چ شاکارێکە..هەموانی هێناوەتە بیرکردنەوەوگەڕان .. چ شیعرێکە..کەنزیك لەهەناسەکانی. مەولانای ڕۆمی دێتەبون... چ ئاوازێکە کە سەمفۆنیای. ژیاناوە دەبەخشێتە . مرۆڤایەتی. هەر بۆیە بێ بیرکردنەوە .. بومە هاوڕێی مەلەکان و...ئەوان لەشەقەی باڵیان دا بە ئاسمانەوەو .. منیش . بەناو نزاروو.مێرگ و.ڕێگاپاکەکاندا .. هەنگاوی خێرام دەنا......تا ئەوەی گەیشتین بەڕۆخی دەریایەك.. .. .. ئای خودایە.. چ دەریایەك بوو .. پڕی نەوڕەسی سپی .. لێوان لێو...لە شەپۆلی .هیوا.. .. پاکی وبێگەردی . ئاوی دەریاکەش لەولاوە بوەستێ.. ..

لەڕاستیدا ئەو کەشەو.ئەو ڕوداوانە... بەبینینی سەراسیمەبووم و.ئەوەندەی ترژیانم لاپەسەندبوو.. بەڕاستی ناخ هەژێنە .. بکەویتە..ئەو هەموو سروشتە ڕۆحیەوە.

بەنێو دەریاکەدا هەنگاوم..نا.. . .. لەشەپۆلەکانیم ئەدا...بەڵام هەستم بەماندوبون نەدەکرد.

مەلەکان ئاوێتەی نەوڕەسە سپیەکان بوبون..لەسەر دارتەلی.شیعرە ناوازەکانی شاعیردا.دەهاتن ودەچوون..و لەگەڕاندابوون بۆدۆزینەوەی ئەویاقوتانە.

من گەیشتمە بنی دەریاکە.. .. .. گوێبیستی دەنگ وئاوازی دەف وشمشاڵەکەی قالەمەڕەبووم. ..ئای کە ئاوازێکی دڵ ڕفێن بوو.کەبینیم خەڵکی قافڵەیان بەستبوو..زۆریش خۆش حاڵ بون

چومە ناو خەڵکەکەوەو.چەند هەنگاوێك ...چومە هەناوی ... ئاوازوو کۆڕبەندەکە.

بینیم .پیاوێك.. .بەبێ دەنگی و.بەئارامی ئاوی دەریاکە.سەمای پێ دەکردوو....ئەمیش **بەزەردەخەنەوە. ..شیعری دەخوێندەوە.**

چەندجواندەیوت

دەستی هەردوکمان .. یەك ئاوبردی

دەستی تۆماسی ڕاودەکرد.

دەستەکانی منیش بەگۆرانی .. برینی ماسیەکەی تیماردەکرد

ئاخرماسیەکان...لەخۆشیداخەنی بوبون.. تاوس ئاساهەنگاویان دەنا.

تەواوی باڵندەکان . دەیان خوێندو. ئاوێتەی دەنگی ئاوازوشیعرەکانی شاعیربوبون.

شەپۆلی دەریاکەش کەسات ناساتێ. بەخێرایی. سەمایەکی. ئارامی. بەهەمووان دەکرد.

چرکە ساتی ژیانەوە بوو بۆ من . . هەروەها منیش بەدەر نەبووم لەو سەما ئارامیەی نێو دەریاکە. ئەو کەشە. بۆمن . بەختەوەریان پێ

بەخشیم... تە واوی ئاوەزم فراوان بوبو.... چۆن بەختەوەر نابم.. ئاخرئەوپیاوەی .. کە شیعرەکانی دەخوێندەوەو شەپۆلی دەریاکە. سەمای ژیانی. بەخۆی و شیعرەکانی دەکرد، علی پێنجوێنی بوو .... ئارامیەکی لەڕادەبەدەر باڵی کێشابوو بەنێو کۆڕەکەدا تەنها ئاوازی دەنگی شیعرەکانی شاعیرو شەپۆلی دەریاکەو ژەنینی شمشاڵەکەی قالە مەڕە بەر گوێ دەکەوتن.

دواجار کۆڕەکە کۆتایی هات.. شاعیرماڵ ئاوایی کردوو...لەتەك باڵندەکان وتەواوی ماسیەکانی نێودەریاکەدا ... بەدەم ئاوازی ژیانەوە ... بەرەو مەنزڵگای .. هیواکان. بەرەو ئاسۆ هەنگاویان نا.

هەرواش خەڵکانی نێوئەوکۆڕە . بڵاوەیان لێ کردو هەر کەسەو خەریکی هۆنینەوەی ملوانکە شیعری یاقوتی ڕژاوی شاعیر بوون تا بۆ ئەبەد لە گەردنی خەیاڵیانی بکەن. منیش لەشوێنی خۆم جوڵەم نەدەکرد .. چاوەکانم . بەتەواوی کردەوە .. بینیم چواردەورم .. هەمووی یاقوتی ڕژاوە.

زۆرخۆش حاڵ بوم....وتم ئای خودایە... کەوایە گەڕانەکەم بێ هۆ نەبوە کەواتە گەیشتم بەڕۆحی شاعیرو خامە ناوازەکەی .. .. وەبە دۆزینەوەی ئەو یاقوتانەش ئیدی.هەموو هیواکانم .. دێنەدی. بەگەیشتن لە حەقیقەتەکانی شاعیر.

ئاوی دەریاکە ... یاریان بەیاقوتەکان دەکرد ... بریسکەی هەناوی ئەویاقوتانە .. تەواو .. نێو دەریاکەیان کردبووە چراخان. . بەرچاوم ڕوناکی ڕوناك .. لە راستیدا هەموو شتێکم لەناو دەریاکەدا وەك یاقوت وێنا دەکرد.

لەدورڕا .. پەیژەیەکی ژیانم بینی .. .. بەرەو پیری ڕۆشتم..بەلا ئەوپەیژەیە...قەسیدەی(کاڵەبەی) شاعیربوو.. ..ئاخرهەرلەوپەیژەوە .. دەتوانرا..سەربکەوین..بۆ سەرەوەی دەریاکەو.. سروشت و ژیان ببینین.. .. ..پلە بە پلە سەردەکەوتم .. تا گەیشتمە کۆتایی.... لەناکاو سەرم کێشای بەئاوێنەی ژیاندا.. .. ..چەند دڵ ڕفێن بوو. لەنێو ئەو ئاوێنەیەدا .. یاقوت وباڵندەو.. ماسی وتەواوی جوانیەکانی ژیانم بوبە نسیب . کاتێکیش.. لەوگەڕان وسۆراغەم بەئاگاهاتمەوە..

بۆم دەرکەوت.. ..هەمووئەم گەڕان وو.بینیینی. بونەوەرەجوان وسروشتە دەریاکەشی. لەگەڵدا بێت.. ..ئەوە نامیلکەی(یاقوتی ڕژاوی) علی پێنجوێنی بووە...لەبەر دەستمدایەو .سەرقاڵی خوێندنەوەیم..

ڕێك وایە .. هەرمرۆڤێك .. بچێتە نێو ئەم نامیلکەیەوە.. ئەم گەڕان وخۆش نودیەی بەخۆی ڕەوا دەبینیێ..و .. ..تیشکی ئەوهەموو یاقوتە ڕژاوانەی شاعیر بەر ڕوخساری دەکەوێت.و تاوێکیش لە باخچەی ژیانی.

ڕۆحی شاعیر.. بەئارامی دەتوانێت لەنێو ئەو دەریا نامیلكە جوانەدا بۆ هەمیشە مەلە بكات تا دەگاتە مەنزڵی هیواكانی .

دواتر من توانیم ئەو یاقوتە ڕژاوانە بدۆزمەوەو وەك ملوانكە بیكەمە گەردنی خەیاڵم . . ئیدی لەوێوە گەیشتم بە ئاواتێك ئەویش لەنێو گۆزەی شیعرە یاقوتیەكانیدا بتوانم هەموو ئێوارانێك دڵتەنگیم تەڕ بكەمو تا زەردەی ئاوابونیش بە ئارامی وچانێك بدەم لەژێر داربەهێكانیداو پیاسەیەكی هێمنانە لە تەك نەرمەی بارانداو بەنێو كۆڵانی لاپەڕەكانیدا بكەمە دوایین ویستگەی ئارامی ژیانم.


تەنز
بەرهەم عەلی
چیرۆکەکانی
گەڕەکی
ئێمە

ئاوێنەی حەقیقەتەکانی مێژوو لەنێو چیرۆکەکانی (بەرهەم علی) دا

پێنوسێك ،بەدەم ئاوازی ژیانەوە ڕێگاکانی ژیانی دەبڕی.بارانی خوناویش وەك شەبەنگ تك تك دەچۆڕایە ناخی پێنوسەکەیەوەو بۆ هەر ڕێگاو سەفەرێك هاودەمی بوو.ئاخر ئەم پێنوسە،لە بەردەوامی (خەبات)دا، و لەهەناوی (ڕوناهی)دا، هەمیشە (گەشبین) دەینواند.پێنوسیك بەنێو ئاسمانی پاك و بێگەردی (هەولێر)دا. لێوان لێو بوو لەسامانی وشە.

بەدەم ڕێگای ئاسۆی ژیانەوە،وچانی نەئەداو بەردەوام بوو لە گەران بەدوای حەقیقەتەکاندا.تا ئەوەی بیکاتە (بیرەوەری گەنجانی کوردستان)هەناسەیەکی ئارامی دەدا و بەشێوەیەکی تەنز ئامێز (پشیلە چاو بەڵەکەکانی) وڵاتی دەنوسیەوە.ئاخر ئەم پێنوسە پێنوسێك بوو جیاواز دەگمەن.بێوێنە کە بووبوە.(ئاوێزە)و من و تۆ و ئەوانی دەنوسیەوە تا لەگەڵ خۆی لەدۆزەخی نا هۆشیاری قوتارمان بکات و بمان گەیەنێتە ئاسۆیەکی ڕوون.کە بۆئەوەی بزانین هەم جوانی گوڵێك ببینین و وە دواجاریش پێکهاتەکانی بزانین.خودایە چەندە ناوازەو دڵ ڕفێن بوو.ئەو سەفەرەم.لەتەك ئەو پێنوسەدا.شنەبای ئارام و سەمای گەڵای دار سنەوبەرەکانیش لەولاوە بوەستێ کە لەسەر ڕێگاکان بوون.هەمووان سەمایان دەکرد وپێ دەکەنین.باڵندەکانیش بەئاسمانەوە بەشێوەیەکی خۆشحاڵی و ساترەئامێز دەیان خوێند. کە ئەندێشەی مرۆڤی سەراسیمە دەکرد.ئاخر ئەو ڕێگایە پڕی ژیان ولێکدانەوە بوو .بۆ

خۆ ناسین ..لێوان لێو بو لەتراژیدیاو کۆمیدیا لەژیان و مەرگ. لەجوانی و ناشیرینی. لەهەموو جۆرێك کە بەئاستەم دەتوانرا چاوەکانت لێك بنێیت...لەسەر ئەم ڕێگا نەمریە کە هەموومانی دەگەیاندە ئاسۆ لەبن دار عەرعەرێکدا پیاوێکم بینی پیاوێکی دەگمەن کە زیلانی دار عەرعەرەکان سەریان نەوی کردبوو بۆ سەر سەری بۆئەوەی ببنە سایەی ئارامیەکانی.. ئەو پیاوەی کە بینیم جەنابیان (عەزیز نەسین) بوو.کتێبێکی بەدەستەوە بوو دەیخوێندەوە پرسیم لێی ئەم کتێبە چیە ؟ و کتێبی کام نوسەرە؟ وا بەعەشقەوە چوویتە ناخیەوە.(عەزیزنەسین) زەردەیەك گرتی و کتێبەکەی پیشان دا م.لێی نوسرابوو (چیرۆکەکانی گەڕەك) بەپێنوسی (بەرهەم علی) هەناسەیەکم هەڵکێشاو بە زەردەیەکەوە وتم:مامۆستا زۆر ڕۆچوویتە ناو ئەم کتێبەوە .مامۆستا نەسین:هەروا بەدەم خوێندنەوەی کتێبەکەوە بێ ئەوەی کتێبەکە دابخاتەوە بەمنی وت:ئاخر لەوە ئەچێ لەناوازەیی و جیاوازی ئەم کتێبە بەقەدەر من تێی نەگەیشتبن..ئاخر ئەمانەی لەم کتێبەدا نوسراون.بۆئێوەیە بۆ مرۆڤایەتی ئەم کتێبە پێمان دەڵێت: وەك(چارلی چاپلن)بن کە چۆن دەیویست لەڕێگەی زەردەخەنەکانیەوە.مرۆڤایەتی بهێنێتە گریان..نەسین بەردەوامی بە قسەکانی داو وتی ئەم کتێبە پێمان دەڵێت:کە موخاتەبەی عەقڵ بەکۆمیدیا دۆزینەوەی ڕێگا ڕاستەکانە،تا بەسەر چەوتەکاندا زاڵ بین.هەناسەیەکی هەڵکێشا و زۆر بە خۆشحاڵیەوە بەمنی وت:برۆ گەر دەتەوێت ئەم کتێبەو بەرهەم بناسیت. بەردەوامبە

لەسەفەرەکەت و گەڕان بکەرە وا وێستگەت تا ئەم کتێبە بەباشی دەناسیت .با چاوو هزرت والاّ بێت تا لەنێو ئەو گەڕەکانەدا بەم پێنووسە ئاشنا دەبیت. کە هەموان لەپشتیەوە هەنگاو هەڵدەگرن.هەر کە وای وت: ئنجا زانیم ئەو پێنوسە دەگمەنەی کە من عەودالّیم و بەدوایەوەم.پێنوسەتەنز ئامێزەکەی کاکی نوسەر (بەرهەم علی)یە کە چیرۆکەکانی گەڕەکی وەك مێژوو پیّ تۆمار کراوە.

منیش هەروا بەخۆشحالّیەوە،لەتەك ئەو پێنوسەدا هەنگاوم دەنا.لەگەلّ بڕینی هەر ڕێگایەکدا گەلاّی دارێك دەبووە چیرۆکێك.. ئازاری شارێك دەبوە وابەستەی بیرکردنەوە لەژیان و پەلی دەهاویشت بۆ چیرۆکی گەڕەك و گوند و ئاوایی و ناوچە بەناوچەکە بینیم لەهەموو سەرتاشە بەردێکی سپی کتێبی چیرۆکەکانی گەرەك دانرابوو کە چوار دەوریان پڕی گولّ و گولّزار و لالەزار بوون.خەنی بوون لەقاقای پێکەنین بەلاّم لەناخیاندا هەست بەگریان و سیس بوون دەکرا.سەفەرێکی تایبەت کە هیچ سەفەرێك هاوتای نەبوو.بەردەوام بووم لەرۆشتن هەرواش پێنوسەکەی (بەرهەم علی)بیّ ئەوەی وچانێك بدات.بەردەوام بوو لەهەنگاوی داهێنان بەدەم هەنگاوی ئاراستەجوانەکانی ژیان و تۆماری هەنگاو بەهەنگاوی ئەو مرۆڤانەی کە ئەم کردونیە کارەکتەرێك پڕ لەسەرکێش و نەهامەتی و ڕێڕەوی ژیان کە بونەتە هەنگاوی جوامێرانەی نوسەر کە هەوای نەسیم و ئاوی سازگاری بناری چیا و تولەڕێگەی ئاوایی زێویّ بگرێتەبەر بۆئەوەی گولاّلەو هەوێنی لەدایك بوونی چیرۆکەکانی

ژیانی بەجوانی چاویان هەڵ بێنن و لەنێو نزارو رایەخی چیمەنی پێدەشتی ئاوایی بە زایەڵەی دەنگی پێمان بڵێ من ژیان دەنوسمەوە.

ئاخر لەنێو حەقیقەتی ئاوێنە تیوارەکاندا چیرۆکەکانی ئەون زادەی ئازار و بیرەوەریەکانی سالانی ڕابردووە بێگومان هەوێن گەلێکی سەردەمی زێڕین. جیلێکی ئاڵتونی.. بیرکردنەوەیەکی نایاب. هەناسەی ئارامی.بۆ هەنگاوی ڕابردوو کەبۆتە زادەی چەندەها هەنگاو لەمەڕداهاتوو.. هەموو ئەمانە بوونەتە فۆڕمی (چیرۆکەکانی گەڕەك)کە بوونەتە سەرچاوەی ئاوازێکی فراوان و خەیاڵێکی استاتیکیانە کەئێمەی خوێنەر وەك هەر هەنگاوێك بەئارامی ڕۆبچینە هەناوی بیرو هزری نوسەرەکەیەوە.

ئاخر لە نێو زۆربەی چیرۆکەکانی گەڕەکدا.. نوسەر دەبێتە کارەکتەرێکی کۆمیدیا کە هەناوی لێوان لێوە. لەتراژیدیا و خەم هەڵگرتووی ژیان و ئەم سەردەمە جەنجاڵە و کایەکانی ژیان.کە چەرخی سەردەم هەموو شتێکی ئاوەژوو کردۆتەوە .. نووسەر لەگەڵ زۆربەی بەسەرهات و ڕوداوەکاندا ژیاوە و زۆربەی گێڕانەوەی ئەو چیرۆکە ناوازانەکە بەرجەستەکراوی واقیعن بوونەتە سیمبولی واقیعە تاڵەکانی ژیان،نوسەر یاخود خۆی بۆتە کارەکتەر یان ڕووداو گەلێکی تۆمارکراوی بەچاوی خۆی وێناکردوەو لەنزیکەوە دیویەتی. ئاخر هەر لەتوانا و سەلیقەی ئەم نوسەرەدایە.کە تەواوی بینراوەکانی نێو ئەو گەڕەکەیان و سەردەمی ژیانی لادێ و شارو کەسەنزیکەکانی بۆتە هەوێنی بەرهەم گەلێکی جوانی پێنوسێکی دەگمەن کە خاوەنی ئەم پێنوسە(بەرهەم علی)یە .کە زۆر بە سەلیقەوە توانیویەتی

گێڕانەوەکانیمان بۆ بکات بە وێنە.ئاخر ڕێبازی سۆز و نوسینیان زۆر جیاواز هزری هەموو مرۆڤێك دەبزوێنێ .. ئەو کەسایەتییەکانی نێو چیرۆکەکانی گەڕەکی ئێمەی لێك نزیك کردۆتەوەو هەر یەکەو بە دەرد و ئازارێکی ژیانەوە.وا بەستەن بۆیە بەرهەم گەلێکی جوانی چیرۆك بەرۆح وێنا دەکرێت.لەناو وێنەو فلاش باکی چیرۆکەکانی بەرهەم علی دا.هەر ئەوەشە کاتێك خۆت و خەیاڵت ئەدەیتە دەست ڕوداوەکان.ئیدی تۆی خوێنەر بەدەر نیت لەو ڕوداوانە.

ئەو گەڕاوەو گەرەك بە گەڕەك و کۆڵان و گوندوئاوایی بۆ دۆزینەوەی نهێنی یە دەروونیەکانی مرۆڤایەتی ،کەسایەتیەکانی نێو چیرۆکی گەرەکەکەمان پڕن لەکێشەی ئاڵۆزو گیانی و دەروونی .یاخود نادیدەو ناهۆشیاری تا ئەگاتە ئەوەی لەنێو ئەو بابەتە ساترانەیدا بە جۆرێکی دی تەفسیر بۆ ژیانێکی واقع بکەین.

(بیتەر ڤایس) دەلێت:پێویستە هونەر یان نوسین خاوەنی توانایەکی ڕەها بێت کە بتوانێت ژیان بگۆڕێت ئەگەر نا ئەوا چ توانا و چ ئامانج بزر دەبێت .ئاخر چیرۆك زادەی وا بەستە و مەبەستە لەڕووی کەڵك لێ وەرگرتنی ڕوداوەکانی ژیانەوە.هەر بۆیە نوسەر نوێنەری ڕەوتی حیکایەتەکانی سەردەمی ڕابردووە کە هەڵگری ناسنامەی ئێستا و گەڕانە بۆ ژیانی ئێستا و ئایندە.

بەرهەم بە نوسینە تەنزەکانی خوێنەر کەمەند کێش دەکات نێو ڕوداوەکان. بێ ئەوەی بەخۆمان بزانین بەخێرایی دەبینە کارەکتەرێك لەنێ هەنگاوی ئەو گەڕەکانەدا کە لێوان لێون لەچیرۆکی ڕاستەقینەو وە بە حوکمی ئەم بارودۆخە و هەنگاوی ڕۆژگار هەمومان بەدەرنین لەنێو ئەو چیرۆك و خەیاڵە ناوازەیەی(بەرهەم علی)دا کە هەم ئالۆزی ژیان و شڵەژان و چەق بەستوویی و خۆ نەناسینی خود.دەبێتە بەشێك لە ئارەزووی دژبەیەك و نا دیدەیی و خۆ هەڵخەڵەتاندن لە مەڕ جوانیەکانی ژیانداو گێڕانەوەی ڕوداوەکان وەك تەنز ڕاپێچمان دەکات.بۆنێو لاپەڕەی گەڕەکەکان.دواجار دەمان گەیەنێتە ئامانجێك کە بریار و چارەسەرو تەنگەژەی ژیان بکەینە دوا وێستگەی برکردنەوەو تێڕامانمان.

نوسەر بەزمانێکی پاراو و گێڕانەوەیەکی سادە بەسەرهات و ژیان وڕوداو گەلێك بەرجەستەدەکات.دەشێت ئێمە بەسانایی لەخودی ئەو چیرۆکانە بگەین.بەلام بۆ لێکدانەوەی ڕەهەندێکی پڕواتا.. دەبێت خۆمان ئامادەکردبێت و ئەندێشەمان فراوان بکەین تا ئەوەی ڕۆدەچینە نێو کرۆکی واتا و پەیامەکەی.ئەو جوان دەنوسێت ئاخر هەڵگری زمانی پاراوی دایکیەتی ئەو هەموو دیمەنەکان بە وێنەوە دەنوسێت ئاخر ماندوو بوون وکارکردن و چەرمەسەری ژیانی بوونەتە پاشخانێك کە بەچاوی خۆی ڕوداوەکان تۆمار بکات لەهەناوی دڵیدا..کەش و هەواو شنەبای سازگاری سەرچنار و داری قەد باریکی ئەرخەوان و سەمای گەڵاکانی چڕی داری هەمەجۆرو لەرینەوەی گوڵ و گوڵزاری باخچەکانی بوونەتە

فراوانی هزری.. تا ئەوەی لەنێو حەزی واتا و تێفکرینی ببیتە تیڕامان بۆ بیرەوەری و بەسەرهاتە ریالیزمیەکانی... ئای خودایە چەند دڵگیر بوو بۆمن کە لەنێو هەناوی (چیرۆکەکانی گەڕەکدا) ئەو هەموو کەسایەتیە ناوازەیەم بینی کە سەرقاڵی خوێندنەوەی کتێبی چیرۆکەکانی گەڕەك بوون و لەگەڵ هەر تەواو بوونی چیرۆکێکدا سڵاوێکی ڕەزامەندبوونیان دەنارد بۆ پێنوسەکەی نوسەر.

ئاخر ئەوانە کەسانی ئاسایی نەبوون.سمبولی ژیان و تێڕامان بوون .)کەڵەپیاوی وەك (مۆلەر)(و،)(گۆگۆل) تا دەگات بە (فرانسیسکۆ زۆر باران). هەر هەموویان لە ژێر سایەی ئەو نەرمە بارانەدا کتێبەکەیان نابووە سەر دڵیان و هەر کەسێك بەو ڕێگایەدا گوزەری دەکرد پێیان دەگووت :تکایە،ئەم شاکارە بکەنە هەوێنی جوانیەکانی ئەندێشەتان من .بەردەوام بووم لەهەنگاوەکانم بارانیش نمە نمە دایدەکرد.هەموو ئەو هەنگاوە رۆحیانەی تەڕو پاراو دەکرد.جگە لە قاقای ناخەکان،کە وەك ئاوی ئەو بارانە وەك ئەسرین دەرژایە ناخ...ئیدی گوێ بیستی (کەڵەشێرەکەی نەنە بەسێ) بووم.(کە وا دیار بوو هەمووانی ئاگاداردەکردەوە کەوا پێنوسەکەی بەرهەم علی بەدەم سەمای ژیانەوە تاوێکی تر دەگاتە ماڵی دڵ (شوانی قازەکان)بە هەمووانی ووت: بە حەیا بێنە حزور و بە ئەدەب سوژدە بەرن.(ئێرە هەناوی شاکاری) بەرهەم علی یە.ئێرە قاقای هەڕەمەکی و خەرابات نیە).لە دێرێکی شاعیری گەورە(سالم) وەرگیراوە بەدەم تێڕامانەوە گەشتینە مەنزڵگای

حەقیقەتەکان زۆر جوان و بەڕێزەوە کورەکان(شـێخ سـەفەر)و خوشـکانی باجی عەتیّ(و)زولفـەقار(و)صـالحی شروبی)پێشـوازیان لـیّ کـردین منـیش هەنگاوەکانم خێرا تر کرد چیم دی! .پێنوسێکی زەردەخـەناوی دەگمـەنم بـینی.کـە هاوسـەفەر بـوو لەتــەك بەسـەرهاتەکانی مــەلای مەشهورەدا.دەنگێکی پڕ ویقار و پێکەنیناوی دەهاتە بەر گوێم کە سات نا ساتیّ بە پێنوسەکەی دەوت تەنها تۆیت دەتوانیت هـاوڕیّ و هاوسـەفەرم بیت.ئاخر هەر من دەزانم کە چەند ناوازە و دەگمەنی ئەو دەنگە دەنگی(مەلای مەشهورە) بوو.

ئاخر ئەوە جورئەتی نوسەرە کە زۆر لێزان و بوێرانە خۆی داوە لەقەرەی چیرۆکی تەنزئامێز کە هەر کەسێك بەسانایی ناتوانێت جڵەوی ئەم جۆرە نوسینە بگرێتـە ەست و بتوانێـت بیکاتـە تابلۆیـەکی نـەمری ژیـان کـە چوارچێوەی تابلۆکە پێکەنین ئامێزوبەڵام ناخ و باکگراوندی ئـەو تابلۆیـە پڕ لەئەسرین و گریاناوی..نوسەر لەخودی خۆشەویستی ڕەهای بۆ ژیان و تۆماری ڕۆداو گەلێك و بەئاگاهێنانەوەی کۆمەڵگای نوستوو بیّ خەبـەر .. خۆشەویسـتی خـۆی دەکاتـە (سـەردەمی عـەقلّ سسـتی) و دەیکاتـە چیرۆکێکی درێژ کە ڕێچکەکانی پڕن لەحیکمەت و ئاگایی و واتای ژیـان و دەرخستنی لایەنە جوان و ناشیرینەکانی ژیان...ئیدی من هەر بەدوای ئەو پپنوسـەوە بـووم تـا بـە حـزوری خـودی خـۆی چـووینە نێـو کـۆڕی هیواکانەوە.پێنوسەکەی هەروا لەنێو هـەناوی دڵـی هەمووانـدابوو مـەلای مەشهورە هات و خستیە سەر دەلاقەیەکی بەرز کە تیشکی خۆرەکە لەنێو

ئەو کڵاوڕۆژنەیەوە ئەوەندەی تر سەروسیمای ڕوناک کردبۆوە.. بەڵێ هەمان رێگا و هەمان وێستگە بوونە لالە و وەك چراخان بەئاوێتەی بارانەکە بوو بوونە سیمبولی ژیان.بۆ پێنوسەکە و بۆ خودی نوسەر .بەڕاستی لەنێو هەناوی ئەو چیرۆکانەدا کەرنەڤاڵێکی تەنز ئامێز بوو بووە سەرقافڵەی هەنگاوی ژیان .

(عادلەشێت)یش لەولاوە بوەستیٚ،کە بەەم جوڵە نائاساییەکەیەوە زوو زوو دەیوت:عادل ناکەن بە عەسکەر کە هەمووانی خستبووە خۆش نودیەوە بەڵام کە ناخیمان دەبینی لەڕێگەی چاوی پێنوسەکەی نوسەرەوە دەبووینە دێوانە بۆی (سڵەو چڵە)ی براشی دەبوونە ئاوێتەیەك لەڕوداوەکان (ئیسماعیلەکان)یش لەولاوە بووەستێت.کە بووبونە سەردێری چەندین جار خوێندنەوەی خۆیان لە مەڕ خوێنەر.. ئەی (قوربانی و نەبات) بۆ نالێی ئەی (رەحیم بار بەر و سەبە سیلاوەی و خانمی ئەسەدی و شاهینی شەو لەبان و سەعدونی موزەمید و تەقی حاجی باقی و حەسەنی مارەوان)تا دەگاتە(وەهاب وقەحتانی سەرمەست) ئای کە جوان و پڕ لەحیکمەتن.هەموو ئەمانە بو بونەهاوڕێی پێنوسەکەی... (موبارەك)یش جارناجاریٚ دەهاتە گۆ و بەدەنگی بەرز دەیووت:پیرۆزتان بێت کە ئامازەیەك بوو بۆ تەواوی خوێنەر کە بەدڵ پیرۆزبایی لەم پێنوسە جیاوازە بکەن .ئاخر هەموو ئەمانە لەنێو چاوی کامێراکەی چاکەتەکەی(هادی شێخ مشکور)ەوە بوون کە دەبوونە وێنە گەلێك و دواجار هەموویان ڕووی خۆیان بەشێوەیەکی تەنزاوی ئاشکرا

دەکرد.ئیدی هەموو کەسایەتی یەکانی نێو ئەو کەرناڤاڵی کتێبەدا زۆر بەدیقەتەوە دەیان ڕوانیە ئاوێنەیەکی ..گەورە ..کە پێیان دەووت:ئاوێنەی ژیان..سەیرەکە لەوەدابوو هەر یەکە لەو کارەکتەرانە بەشێوەیەکی جیاواز تر خۆی دەبینیەوە.تا ئەوەی (بەرهەم علی)بەدەستەماندوەکانی پێنوسەکەی لەسەر دەلاقەکە هەڵگرت و ئاوێنەیەکی جیاوازی نوسیەوە کەپێیان دەوت:ئاوێنەی حەقیقەتە تاڵەکان دواجاریش هەموویانی کۆکردەوە و خستنیە نێو ئەو ئاوێنەیەوە و کردنیە چەندەها چیرۆکی جیاواز بۆ مێژوو.. ناویشی لێنا(چیرۆکەکانی گەرەك) منیش دوای ئەوەی ڕۆچوومە دانە بەدانەی نێو ئەو چیرۆکەکانەوە و تەماشای ئاوێنەکەم دەکرد.ئەی هاوار چەندەها مرۆڤی سەیرو سەمەرەم بەدی کرد.لەنێو ئەو ئاوێنەیەی ژیاندا.تا ئەوەی تەواوی ئەو ئاوێنەیە.یەك حەقیقەتەی پیشانی مندا .کەبینیم نوسەرە و پێنووسەکەی بەدەستیەوە گرتوەو سەرقاڵی چیرۆکەکانیەتی دواجار گەشتمە ئەو قەناعەتەی هەر کەسێك بیەوێت بەباشی خودی خۆی بناسێت و ژیان جوانتر بکات و بۆ کۆمەڵگاکەی بژی نەك بۆخۆی دەبێت.بڕوانێتە ئەو ئاوێنەیەی کە وێنەی پێنوسەکەی (بەرهەم علی) تیایدا نەخێشراوە.کە جیاواز خۆی نمایش دەکات بۆ مێژوو .



ڕەوسە
پەندی ژیان
گوڵچن
نوسینی
محمد جزا عبدالله
٢٠١٨

دیداری خەونێکی ئەرخەوانی

گوڵچن و پیرەمێردی نەمر . . لە گوڵزاری رۆحی شاعیردا

ئەوە ژوانی ژیان ناسی شاعیرە . . لە دیدگای شیعرو پەندەکانیدا . . کە هەموو سبەینانێ . . زۆر بەهێمنیەوە . . بە چەند دانە پەڕاوی سپی وەك هزری و . . خامە دەگمەنەکەی نێودەستی. . دەچێتە سەر گوێسەبانی نێو هەناوی پاکبوونەوەی . . .جەستەو رۆحەکان . . .چاوی دەبڕێتە تکەی بارانەکەو بە ئارامی دەڵێ . . تکایە بە خوڕ مەیەرە خوارێ . . تکایە هێمن بەرەوە .

تۆ کە دەتەوێت. . هەموان فێری هێمنی بکەیت .

بەسەر لاشەمدا . . بە ئارامی بباریێ و . . بەنێو رۆحمدا رۆبچۆ و لە جێژوانی مەنزڵگای حەقیقەتەکاندا ئارامیەکان بپارێزە.

تنۆك . . .تنۆك . . .بەنێو شادەمارەکانمدا گوزەر بکەو تاوێك ئۆقرەیم پێ ببەخشە. بۆسەر لە نویێ ژیانێکی ئارام گرتوو . . ئەی نازانی لەهەر دڵۆپێکت بۆ ڕوخسارم ، ڕوخساری ئارام و تەڕبووم . . بیرکردنەوەیەکە . . .بۆ شیعرێکی نویێ. . .بۆ پەندێکی نویێ ی زەمانە.

تەماشاکە . . .گرێ ی هەگبەکەم والآکردووەو . . وشەی ناو هەگبەکەم چاوەڕوانە تا پڕ پڕی کەیت لە خۆت و . . .ئاوێتەی وشەکانم بێت بۆ ئەوەی پێکەوە سەمایەك ساز بکەن بۆ رۆحی یارانی سەردەم.

بێ شك . . .بە حزوری تۆیە. . .ئەی بارانی هاودەم و هاوسۆزم . . ئاخر ئەوە تۆی بە یەکسانی دادەباریتە سەر ئەندێشەکان . . بەهۆی تۆوەیە کە دەتوانم بنوسم و تێ فکرم بەرەو داهێنانی ئەبەدی ووشەکانم لە قالب بدەم و بیکەمە دیاری جەژنانە بۆ دڵە پڕ لە حەسرەتەکانی مێژوو. . ئاخر مەولانا وتەنی. . .

دڵم تەنگە. . تەنها بە دیداری تۆ تیمار دەبێت . .

گوڵچن هەموو جارێك . . ئەم دێڕەی دەبەخشیە دڵی ماندووی بۆ تیماری کێڵگەی دڵی و بە چەند ووشەیەکی هەڵقوڵاوی ناخی ئاوی دەدا. . بۆ ئەوەی بەردەوام لە چرۆدا بن و ببێتە ئاوەدانی ناخی پڕ لە حەسرەتی .

ئا لەو تێڕامانە رۆحییەیدا، سەیری سروشتی دەکردوو هەناسەیەکی ئارامی هەڵدەکێشاو بە خۆزگەوە دەیوت.

تەماشاکەن ئەو دار شۆڕەبیانە چۆن خۆیان نمایش دەکەن و شنەی شەماڵ سەما بە گەڵاکانیان دەکات . .

گوڵچنی شاعیر جیهانێك لە وێنای ژیان و عیشق و ئازادی وێنا دەکرد بۆ نەمری یادەوەریەکانی .. عەقڵی ناوازەی ئەو جیاواز بوو لە هەر جۆرە بیرکردنەوەیەکی بونەوەرانی دی . . تا ئەوەی وەك زایەڵە پڕ بە گەرووی هاواری دەکرد بۆ جوانیەکانی ژیان .

خۆزگە ئەمزانی پەیکەریان بۆ بکەم .

نەك بە دوو وشەی نێو ناخم . . .دڵی خۆم خۆش کەم.

شاعیر. . .باش دەیزانی بە هزرو ئەندێشەی روماڵی جوانیەکان بکات. . .لەنێو ئەو ڕوماڵەدا بچێتە کرۆکی ڕێگاکانی ئەبەدی و ژیان بە جۆرێکی تر تەفسیر بکات.

ئەو هەمیشە جیاواز بیر دەکاتەوە لۆژیکانە خامەکەی دەکاتە خەرمانی روماڵ کردنی جوانیەکان.

ئاخر شاعیر هیواخوازە یەکبوایە .

کەچی بێ دەرەتانی و حەسرەت کێشی زەمانە. . .دەبنە پاشکۆیەك بۆ خەونەکان.

ئەوەتا لە خانەی سفردا خۆی دەبینێتەوە.

بەڵام . . لە شیعرو ووشە جیاوازەکانی کە هەڵقوڕاوی ئەفراندنەکانێتی . . بە داهێنانەکانی و بەردەوام بوونی بۆ ئیستاتیکای ژیان . . ئەو دەبێتە وانەی حیکمەتەکان بۆ هەمووان و دەبێتە مایەی خۆشحاڵی کە شاعیر بەو سفرە چاوی بە یەك دەکەوێت لە خانەی دەیاندا .

مامۆستا حەمە جەزا. . لەنێو ساباتی چڵە نێرگزەکاندا . . .بە ئارامی ڕێ تەی دەکات. . .تاوێك. . .بۆن کردن. . .ساتێك. . .تێڕامان. . .مودەتێك بیرکردنەوە . . چەند ساتێك نوسین کە بە بەهاراندا. ووشە نێرگزیەکانی

خۆی نمایش دەکات و پێمان دەڵێت پەلکەزێڕینە پێش باران نابێت ئەگەر چاوانمان لێڵ و دڵمان تاریك بێت.

وە هەر ساتێك گوزەر دەکەین بەنێو شیعرو پەندەکانیدا هیوایەك بەدڵمان ئەدات.

کە ڕۆ دەچینە نێو سایەی ووشەکانیەوە.

فرمێسك و خەندەمان بەیەکتر شاد دەکات ئا لەو ڕێگەیەوە دەبینە هاوڕێ ی پەپولەو گوڵەکان و . . ژوانێك. . لە میهرو وەستانێك لە میحرابی. . ڕستەکانیدا دەکەینە ژوانمان.

ئاخر پەپولە بە خەندە گوڵ دەناسێتەوە.

خونچە بە عیشق چاو هەڵدەهێنێ. . .هەر بۆیە مەرهەم و زامی ووشیار بوونی ئێمەش .

خەندەو خونچەو ئاوێتەی ووشەکانی جەزای شاعیرە. لەنێو هەستماندا، بوەتە ئارامیەکانی رۆحمان. . .چاوەڕوانی چاومانە. . .بۆ دیدگای . . .بیرەوەریەکان. . .چرپەی گوێیەکانمانە. . .بۆ بیستنی پەندە ناوازەکانی. . هەموو کاتیش بۆ بینینی(گوڵچن) دڵمان لەسەر سەد لێ دەدات. . هەنگاومان بەیەك دەبێتە سەدان بۆ دیداری ئەو. . ئاخر گوڵچن بە وێنە شیعرو پەندە ناوازەکانی وانەمان دا ئەدات . . ئێمە قوتابی و

جەنابیان مامۆستا. . شاعیر لەنێوانی . . پێنوسەکەی و شیعرە هەستەوەرەکانیدا. بە ئامادەبوونی شنەبای ئارام و تنۆك تنۆکی باران. وەك دار شۆرەبیەکان . . .سەما دەکات بۆ ئاوازی ژیان . . دواجاریش هەموانی سەراسیمە دەکرد. بۆ لەرەی رەوتی . ئەو دار شۆرەبیانەو . . .دەنگی نەغمەی ئاوازی ژیانیش چاو و گوێ یەکانی تێر تر دەکرد. . .ئەوەش بووبووە دوا ئامانجی دۆزینەوەی ڕێگای ڕاستی ژیان و هەمووان هەنگاومان دەنا بۆ دۆزینەوەی ڕێگای میهرەبانیەکانی.

کاتێکیش لە سپێدە ڕا . . خۆر دەردەکەوت . . رەنگەکان ئاوێتەی هزری شاعیرو ئەو مرۆڤانە دەبوون. کە چاویان تێر دەبوو بە دیتنی ئەم دیمەنانە.

ئاخر پەندەکانی حمە جەزا. لە شەونمی بەیانیاندا هەموو بەیانیەك خونچە ئەپشکوێنێ. . .شیعرەکانی . . .نیوەڕوانێ. . .وێنە ئەدەن بە ژیان و . . ئێوارانێك هەناسەکانی گوزەر دەکەن بەنێو پەنجەرەی دڵی هەمواندا . . ئیدی لەوێوەیە خونچەی پەندو شیعرەکانی شاعیر بە عیشقەوە چاو هەڵدێنن.

شاعیر زۆر شەیدایانە ڕۆژانی بیرکردنەوەکانی. . دەژمێرێ و . . ئارام ئارام . . وەك پەپولە بێ دەنگ و هێمن. . دەچێتە نێو گوڵ و گوڵزاری

باخچەکەی و دەست لە ملی پێنوسەکەی و دواجار چرای داهێنان هەڵدەکات و . . .دەبێژێت و دەنوسێت.

هۆ خەڵکینە. . .من گوڵچنم. . .پیاوە بێ دەنگەکەم . . .ئێوەش وەك من. . .هەمیشە ئارام بن و تێڕامێنن. . ئەی نابینن من لە جێژوانی حەقیقەتی ووشە نەمرەکان بە تەواوی تێڕادەمێنم. . .بە کاوەخۆ دەڕوانمە باگکراوندی ژیان. . بە ئەندێشەکانمەوە دەبمە هەڵگری نازناوی بێ گەرد. . .ئەوە نوسراوەکانمە کە بە خەندەوە. درك بە جوانی دەکەن بە ئەسرینەوە دەڕژێنە شادەمارەکانی مرۆڤایەتی . . بە حەسرەتەوە لە چاوەڕوانی بارانن .

شاعیر لەنێو بۆن و بەرامی ئەو گوڵانەدا کەرنەڤاڵێکی سازدابوو. . .کە شەوق و ڕەونەقی ژیان ئەو ڕۆژە بە جۆرێکی جیاواز بوو.

ئەو لە هەناوی (نەوای سازو) لە گەڕانی بۆ (ڕووماڵێك لە جوانی) و بەدەم چریکەی پەندی ژیانەوە گۆرانی خۆش نودی بە باڵای شیعرەکانیدا دەوت. . .و هاواری دەکرد.

زۆر گەڕام و . . .زۆرم بینی. . .تا گەیشتمە خۆم و خۆمم بینی. . .من بە نوسین دادەگیرسێم. بۆ ئەبەد . ناکوژێمەو ناکوژێمەوە بۆ رەها.

ئیدی حمە جەزا. . بە خەندەوە . . ساتی ئەو کەرنەڤاڵەی . . .تۆمار دەکرد.

لە هزنیداو . . .هاواری دەکرد. . .چەند جوانە من خودی خۆمم . . چەند نایابە . من ئاوێنە ئاسا ژیان و مرۆڤایەتی نابینم.

بەڵکو لە ناخمدا جوانی هەمووان دەبینم.

بارانەکە خۆشی کردبووە. . .کزە بایەك هەڵی کرد دەیدا لە ڕوخساری گوڵچن . . .سەروسیمای بێ گەرتر دەینواند.

چاوێکی خستەسەر گوڵ و گوڵزارەکان. . .وای هەست کرد کە ماڵئاوایی لێ بکەن و پێ ی رابگەیەنن. . .کە چەند ساتێکی تر ژوانێکی هەیە . . بەڵام ژوانێکی جیاواز و شکۆدار . . بۆ بینینی پیرە پیاوێکی بیرمەندو واتادار. کە لە مێژە بە حەسرەتە بە رۆحی نەمری ئەم پیاوە شاد بێت.

شاعیر هەستی کرد بەوەی هەرچی زووە . . سەردانی ئەو کەڵە پیاوە بکات. ئاخر دڵە کوتەی بوو. . .سات ناساتێ بەخۆی دەوت. . ئای گوڵچن . . چ رۆژێکی جوان و جیاوازە بۆ تۆ. . دەرونێکی پڕ سۆز بۆ بینینی خۆشەویستیەکی پیرۆز. . .کەواتە کات درەنگەو. . .دەبێت هەنگاو هەڵگرم . . .دەنا بێ بەش دەبم لەو ساباتی ڕوناکیەی ژیان. . لە دیتنی ئەو پیاوە ناوازەیە.

بەڵێ. . .شاعیر هەنگاوی نا. . .هەنگاوی خێراتر. . .وەك قوتابیەکی دێوانەی وانەکان. بە تامەزرۆوە بەنێو دار ئەرخەوانەکانی ڕاستە دیواری دالآنێکدا.

ڕۆشت. . .جار جارە بە ڕوخسارە بێگەردیەکەیەوە سەری بۆ نێو دیواری دالآنەکە بەرز دەکردەوە . . .بەڵکو بە خێرایی ئەو پیاوە بلیمەتە ببینێت. زۆر هێمنانە دەرگا دارینەکەی دالآنەکەی کردەوەو چووە نێو دالآنەکەوە کە پڕی گوڵی لالەزارو شەوبۆو نەسرین بوو.

بینی چەند قوتابیەك . . .بەبێ دەنگی دانیشتون و لە چاوەڕوانیدان . . گوڵچن بێ ئەوەی هیچ بڵێ چووە گۆشەیەکەوەو بە هێمنیەکەوە دانیشت. هەناسەیەکی. . .بە تاسەوە هەڵکێشاو بە هێوری وتی. . .ئاخۆ کەی تەشریفیان بگات. . من زۆر عەودالّم بۆ بینینی جەنابیان . . دەنگێکی زولاڵ و جیاواز. . .لەودیو دالآنەکەوە. . .هاتە بەر گوێ ی گوڵچن و تەواوی قوتابیەکان کە دەیوت.

من هیوام بە کەس نیە بێ باکم. . بە تەعنەی بەدکار ئەزانم چاکم.

گوڵچن کە گوێ بیستی ئەم پەندە بوو. . .گیانی کەوتە لەرزە. . .بەلاّم لە سەرو سیمایدا خۆشحالّ و خەنی بوو. . بە ئەسپایی بە خۆی وت

بەڵێ. . .کەوایە ئەو پیاوە شکۆدارە. . .خۆیەتی. . .جەنابیان پیرە مێردی نەمرە. . .ئەی هاوار کە بۆ من چەند لە بارو جوانە ئەمڕۆ. . خودایە سوپاس کە گەیشتم بە ئاواتەکەم . . تۆ بلێی بتوانم بە دیتنیان شاد ببم.

پیرەمێردی ئازیز هەنگاوی نا بەرەو لای قوتابیەکان و زۆر بە ئارامی دەستێکی هێنا بە پرچ و ڕیشە بەفر ئاساکەیداو . . بە گۆچانەکەی دەستی ئیشارەتی سڵاوی بۆ ئامادەبوان کرد. ئاخر گوڵچن هاتبووە ئەم کۆڕی فێرکردنەوە بۆ ئەوەی مەکانەتی زانین و زانیاری پەرە پێ بدات و بۆ مێژوو نەمر بێت.

شاعیر هاتبوو تا هەناسەیەکی فێرکاری و ژیان بەرجەستە بکات. لە تەك هەناسە زیندووەکانی پیاوە شکۆدارەکەدا.

تەواوی ئەو دالآنە. بووە کەرنەڤاڵی . . پەندو شیعرو پرسیار و وەڵام . . بێ دەنگیەك باڵی کێشابوو بە تەواوی نێو ئەو کۆڕەدا. . هەمووان شەیدای گفتاری پیاوە نەمرەکە بوون.

پیرەمێرد . . زەردەخەنەیەك بە ڕویدا هات و هەرواش چاوی بە هێواشی بەسەر قوتابیەکاندا دەگێڕا. . .تا ئەوەی ئاراستەی چاوە ماندووەکانی لەسەر حمە جەزای شاعیر راگرت و . . زۆر خۆش حاڵ بوو سەیرێکی خۆری پرشنگداری کرد. هەستی کرد . . بریقەدار و ئاوەڵایەو وای بۆ دەچوو ئەو تیشکی خۆرە بیەوێت یەکێك لەنێو ئەو قوتابیانەدا دەست نیشان بکات و بە پیرەمێرد ڕابگەیەنێت ئەو لەنێو هەموو ئەو قوتابیانەدا جیاوازە.

پیرەمێرد زۆر خۆشحاڵ بوو. . کۆکەیەکی بۆ کردوو بە حەمە جەزای ووت. . کەوایە ئێوەن هەنگاو هەڵگرتنی ڕێگا نەمریەکانی ئێمە. . بە روخسارتا دیارە . . دەتەوێت . . بەردەوامی بە ژیان بەیت و چاوەکانت پێم دەڵێن تۆ لەپێناو مرۆڤایەتیدا هەنگاو هەڵدەگریت . . خۆشحاڵم تۆ لە نێو ئەم کۆڕەدا دەبینم . . وەرە دەی گوڵچن چاوەڕێ ی چیت. . من دەڕۆم. بۆ سەفەرێکی زۆر دوور . . ئەم کۆڕی نێو داڵانە دەبێت ئێوە تەواوی بکەن بۆ ئەو قوتابیانە. نابینی خۆر چاوەڕێتەو تیشکەکانی ئاوەڵا کردووە بۆ حەقیقەتەکانی ناخت.

گوڵچن . . .بەم ووشە ئاڵتونیانەی پیرەمێرد . . سەراسیمە بوو . سەرتاپای گیانی گەرم داهات . . هەناسەی توند بوو بوو. . بە ئەستەم بە پیرەمێردی دەوت.

پیاوی شکۆدار و فەیلەسوف. . .ویستم تێ بگەم . . .کە هاتمە حزورت. . .خەندەیەك توانی. . .بنیات نێت ئاوات. ئەسرین لە چاومان . . بۆ وتەکانت بونەتە خوناو لە لێواری وشەکانت ڕێگە دەگرین بۆ ئەوەی وەك ڕۆندك بخزێتە نێو بینایمان .

ئاخر قوربان. . .من چۆن وانە بڵێمەوە. . .چۆن بتوانم لە حزوری ئێوەدا هەناسە بدەم.

پیرەمێرد. . .چووە لایەوەو دەستی گوڵچنی گرت و لە شوێنەکەی خۆی وەستاندی. . بە قاڵدرمەی داڵانەکەدا . . .چووە ژووری چاپخانەکەو دەرگای چاپخانەکەی بە تەواوی داخست. . .هاتە نێو پەنجەرە دارینەکەو . . .چاوی لەسەر گوڵچن و قوتابیەکان بوو.

بەڵێ . . گوڵچن شوێن هەنگاوی پیرەمێردی هەڵگرت . . ناخ و هزرو ئەندێشەی بووە بەردەوامی. چیرۆکەکانی ژیان بۆ پەندی زەمانە . . بە هەمان شێوەی پیرەمێرد سڵاوی لە قوتابیەکان کردو وانەی ژیانی پێ دەوتنەوە ئاخر ئەو قوتابیانە قوتابی سەردەم بوون. . .گوڵجنیش هەمان مامۆستای سەردەم بوو.

هەمان پێنوسی زێڕین. کە بووبووە سەرچاوەی ئیلهامەکانی . بە پەندێکی جیاوازو ناوازەی. . .کۆتایی بەو کۆڕە نەمریە هێنا کە پیرەمێرد تیایدا سەر قافڵەی نەمری بوو.

گوڵچن دەستە پیرۆزەکانی بەرز دەکردەوە بۆ قوتابیەکان و دەیوت. . شەتەك نەبن لە گەڕان. . .فێری دۆزینەوە بن . . .!! بۆ هەر کارێك دۆزیتانەوە . . .بەخشندەیی ئەبەنەوە.

گوڵچن دەنگی زوڵاڵی پیرەمێردی بەر گوێیەکانی کەوت. کە لەو دیو پەنجەرەکەوە چەند جارێك ووتی. . .ئافەرین. . .هەر بژیت . گوڵچن. . شاعیر هەستێکی وای لا دروست بوو . . دەتووت. . .دەریایەك هۆنراوەو

پەندی بەسەر جەستەیدا ڕژاوە . . بۆیە وەك دێوانە لە خۆشیدا بە نێو دالآنەکەدا دەهات و دەچوو.

تا ئەوەی. . بە دەنگی چەند شالورێك. . .لەنێو کەرنەڤالی گوڵ گوڵزارەکەی دەرونیدا بەئاگا هات.

گوڵچن هەناسەیەکی ئارامی هەڵکێشاو چاوێکی بڕیە تەواوی گوڵەکان . . دواین جار بۆی دەرکەوت. . .ئەم دیدارەی خۆی و پیرەمێرد خەونێکی ئەرخەوانی بووە.

دواجار شاعیر. . بە ئاوێتەی پەندو شیعرەکانی . . لەنێو ئەو خەونە ئەرخەوانیەی کە هەموو ڕۆژ بە نسیبی دەبوو . . چاوەکانی هەمیشە کراوە بۆ مێژوویەکی پرشنگدارو نیگاکانی خۆناسین . . وە هەر لەو نیگایەوە شاعیر . . هەموو ئێوارانێك هیوایەك لە وێناکردنی بەنێو دەروونیدا دەکردە دوا ویستگەو لەو ویستگەیەوە چاوی بە ڕوناکیەکی جیاواز دەکرد کە دەیدا لە ڕوخساری.

گوڵچن هەموو ئێوارانێك هەنگاو دەنێ. . هەنگاوی ئارامی. . هەر کە شەو دادێ بۆ بیرکردنەوەو گۆشەگیری . . نوسینەوەی ژیان. لە شا ڕێگای نێو هەناویدا. . هەنگاو دەنێ. . بۆ هەنگاوی نەمریەکان.

تا ئەوەی هەموو بەیانیانێك خۆر بە جوانی گزنگی بۆ دێنێ و بۆ هەر کارێکی نوێگەری سەرکەوتن بەدەست دێنێ. . .

وە لە هەموو مەودایەکی ڕۆژانەیدا بە هێزەوە دەنوسێت و لایەنە جوانەکانی ژیان دەخاتە بەرچاوی مرۆڤایەتی و . . دوای وچانێك دووبارە هەنگاو دەنێ و . . .سڵاوێکی دەگمەن لە زێوەری شاعیرو . . جەلالی میرزا کەریم و . . پاشانیش بە دیداری مەلا تۆفیقی بێ چاو ئاشنا دەبێت . بە حزوری ئەوانیش پیاسەیەکی ئێوارانی جیاوازو کۆڕێکی یادەوەری ساز ئەدات و ئیدی وەك پیشەی هەمیشەی ڕۆژانەی .دەنوسێت و هەر دەنوسێت تا ئەوەی هەناسەی ئارامیەکانی ئاوێتەی سروشت دەکات و بە عیشقەوە وچانێك لەنێو گوڵزاری پەندو شیعرەکانیدا ئەدات بۆ ئەوەی وەك هەمیشە لەنێو خەونە ئەرخەوانیەکانیدا بێ ماندووبوون ڕووماڵی جوانیەکانی ژیان لە خزمەت مرۆڤایەتیدا بەرجەستە بکات.

نووسەر لە چەند دێڕێکدا

- ناوی تەواو : ئازاد أكرم علی ناسراو بە (ئازاد پێنجوێنی).
- لەساڵی (١٩٨٥)ەوە بێ دابڕان لە کاری شانۆ و فلیم سازیدا وەك ئەکتەرو دەرهێنەرو سیناریۆ نوس کارم کردووە.
- لەزۆربەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا بابەت گەلێکم بلاوبووەتەوە و چەندین پێشەکیو خوێندنەوەم بۆ کۆمەڵێك کتێب کردووە.
- یەکەم بەرهەمم کتێبی (ئەو مرۆڤانەی دەگمەنن) (٢٠١٧) کەوتە بەردیدەی خوێنەران .
- دووەم بەرهەمم کتێبی (وێستگەی نەمری) کە پێکهاتووە لە (٥٤) کورتە چیرۆك. (٢٠١٨) کەوتە بەر دیدەی خوێنەران.
- سێیەم بەرهەمم: کتێبی (ئەو مرۆڤانەی دەگمەنن) زنجیرەی دوو، کە ئێستا لەبەردەستاندایە (٢٠٢١).
- کتێبی داهاتووم کۆمەڵە چیرۆکێکە بەناوی (نیشتمانی من لە کوێیە).

ڕێزو پێزانین

ڕێز و پێزانانیم بۆ بەڕێزان:

١. کاك فەرید ئەسەسەرد

٢. مامۆستا صالح شەرەفبەیانی.

٣. هونەرمەند مەریوان عومەر عارف.

٤. هونەرمەند بەکر محمد رەحیم.

٥. د. هەڤاڵ ئەبوبەکر.

٦. م. ئازاد تۆفیق.